# میر ئیڤان و گورگە بۆر

## ( کۆمەڵێك ئەفسانە و چیرۆك لە ئەدەبی گەلانەوە )

### گۆڕینی لە ئینگلیزییەوە

### محەمەد حەمەساڵح تۆفیق

## پـەیـڤـێـك

**خوێنەری بەڕێز:**

ئەم ئەفسانە و چیرۆکانەی لەبەردەستدان، زۆربەیان لە گۆڤاری سپۆتنیك sputnik ەوە ، کە لە یەکێتیی سۆڤیێتی جاران دەردەچوو، کراونەتە کوردی و بە درێژایی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لە ڕۆژنامەکانی هاوکاری و پاشکۆی عێراق و گۆڤارەکانی نووسەری کورد و کاروانددا بڵاوبوونەتەوە.

بەشی زۆریان ئەفسانەی گەلانی سۆڤیەتی جارانن و پڕن لە ئەندێشە و خەیاڵی ئەفسووناوین. بەشێکیشیان چیرۆکی میللیی منداڵانی هەمان ئەو میللەتانەن و چیرۆکێکی نیکۆلای نۆسۆڤی کەڵەنووسەری ڕووسی بواری چیرۆکی منداڵانی لەخۆ گرتووە. دووتوێی کتێبەکەش چیرۆکێکی ئۆسکار وایڵد و جەنگیز ئیتماتۆڤ و فازۆ عەلێیڤای لەخۆ گرتووە.

سەرجەمی ئەفسانە و چیرۆکەکان لە ئینگلیزییەوە کراونەتە کوردی و زۆربەیان وەك باسم کرد لە دە ساڵی 1980 – 1990 دا بڵاوبوونەتەوە و تیاشیاندایە بڵاونەبوونەتەوە. بە هیوام کۆکردنەوە و گەڵاڵەکردن و بڵاوبوونەوەیان لە دووتوێی کتێبێکدا لە پەرت و بڵاوی دەربازیان بکات و لە هەمان کاتیشدا کەڵکێك ببەخشێتە خوێنەری کورد.

محەمەد حەمەساڵح تۆفیق

تەمووزی 2004

# میر ئیڤان و گورگە بۆر

چیرۆکێکی ئەفسانەیی ڕووسییە

لە سەردەم و سەروەختی خۆیدا پاشایەك بوو ناوی بێرەندی بوو. ئەم پاشایە سێ کوڕی هەبوو ، کوڕە بچووکیان ناوی ئیڤان بوو. پاشا بەوە ناوی دەرکردبوو کە باخێکی یەکجار گەورەو ڕازاوەی هەیە و دارسێوێکی سەیری تێدایە و سێوی زێڕین دەگرێت. بێرەندی پاشا زۆر شانازیی بە باخەکەیەوە دەکرد، ڕاستیەکەی باخەکەش مایەی شانازی و خۆ پێوە بادان بوو. بەڵام ماوەیەك یەکێك فێری باخەکە بوو سێوەکانی پاشای دەدزی. پاشا بەم کارە زۆر ئاڵۆزو تووڕە بوو و پتر پەرۆشی ئەوە بوو کەوا سێوەکانی بەم جۆرە لە دەست دەچن. لەبەرئەوە بە شەو چەرخەچی و یاساوڵی دەرکرد تا دزە بگرن، لەگەڵ ئەوەشدا سێوەکان تا دەهاتن هەر دیار نەدەمان و دەدزران. پاشا لەبەر خەفەت ونیگەرانی دڵی هیچی نەبردو وازی لە نانخواردن هێنا.
بۆ دڵدانەوەی پاشا کوڕەکانی پێیانوت: باوکی خۆشەویستمان دلگران مەبە ئێمە خۆمان دزەکە دەگرین. کوڕە گەورە وتی: "هەر ئەمشەو خۆم یەکەم نۆبەتچی دەبم ودڵنیام کە دەیگرم". ئێوارە کوڕە گەورە بەرەو باخ بەڕێکەوت. لەوێ هەردەهات و دەچوو تا ئارامی لەبەربڕاو لەسەر گژوگیا نەرمەکە پاڵ کەوت وخێرا خەو بردیەوە. بۆ سبەینێ بەیانی زوو پاشا بەوپەڕی پەرۆشییەوە لە کوڕە گەورەی پرسی ئایا دزەی گرتووە یان نە؟ ئەویش لەوەڵامدا وتی: "نەخێر گەورەم، من بە درێژایی شەو بۆ چاوتروکاندنێکیش نەخەوتووم بەڵام هیچ کەسێکم نەبینی". بۆ شەوی ئایندە کوڕی ناوەنجی بوو بە نۆبەتچی و ئەمیش وەك برا گەورە تا بەیانی لێی خەوت.
پاشان نۆرەی میر ئیڤان هات، کە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە باوکی خۆشدەویست و گەرەکی بوو دڵی خۆش بکا بە گرتنی دزەکە. لەبەر ئەوە لەناو باخەکەدا دەستی کرد بە گەڕان، لێرە و لەوێ، بۆتاوێکیش چیە پاڵ نەدەکەوت ودانەدەنیشت نەوەك خەوی لیبکەوێت. کاتێ کە خەوەنووچکە دەیگرت بە شەونمی سەر گیاکە دەم وچاوی دەشۆرد. هەر کە نیوەشەو نزیك بووەوە میر ئیڤان بە سەرسامییەوە تەماشای کرد وا ڕووناکییەك لە نێو باخەکەدا دەرکەوت و تا دەهات بەتینتر و شەوقدارتر دەبوو تا وایلێهات سەرانسەر باخەکەی ڕووناك کردەوە وەك ڕۆژی نیوەڕۆ. ڕووناکییەك لە بەرچاوی ئەبلەق بووی میر ئیڤان نیشتە سەر دارسێوەکەوە و ڕوانی باڵندەیەکی ئاگرینەو وا کەوتە دەنووك لێدانی سێوە زێڕینەکانی ئەم ئێشکی دەگرتن. هەربەم سەرسامی و حەپەساوییەوە میر ئیڤان بە هێواشی لە دارەکە نزیك بۆوە و توند کلکی باڵندەکەی گرت. باڵندە خێرا هەڵپلایەوە تاخۆی لە چنگی میر ڕزگار کرد و هەڵفڕی بەڵام پەڕێکی نەخشینی بە دەستی میرەوە جێما.
بۆ بەیانی میر ئیڤان چووە خزمەت پاشای باوکی. پاشا بە دەنگێکی پڕ لە ئومێدەوە وتی:
– کوڕە ئازیزەکەم تۆ بڵێی دزەکەت بینیبێ؟
– بەڵێ بابە گیان ئەگەرچی نەیشمتوانی بیگرم. بەڵام دیارییەکی بچکۆلەم بۆ هێناوی، شتێ کە لێی بەجێما. دزەکەمان وا دیارە مەلێکی ئاگرینە!

پاشا بە شادمانیەوە پەڕەکەی وەرگرت، ئەوجا خۆشییەکی هاتێ و دڵی بۆ خواردن کرایەوە و هەر جارنەجارێ پەڕەکەی هەڵدەگرت و بە سەرسوڕمانەوە تەماشای دەکرد.

ڕۆژێکیان پاشا کوڕەکانی بانگ کرد و وتی:

– کوڕە ئازیزەکانم ئێوە زۆر بەختەوەرم دەکەن ئەگەر هات و ئەسپەکانتان سازدا و چوون بە دوای ئەم باڵندە جوانەدا تاوەکو بۆم بێنن". کوڕەکان کوڕنووشیان بۆ برد و خێرا ئەسپەکانیان زین کرد و بە دوای دەستخستنی باڵندەی ئاگریندا بۆی دەرچوون و هەر یەکەیان ڕێگەیەکی گرتەبەر. زۆری پێنەچوو میر ئیڤان تووشی چوارڕێیانێك بوو کە ئەم ئاگاداریانەیان لە سەر نووسرابوو:

– ئەو کەسەی ئەم ڕێگە ڕاستە بگرێ خۆی و ئەسپەکەی دەمرن.

– ئەو کەسەی ڕێگەی لای چەپ بگرێ خۆی دەمرێت و ئەسپەکەی دەمێنێت.

– ئەو کەسەی ڕێگەی لای ڕاست بگرێ خۆی بە زیندوویی دەمێنێ بەڵام ئەسپەکەی دەمرێ.

بەم پێیە میر ئیڤان ناچار بوو ڕێگەی لای ڕاست بگرێتەبەر و چەندی لە توانادا بوو ڕێگەی بڕی. کات هاوینێکی گەرم بوو و هەستی بە ماندوێتی کرد و پێویستی بە حەوانەوە بوو. بۆیە لە ئەسپەکەی دابەزی و بەستیەوە و چوو لە سەر سەوزەگیاکە لێی ڕاکشا تا کەمێك بخەوێ. پاشان کاتێ کە لەخەو هەڵسا ڕوانی ئەسپەکەی ڕۆیشتووە. ئەوجا لەپاش گەڕانێکی زۆر ڕێی لە ئێسقانەکانی ئەسپە دڵسۆزەکەی کەوت. میر ئیڤان لە بارودۆخێکی زۆر ناخۆشدا بوو. چۆن دەبێ بە بێ ئەسپ ڕێ بداتە بەر؟ بە پێیان؟ لەبەر خۆیەوە دەیوت: "بە پێیان؟ با وا بێت". بەم جۆرە ڕێگەی هات و نەهاتی ڕێگەی گرتەبەر و ڕۆیشت ڕۆیشت تا وایلێهات هێزی لەبەر بڕا و لە توانایدا نەما بجووڵێ، ئیدی لە سەر سەوزەگیاکە دانیشت و کەوتە تێڕامان لەم بەدبەختیەی. کاتێ چاوی هەڵبڕی بەجارێ واقی وڕما کە تەماشای کرد وا گورگێکی بۆر بەرەوڕووی دێ. گورگە بۆر پرسی:

– بۆچی میر ئیڤان وا بێتاقەت و نیگەرانە؟

میر ئیڤانیش لە وەڵامدا وتی:

– نیگەرانی و بێتاقەتی بۆ ئەمە نەبێ بۆ چی بێ؟ من خۆشەویسترین ئەسپم لەکیس چووە.

گورگە بۆر وتی:

– بەڕاستی جێگەی داخە میری بەڕێز، من خواردم و بەڕاستی زۆر بەداخەوەم. ناکرێ پێم بڵێی بۆ وا لە ماڵ دوورکەوتوویتەوە؟ باشە بەدوای چیدا وێڵی؟

– باوکم بە دووی مەلی ئاگریندا ناردوومی.

گورگە بۆر هاواری کرد:

– ئەی باوکەڕۆ! ئەسپەکەت هەرگیز نەیدەتوانی بتگەیەنێتە جێگا و ماوای ئەو باڵندەیە. تەنانەت بۆ ماوەی سێ ساڵیش ڕێتبکردایە، من تاقە کەسم کە دەزانم ئەو مەلە لە کوێ دەژی. من لەبەرئەوەی ئەسپەکەتم خواردووە بە ئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم کە ببم بە خزمەتکارێکی ئەڵقەلەگوێت. خۆم دەتبەم بۆلای ئەو باڵندەیە، بچۆ سەر پشتم و بە توندی خۆت بگرە.

میر ئیڤان پەڕییە کۆڵی گورگە بۆر و ئەمیش وەك یەکڕاست وەك تیر تێیتەقاند بە سەر دارستانی چڕ و سەوزدا، بە سەر چەم و ئاو و مێرگ و زنوێردا, بە خۆی و کلکی فشیەوە خشەی دەهات. پاشان گەیشتنە بەر دیوارێکی بەرز و بەردینی قەڵایەك و لەوێ وەستان. لێرەدا گورگە بۆر وتی: "ئێستا چاك گوێم بۆ بگرە میر ئیڤان، چیت پێدەڵێم و پێویستە چی بکەیت". گورگە بۆر زیاتر لە سەری ڕۆیشت و وتی: "بە دیوارەکەدا سەرکەوە، ئێمە لە کاتێکی زۆرباشدا

گەیشتین، هەرچی پاسەوانە خەوتوون. کە چوویت خانوویەکی بچووك دێتە ڕێت، لەبەردەمی پەنجەرەی ئەو خانووەدا قەفەزێکی زێڕین هەیە، باڵندەکە لێدەرکە و لە ژێر پاڵتۆکەتدا بیشارەوە. بەڵام دەبێ ئاگات لەوە بێت کە نابێت دەست لە قەفەزەکە بدەیت".

میر ئیڤان چی پێ وترا وایکرد. سەرکەوتە سەر دیوارەکە و خانوویەکی بچووکی بەرچاو کەوت لەگەڵ قەفەزێکی زێڕین لەبەر پەنجەرەکەدا. ئەوجا باڵندەکەی خستە ژێر پاڵتۆکەی و لەوەدا بوو بگەڕێتەوە، بەڵام هەرچەندی کرد پێی ڕێی دانەگرت بەبێ قەفەزەکە بێتە دواوە و ئەوەندە جوان بوو دڵی نەهات بە جێیبێڵێ. لێرەدا ئامۆژگاریەکەی گورگە بۆری فەرامۆش کرد و پەلاماری قەفەزەکەی دا. بەڵام هەر ئەوەندەی دەستی بەری کەوت خێرا غەڵبەغەڵب و هەرایەکی سامناك پەیدابوو و بەجارێ زەندەقی برد. لە قەڵاوە دەنگی تەپڵ و کەڕەنا بەرز بووەوە. هەرچی پاسەوانە لە خەو ڕاپەڕین و میر ئیڤانیان گرت و بەکێشیان کرد بۆ لای ئەفرۆن پاشا.

ئەفرۆن پاشا لە تووڕەییدا چاوی پەڕییە تەوقی سەری و قیژاندی بەسەریدا: "تۆ کێی! لە کوێوە هاتووی؟" میر ئیڤان بە لووتبەرزییەکەوە وەڵامی دایەوە: "من میر ئیڤانم و کوڕی بێرەندی پاشام".

– چ شوورەییەکە! میرێکی شکۆدار دزی بکات.

میر ئیڤان بەرپەرچی دایەوە:

– کەواتە، ئەی تۆ بۆچی باڵندە ئاگرینەکەت دەنێری سێوەکانی ئێمە بدزێت؟

لێرەدا ئەفرۆن پاشا کەمێ هێور بووەوە و وتی:

– ئەگەر تۆ بە ڕێز و حورمەتەوە بهاتایەی من ئەم مەلەم لەبەرخاتری ڕێز و شکۆی بێرەندی پاشای باوکت پێشکەش دەکردی. زۆرباشە من دەتبەخشم ئەگەر بتوانی خزمەتێکم بکەی. لە وڵات و مەملەکەتێکی زۆر دوور کە لە ژێر دەسەڵاتی کۆسمان پاشادایە، ئەسپێکی یاڵ زێڕین کە لە جوانیدا لەوێنە و هاوتای نیە لە تەویلەکەیدایە، ئەگەر تۆ ئەو ئەسپەم بۆ بدزی و هێناتەوە من باڵندەی ئاگرین و قەفەزە زێڕینەکەیت دەدەمێ.

میر ئیڤان بە نائومێدی گەڕایەوە لای گورگەبۆر و ئەمیش وتی:

– پێم نەوتی دەست لە قەفەزەکەی مەدە, ئاخر بۆچی بەقسەمت نەکرد؟

بەڵام میر ئیڤان تکای لێکرد و وتی:

– دەستم دامێنت هاوڕێی خۆشەویستم لێمببورە و جارێکیتر ئەم کارە ناکەمەوە.

– چاکە، بەس بپارێزەوە، وەرە سەرپشتم بزانین شتێ بە شتێ ناکەین.

ئەمجارەش میر ئیڤان چووە کۆڵی گورگە بۆر و تێیانتەقاند، قۆناخ لە دوای قۆناخیان دەبڕی و چەند شەو و چەند ڕۆژیان پێچوو تا گەیشتنە لای دیواری ئەو قەڵایەی ئەسپی یاڵ زێڕینی تێدایە. لێرەدا گورگە بۆر فەرمانی پێکرد:

– میر ئیڤان بچۆ سەر دیوارەکە و لەوێ ئەسپی یاڵ زێڕین لە تەویلەکەدا دەبینی. پاسەوانەکان لە شیرین خەودان. ئەسپەکە بدە بەر بەڵام دەست لە جڵەوەکەی نەدەی.

میر ئیڤان چووە سەر دیواری قەڵاکە و ڕوانی هەرچی پاسەوانە خەوتوون. وەك چۆن گورگە بۆر وتی. ئەمیش چووە تەویلەکەوە و ئەسپەکەی گرت بەڵام هەرچەندی کرد نەیتوانی واز لە جڵەوەکەی بهێنێ لەبەر جوانی و نەخشاندنی بە گەوهەر و زێڕ. هەرکە دەستی گەیشتە جڵەو بەجارێ غەڵبەغەڵب و دەنگی تەپڵ و کەڕەنا و هاتوهاواری پاسەوانە لەخەو ڕاپەڕیوەکان بەرزبۆوە و دەسبەجێ میر ئیڤانیان گرت و پەلکێشیان کرد بۆلای کۆسمان پاشا، ئەمیش قیڕاندی بە سەریدا:

– تۆ کێی و لە کوێوە هاتووی؟

- من میر ئیڤانم و کوڕی بێرەندی پاشام.
- میر ئیڤان و ئەسپ بدزێت؟ ئەم کارە تەنانەت نەزانترین و گەوجترین جووتیار نایکات. بەڵام من دەتبەخشم ئەگەر بێت و خزمەتێکم بکەی. دەڵمات پاشا کچێکی زۆر جوانی هەیە ناوی یییڵێنای شۆخ و شەنگە. تۆ ئەو کچەم بۆ بێنە ئێرە و منیش لە پاداشتی ئەو چاکەیەتدا ئەسپی یاڵ زێڕین و جڵەوەکەیت دەدەمێ.

میر ئیڤان بە دڵشکاوی و خەم وخەفەتێکی زۆرەوە گەڕایەوە لای گورگە بۆر و حاڵ و مەسەلەی بۆ گێڕایەوە. ئەویش وتی:

- من پێم نەوتی دەست لە جڵەوەکەی مەدە, ئاخر بۆچی واتکرد؟
- دەستم دامێنت هاوڕێم من کردم تۆ نەیکەیت.
- چیبکەم چارچیە، وەرە کۆڵم بابکەوینە ڕێ.

ئەمجارەش میر ئیڤان سواری پشتی گورگە بۆر بوو و بۆی دەرچوون. ڕۆیشتن ڕۆیشتن و شەویان دا بە دەم ڕۆژو ڕۆژ بە دەم شەوەوە، ماوەیەکی دوورودرێژیان بڕی تاگەیشتنە وڵات و مەملەکەتی دەڵمات پاشا. لەوێ تەماشایان کرد وا یێڵێنای شۆخ و شەنگ لە نێو گوڵ و گوڵزاری باخچەی قەڵا پیاسە دەکات و ژمارەیەکی زۆر کەنیزەك و خزمەتکار دەورەیان داوە. گورگەبۆر وتی: "ئەمجارەیان بڕوات پێناکەم میر ئیڤان، من خۆم کارەکە ئەنجام دەدەم. تۆ بەرەو دوا بگەڕێرەوە و من پێتڕادەگەمەوە".

میر ئیڤان چی پێ وترا جێبەجێی کرد و بەرەو ماڵ بۆوە. گورگەبۆریش هەڵبەزییە سەر دیواری قەڵاکە و بازیدایە ناو باخچەکەوە کە کیژی شازادە لەگەڵ یاوەرانیدا پیاسەیان تێدا دەکرد و خۆی لە پشتی دەوەنێکەوە شاردەوە. لە چاوترووکانێکدا کە کیژی شازادە کەوتە پشتی یاوەرانیەوە گورگە بۆر پڕی پێدا کرد و هەڵیدا سەرپشتی و بە پەلە لە دیوارەکەوە بازیدا و فڕاندی.

میر ئیڤان بە ڕێگەوە بوو، کاتێکی زانی گورگە بۆری پێگەیشت بە خۆی و یێڵێنای شۆخ و شەنگەوە. میر لە خۆشیاندا خەریك بوو شاگەشکە بێت. گورگە بۆر تێی خوڕی: "خێراکە وەرە سەرپشتم هیچ دوور نیە دوامان بکەون!". گورگە بۆر بە خێرایی کلکێکی باداو بە هەردوك میر ئیڤان و یێڵێنای شۆخ و شەنگەوە تێیتەقاند وەك با. ڕۆیشتن ڕۆیشتن، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، شەو لە دوای شەو، بەسەر دارستان و چەم و چغوردا و کلکی فشی بە سەر هەمووشتێکدا خشەی دەهات تا گەیشتنەوە وڵاتی کۆسمان پاشا.

بەڵام میر ئیڤان سیمای دلگرانی بە ڕوخساریەوە دەرکەوتبوو، گورگە بۆر هۆی ئەم دلگرانیەی لێپرسی ئەویش لە وەڵامدا وتی:

- من زۆر پەست و نیگەرانم بەوەی کە دەبێ یێڵێنای شۆخ بگۆڕمەوە بە ئەسپێك ونازانم چۆن شتی وا دەگونجێ؟
- هیچ خەم مەخۆ من نایەڵم تۆ خانمێکی وا شۆخ لە دەست خۆت بدەی. ئێمە دەیشارینەوە و من خۆم دەچمە شێوەی یێڵێنای شۆخەوە و تۆ بمبە بۆلای کۆسمان پاشا.

ئەوجا یێڵێنایان لە کۆلیتێکی نێو دارستانێکدا شاردەوە. گورگە بۆریش دەستی کردە هەڵبەز و دابەز بە هەوادا و سەری خۆی سوی بە پاژنەیدا و چووە شێوەی یێڵێنای شۆخەوە. میر ئیڤانیش پەلی گرت و بردی بۆلای کۆسمان پاشا. پاشا خەریك بوو لە خۆشیاندا ئەقلی لە دەست بدات و زۆر سوپاسی میری کرد و بەڵێنی خۆی بەجێهێنا و فەرمانی دا ئەسپی یاڵ زێڕین و جڵەوەکەیان دایە. میر پەڕییە کۆڵی ئەسپ و بەرەو دارستانەکە ڕۆیشت بۆ لای یێڵێنای شۆخ و لەوێ خستیە پاشکۆی خۆی و بەرەو ماڵ بەڕێکەوتن.

کۆسمان پاشا زۆر جەنجاڵ بوو، هەر دەسبەجێ پێڵینای شۆخی مارە کرد و ئاهەنگ و زەماوەندێکی گەورە سازدرا.
دواجار بووکی بۆ کرایە پەردەوە و پاشا لە نێو جێگەدا کە ئاوڕی لە بووکەکەی دایەوە ڕوانی وا گورگێکی بۆر دانی لێ ڕیچ کردووەتەوە، ئەمیش بەوپەڕی ترس و لەرز و حەپەساوییەوە لە جێگە دەرپەڕی و گورگە بۆریش لە چاوتروووکانێکدا خۆی دەرباز کرد و دواجار خۆی گەیاندەوە میر ئیڤان و شازادە پێڵینای شۆخ. میر ئیڤان بە ڕوخساریدا دیاربوو زۆر دڵخۆش و کەیفساز نیە. گورگە بۆر لێی پرسیی بۆچی وا مات وخەمبارە, ئەمیش لە وەڵامدا وتی: "هاوڕێی خۆشەویستم من بەوە پەست و خەمبارم کە دەبێ ئەم ئەسپە ڕەخشن و قەشەنگە بگۆڕمەوە بە باڵندەیەك". گورگە بۆر بە کلك ڕاوەشاندنەوە وتی: "خەم مەخۆ، میر ئیڤان، هەوڵدەدەم شتێ بە شتێك بکەم". وەختێ گەیشتنە قەڵای ئەفرۆن پاشا گورگە بۆر وتی: "ئەسپەکە و پێڵینای شۆخ بشارەوە. من خۆم دەبەمە شێوەی ئەسپەکەوە و تۆ بمبە بۆ لای پاشا".
بەمجۆرە ئەسپی یاڵ زێڕین و پێڵینای شۆخیان لەنێو دارستاندا شاردەوە و گورگە بۆریش کەوتە هەڵبەز و دابەز و سەری بە پاژنەیدا سوی و دەسبەجێ بوو بە ئەسپی یاڵ زێڕین بە تەواوی جوانی و قەشەنگییەوە. میر ئیڤان ئەسپەکەی برد بۆلای ئەفرۆن پاشا کە زۆر خۆشحاڵیی دەربڕی بەم کارە و لە پاداشتی ئەم چاکەیەیدا مەلی ئاگرین و قەفەزەکەی پێبەخشی و بەڵێنی خۆی بەجێهێنا. پاشان میر ئیڤان گەڕایەوە بۆ دارستانەکەو پێڵینای شۆخی خستە پاشکۆی خۆی و مەلی ئاگرین و قەفەزەکەی گرتە دەستەوە و بەرەو ماڵ ڕێیان دا لەبەر.
لەملایشەوە ئەفرۆن پاشا فەرمانی بە خزمەتکار دا ئەسپەکەی بۆ بێنن. کاتێ کە ویستی سواری ببێ ئەسپەکە بوو بە گورگێکی بۆرو پاشا کە ئەمەی بینی تۆقی و کەوتە سەرزەوی، گورگەبۆریش وەك تیر بۆی دەرچوو وخێرا میر ئیڤانی گرتەوە. لێرەدا بە میر ئیڤانی وت: "من ئیتر تۆ بەجێدێڵم و ناتوانم لەمە زیاتر بێم". میر ئیڤانیش لە ئەسپەکە دابەزی و سێ جار کڕنۆشی وەفاداری و پێزانینی بۆ گورگە بۆر برد. گورگە بۆر لە کاتی خواحا فیزیدا وتی: "میر ئیڤان ئەم جیابوونەوەمان یەکجاری نیە، من هێشتا ماومە بەکەڵکت بێم و فریات بکەوم". میر ئیڤان سەری لەم قسەیە سوڕما و لە دڵی خۆیدا وتی: "بۆچی بەکەڵکم دێیت؟! خۆ تۆ هەموو ئاواتەکانمت هێنایەدی".
لە پاش خواحافیزی لەگەڵ گورگە بۆردا، میر ئیڤان دیسان سواری ئەسپی یاڵ زێڕین بۆوە و کەوتەڕێ. پاش ئەوەی ماوەیەکی زۆری بڕی گەیشتەوە مەملەکەتی باوکی. میر ئیڤان ویستی تاوێك پشوو بدات، بۆیە لە ئەسپەکە دابەزی و لە کانیاوێکی ئەو نزیکانە دەست و چاوی شۆرد و پاشان لە سەر سەوزەگیاکە ڕاکشا و زۆری پێنەچوو چاوی چووە خەو. لەم کاتەدا براکانی بە سواریی هاتن. ئەوان بۆ فرە شوێن و جێگا چووبوون. لێرە و لەوێ، دوور و نزیك زۆر وڵات و مەملەکەت گەڕابوون بەڵام بە دەستی بەتاڵ هاتبوونەوە. لەم شوێنەدا بەڕێکەوت میر ئیڤان خەوتبوو و گشت دەسکەوتەکانی لە پاڵ خۆیدا دانابوو.
براکان بڕیاریاندا بیکوژن و دەست و دیارییەکەی ببەن و بیکەنە هی خۆیان و پاش ئەوەی کوشتیان پێڵینای شۆخیان سواری ئەسپەکە کرد و قەفەزی زێڕین و باڵندەی ئاگرینیان هەڵگرت و بەرەو قەڵاکەی باوکیان ڕێگایان گرتەبەر. لە ڕێگاش هەڕەشەیان لە پێڵینای شۆخ کرد کە نابێ ئەم نهێنیە بدرکێنێ دەنا دەیکوژن. لەملاشەوە لاشەی میر ئیڤان بەسەر سەوزەگیاکەوە کەوتبوو، قەل و داڵ لێی کۆبوونەوەو، لەم کاتەدا لەپڕ گورگە بۆر لەغەیبەوە پەیدا بوو و هەر لەوێدا بەچکە قەلەڕەشێکی گرت و ڕووی کردە دایکەکەی و وتی: "ئەی دایکانەی قەلەڕەش خێرا بڕۆ هەندێك ئاوی حەیاتم پێبگەیەنە. کە بۆت هێنام منیش بەچکەکەت بەرەڵا دەکەم".

دایکانەی قەلە ڕەشیش خێرا هەڵفڕی و فرەی پێنەچوو ئاوی حەیاتی هێنا. ئەجا گورگە بۆر هەندێ لەو ئاوەی پرژاندە سەر برینەکانی میر ئیڤانەوە و دەسبەجێ چاکبوونەوە و ساڕێژبوون. هێندەی پێنەچوو میر ئیڤان زیندوو بووەوە و چاوەکانی کردەوە و کەمێ بەملاولای خۆیدا هەڵیڕوانی و وتی: "وا دیارە خەوێکی باشم کردووە!".

گورگە بۆر لە وەڵامدا وتی:

"بەڵێ خەوێکی زۆر قووڵ بوو، ئەوەندە قووڵ بوو ئەگەر من نەهاتمایە جارێکیتر هەرگیز بە ئاگا نەدەهاتیتەوە. برا بێشەرەفەکانت تۆیان کوشتبوو دیاریەکانتیان لەگەڵ خۆیان بردووە و ئێستا بەڕێوەن بۆ لای باوکت، خێراکە وەرە سەر پشتم ئەگەر دەتەوێ زوو بیانگریتەوە".

دواجار گەیشتنە براکاندا و گورگە بۆر پەلاماری دان و پارچە پارچەی کردن. میر ئیڤانیش کوڕنۆشی بۆ برد و زۆر منەتباری و سوپاسی خۆی بۆ دەربڕی. ئەوجا سواری ئەسپی یاڵ زێڕین بوو و یێلێنای شۆخ و شەنگی خستە پاشکۆی خۆی و مەلی ئاگرین و قەفەزە زێڕینەکەی گرتە دەستەوە و بە دیاری بردی بۆ باوکی. بێرەندی پاشا زۆر خۆشحاڵ بوو میر ئیڤانیش تەواوی بەسەرهاتی خۆی بۆ باوکی گێڕایەوە سەبارەت بە گورگە بۆرو ڕەفتاری براکانی لەگەڵیدا و چۆن لە خەودا کوشتوویانە و گورگە بۆر فریای کەوتووە و ڕزگاری کردووە پاشان لە تۆڵەی ئەمدا براکانی کوشتووە و لەت و پەتی کردوون. بێرەندی پاشا تاوێك دلگران بوو، بەڵام پاش بەینێك هاتەوە سەرخۆی. میر ئیڤانیش یێلێنای شۆخی مارە کرد و پێکەوە ژیانێکی خۆشیان بردە سەر.

★★★★★

# کابرایەکی ڕووتە

## چیرۆکێکی فۆلکلۆری لیتوانیە

دەگێڕنەوە ساڵ بەو عەیام کابرایەك هەبوو ڕووتە و ڕەجاڵ بوو. ساڵێکیان سەری خۆی هەڵدەگرێ و دەکەوێتە گەڕان بۆ ئەوەی کارێ کەسابەتێ بۆ خۆی پەیدا بکات. سەرەنجام لای کابرایەکی جووتیار دەگیرسێتەوەو دەبێ بە کرێگرتەی ئەو ساڵەی جووتیارەکە. کاتێ خانەخوێ پرسیاری لێدەکا: "برا بە چ مەرجێ کارم بۆ دەکەیت و بە چ کرێیەك ڕازی دەبیت؟". ئەویش لە وەڵامدا دەڵێ: "هەر شتێك وەدەست کەوت و خوا کردی بە نسیب لە ماوەی ئەم ساڵەدا".

کابرای جووتیار بەخۆشحاڵییەوە ڕازی بوو و لە گەڵیدا ڕێککەوت. بەمجۆرە کابرای ڕووتە دەستی دایە کار. کاتێ کە چەڵتووکی دەچاند و لە ئیش بووەوە، دەنکە چەڵتووکێکی لە دەست مایەوە و لای خۆی هەڵیگرت. وەختێکیش کە

خەلەوخەرمانی هینایە ناوو گەنمی کوتا دەنکە گەنمێکی وەلاخست و هەڵیگرت و، بە هەمان شێوەش دەنکە جۆیەکی گلدایەوە لەکاتی شەن کردنی جۆدا.

ڕووتە هێجگار سەرقاڵی کارەکەی بوو بوو و هەموو ڕۆژێ لە تاریك و ڕوونی بەرەبەیانەوە تاوەکو ئێوارە تاریك دادەهات ووچانی نەدەدا، بە چەشنێ کە خۆیشی نەیزانی چۆن وەرزی ئەو ساڵە وا بە زوویی تەواو بوو . ئەوجا هەڵسا سێ دەنکە دانەوێڵەکەی پێچایە دەستەسڕەکەیەوە و چووە لای خانەخوێکەی و ماڵئاوایی لێکرد و پاشان لێیدا ڕۆیشت و وێڵ بوو بە دوای بەخت و چارەنووسی خۆیدا.

ڕۆژێکی تەواو بە ڕێوە بوو .. دەمەو ئێوارە گەیشتە لای کۆڵیتێك لە کێڵگەیەکدا و ڕووی لە خاوەن ماڵ نا کە ئەو شەوە لای خۆی داڵدەی بدات. ئەویش بە دڵێکی فراوانەوە بەخێراتنی لێکرد و ئەرکی میوانداریی خۆی بەجێهێنا. وەختی خەوتنان کابرا دەستەسڕەکەی لە باخەڵ دەرهێنا و دای بە خانەخوێکە و پێی وت : "با ئەمە ئامانەت بێت لای تۆ. من دەچم لە کادێنەکەدا دەخەوم. ئاگات لێی بێت ڕەنجی ساڵێکمی تێدایە".

کابرای خانەخوێ ویستی بزانێ ئەم دەستەسڕە چی تێدایە ، کاتێ کردیەوە هەر سێ دانەوێڵەکە کەوتنە خوارەوە، کەڵەشێرێك کە لەو گوزەرەدا بوو خێرا پڕی پێداکردن هەڵیچنین و قووتیدان. بۆ سبەینێ بەیانی کاتێ کە ڕووتە لە خەو هەڵسا زۆری سوپاس و منەتباری لە خانەخوێکەی دەربڕی و داوای پریاسکەکەی لێکرد تاوەکو ماڵاوایی لێبکات و بڕوات.

خاوەن ماڵیش زۆر بە تەریقی و پەشۆکاوییەوە پێی وت: "برای باش، تکام وایە بمبووری، من دەستەسڕەکەتم کردەوە بۆ ئەوەی بزانم ئەمە چییە کە ڕەنجی ساڵێکتە، سێ دەنك چەڵتووك و گەنم و جۆی لێ کەوتە خوارەوە و یەکسەرکەڵەشێرێك هەڵیچنین و خواردنی".

کابرای ڕووتە لە وەڵامدا وتی:

"نەخێر، من هەرگیز ناتوانم بتبوورم. ئەو سێ دەنکە دانەوێڵەیە کرێی ڕەنجی ساڵێکم بوو. وەکو چۆن کەڵەشێرەکەت هەڵیچنیوون و قووتی داون ، دەبێ خۆیم لە جیاتیدا بدەیتێ".

کابرای خانەخوێ چاری چیە چی بکات؟ ناچار کەڵەشێرەکەی دایە. ئەویش نایە بن هەنگڵی و لێیدا بە ڕێگای خۆیدا ڕۆیشت. لای ئێوارەوە گەیشتە کۆڵیتێکی دیکە و ڕووی لە کەیبانۆی ئەو ماڵە نا تاوەکو ڕێی حەسانەوەی ئەو شەوەی پێ بدات. ئەمیش بە خۆشحاڵییەوە پێشوازی لێکرد و بەخێراتنی کرد و ئەرك و فرمانی میوانداریی خۆی بەڕێوە برد. ئەوجا کابرا کەڵەشێری لە ژێر پاڵتۆکەی دەرهێنا و بە ژنەی خانەخوێی وت: "دەستم دامێنت ئەم کەڵەشێرەم بۆ ببە شوێنێك هەڵنیشێ، چونکە ئەگەر لەلای خۆمدا بێت شەو دەمەو بەیان بە قووڕە قووڕ خەوم لێ تاڵ دەکات".

ژنەش کەڵەشێرەی لێوەرگرت و بردیە نێو قازەکانی خۆیان. بۆ سەبینێ بەیانی ژنە چوو کەڵەشێرەکە بێنێ بۆ خاوەنەکەی، کاتێ تەماشای کرد قازەکان ئەمەندەیان بە دەنووك لێداوە مرداریان کردووەتەوە. ئەوجا بە شەرمەزارییەوە چووە لای میوانەکەی و هەواڵی مرداربوونەوەی کەڵەشێرەکەی پێڕاگەیاند و زۆر بە شەرم و تەریقییەوە داوای لێبوردنی لێکرد. ڕووتەش بە زویری و دلگرانیەوە وتی: " هەرگیزا و هەرگیز ناتوانم بتبەخشم، ئەمە پاداشتی ڕەنجی ساڵێکم بوو، دەبێ بۆم ببژێریتەوە .. ژنی باش".

ژنە دەسەڵاتی چیە و چی بکات؟ ناچار هەڵسا قازەکانی خۆی دایە. ئەمیش بە ڕێز و منەتبارییەوە دۆعاخوازی لە کەیبانۆی ماڵ کرد و قازەکانی دایە بەر و لێیدا ڕۆیشت. ئەو ڕۆژەش تا ئێوارە بەڕێگاوە بوو، پاشان گەیشتە کوختەیەکی تر و ڕووی لە خاوەن ماڵ نا کە ئەو شەوە لەوێ جێگای بکاتەوە. ئەمیش پێی وت: "ماڵەکەمان پڕە لە

میوان و هیچ جێگە و ڕێگەیەکمان نیە. بەڵام ئەگەر ئارەزووت لێیە دەتوانی لە سەر پڵ و پووشی نێو عەمباری دانەوێڵەکەمان بحەوێیتەوە".
ڕووتەش پێی وت: "زۆر منەتبار دەبم بەمە، بەڵام نازانم قازەکانم لە کوێدا هەڵبنیشن ئەمشەو؟"
خاوەن ماڵ وتی: "بیانبەرە ژێر ئەو ساپیتەوە، سەگێکی بەرەڵام لەوێدا سنک کردووە پاسیان دەکات".
ڕووتە قازەکانی بردە ژێر کەپرەکەوە و پاشان چوو بۆ خەوتن. بۆ سبەینێ بەیانی زوو لە خەو هەڵساو تەماشای کرد گشت قازەکانی لارو پاڵ کەوتوون و تۆپیون. سەگەکەش لە نزیکیانەوە پاڵی لێداوەتەوەو لاکەلاوەی دەلێسێتەوە.
ڕووتە بانگی لێبەرز بوەوە و هاواری کردە خاوەن ماڵ: "سەگە پیسەکەت قازەکانمی خنکاندووە، ئەمانە بەروبومی ڕەنجی ساڵێکم بوون، دەبێ هەرچۆنێکت کردووە بۆم ببژێریت".
کابرای خاوەن ماڵ پێی وت: "هیچ شتێکت نادەمێ لە بری ئەم قازە هیچ و پووچانەت ! بێگومان تۆ شێت بووی ئەگەر تەنیا سێ قاز کرێ و مزی ڕەنج و تەقەلای تەواوی ساڵێکت بن. ئادەی خێراکە داکێشە!".
ڕووتە بەمە بەجارێ سەغڵەت و نیگەران بوو، لە داخاندا بێ ئەوەی بزانێ بۆ کوێ دەچێ ملی ناو ڕۆیشت.
سەگی ماڵەکەش کەوتە شوێنی. ڕوونە بە ناو دارستانێکدا دەڕۆیشت و بیرو ئەندێشەی ناسۆرو خەمناك دایگرتبوو. لای نیوەڕۆوە هێجگار ماندوو و شەکەت بوو ، لە قەراخ جۆگەلەیەکدا پارچە نانێکی وشکی لە جەواڵەکەی دەرهێنا و تەڕی کردو هەندێ خوێی کردە سەری، لەوەدا بوو بیخوا و تەماشای کرد سەگەکە بە چاوێکی برسییەوە بە ڕاسەریەوە تێی دەڕوانێ. ئەویش نانەکەی کردە دوو لەتەوە و لەتێکی دا بە سەگەکە، سەگەش یەکسەر قووتیدا و کەوتە کلکەلەقێ کردن و لێو لستنەوە و چاوە بزەکانی تێبڕیبوو.
ڕووتە پارچە نانەکەی خواردو هەندێ ئاوی لە جۆگەلەکە خواردەوە، ئەوجا بە سەگەکەی وت: "وەرە پێشەوە، هەی سەگی چڵکن و پیس، با ئەم دڕك و داڵانەت لێبکەمەوە و خەڵك پێمان پێنەکەنن کاتێ کە هەردوکمان بە یەکەوە دەبین".
ئەوجا تەواوی پڵوپووش و دڕك و مووسەنەکەکانی لە تووکەکەی کردەوە و سەلکێ سابوونی لە توورەکەکەی دەرهێنا و پاك و پوختە لە ئاوی جۆگەلەکەدا شۆردی و وشکی کردەوە. پاشان تیسکەکەی شانە کرد و بەجۆرێك دەبریسکایەوە دەتوت زیوە و قاچە قنج و باریکەکانی دەتوت لە چەکمەی ڕەشدایە و کلکیشی لە پەڕی سەر شەبقەی خانەدانێك دەچوو.
ڕووتە چاوی بڕییە سەگەکە و لێی ووردبووەوە و سەگەش کەوتە سەما و حەپە حەپ کردن و لستنەوەی دەستەکانی ڕووتە، وەك چاوەڕوانی ئەوەبێت کە دوای بکەوێت بۆ شوێنێك. ڕووتە هەڵسا پەتێکی لەمل کرد و بە قەراخی جۆگەلەکەدا تێیتەقاند و سەگەش بەشوێنیدا. ڕۆیشتن ڕۆیشتن تاوەکو گەیشتنە سەر پردێك. لەوێ تەماشایان کرد کیژە کارەکەرێك خەریکی جلشۆردنە لە ئاوەکەدا. کاتێ کچە ڕووتە و سەگەکەی بینی قریوەیەکی بۆ کردو وتی : "وەی کە سەگێکی جوان و قەشەنگت هەیە ! تیسکەکەی وەك زیو دەبریسکێتەوە ! باشە دەتوانم پڕ چنگێ لەو تووکەی بڕنمەوە؟".
– "چۆن دەتوانی، کیژی جوان؟ نابێ تووکی سەگێکی زیندوو بڕنیتەوە !". بەڵام کچە گوێی نەدایە و دەستەکانی خستە نێو تیسکە سفتەکەی سەگەکەوە و ویستی ڕایکێشێ، بەڵام چەندی کرد و کۆشای نەیتوانی دەستەکانی لە سەگەکە بکاتەوە, دەتوت هێزێکی ئەفسووناوی و نادیار دەستی نووساندووە بە سەگەکەوە .

ئا بەم ڕەنگە بە ناو ئاواییدا ڕۆیشتن، تا گەیشتنە خانمی خاوەن کچەکە. خانم بە سەر کچەکەدا قیژاندی : "ئا بەم شێوەیە جلەکان دەشۆی ! هەی کچەتیوی چەپەڵ و بەدفەڕ !" , ئەوجا دەستی داهێنایەوە بۆ کچەکە لێی بدات بەڵام پێوەلکا و بۆی بەرز نەکرایەوە.

هەرچەندە پیرەژن خۆی ڕاتەکاند و قیژاندی و جنێوی دا، بەڵام نەیتوانی دەستی لێبکاتەوە. مێردەکەی بە دەم ئەم هەرا و بەزم و قیژە قیژەوە هات و قیڕاندی بە سەر کارەکەرەکەدا : "ئەوە چیە کچە، سەرت لێتێکچووە، یان هیچ شتێکت لەمە باشتر نەدۆزیوەتەوە؟ ڕاکردن بە شوێن کابرایەکی ئاوهادا بەم ڕۆژی نیوەڕۆیە ! ئەی تۆش پیرەژن، کەوتویتە شوێن ئەم منداڵە گەوج و نەفامە !".

لێرەدا کابرای پیرەمێرد دەستی دایە ژنەکەی گلی بداتەوە، بەڵام ئەویش دەستی پێیانەوە نووسا و نەیتوانی دووبارە دەربازی بکاتەوە و لە دوای سمڕسمڕ و خۆڕاتەکاندن و جنێودانێکی زۆر کە هەمووی بێهوودە بوو ناچار ئەمیش شوێنیان کەوێت.

ماوەیەك ڕۆیشتن ئەمجار گەیشتنە وردەواڵە فرۆشیك، کە سەبەتەیەکی نابوو بە سەرشانیەوە پڕ بوو لە کووتاڵ و کەلوپەلی جۆراوجۆر. کابرای وردەواڵە فرۆش لەبەرخۆیەوە وتی: "بەخوا شتێکی چاکە، ئێستا کەلوپەلە کۆنەکانم دەفرۆشمە ئەم پیرەمێردە" . ئەوجا لە کابرای پیرە نزیکبووەوە و دەستێکی دا بە سەر شانیدا و بەمجۆرە ئەمیش وەکو قیرو بنێشت پێیانەوە لکا.

پاشان ڕووتە بەرەو شارێکی گەورە بەڕێکەت و لەوێ یەکەم کەس کە تووشیان هات دزێك بوو. دزە تەماشای کرد کابرای وردەواڵە فرۆش ئاگای لە کەل و پەلەکانی نێو سەبەتەکانی نەماوە ئەمەی بە هەل زانی و هاتە پێشەوە بۆ ئەوەی بیاندزێ، بەڵام بۆی نەچووە سەر و ئەویش بە دەردەکەی ئەوانەوە گرفتار بوو.

ڕووتە بەمجۆرە بەناو شاردا دەڕۆیشت و سەگەکەش بە دوایەوە بوو، کچەی کارەکەر و پیرەژن و مێردەکەی و کابرای وردەواڵە فرۆش بە خۆی و سەبەتەکەیەوە و دزە و خەڵکێکی زۆری دیکەش کە لە ژمارە نەدەهاتن هەمووبە یەکەوە نووسابوون و بە شوێن ڕووتە و سەگەکەیدا ڕێیان دەکرد. ڕووتەش بێباکانە هەر دەڕۆیشت و دەڕۆیشت وەکو هەر هیچ شتێك ڕووی نەدابێت .

بەم شێوەیە بەڕێوە بوون تا تووشی پاسەوانی شوێنی ڕاووشکاری پاشا بوون، ئەویش لە ڕووتەی پرسی:

– "تۆ ئەم سەگەت لە کوێ پەیدا کردووە؟ بێگومان دەبێ لە خانەدانێك یان ئاغایەکت دزیبێت؟"

– "من هیچ شتێکم لە کەس نەدزیوە ئەمەش سەگی خۆمە".

پاسەوانی جێ ڕاووشکاری پاشا بڕوای بە ڕووتە نەکردو ویستی سەگەکەی بە زۆر لێ داگیر بکات، بەڵام هەر کە دەستی گەیشتە سەگەکە ئیدی پیانووسا و لێی نەبووەوە . کابرای ڕووتە دەستی کردە پێکەنین و بەرەو کۆشك و تەلاری پاشا کەوتە ڕێ .

لەبەر یەکێك لە پەنجەرەکانی کۆشکدا کیژە شازادەیەك دانیشتبوو ، هێجگار دڵتەنگ و خەمناك بوو . چەند ساڵ بوو لەوێدا کرووشکەی کردبوو، ئاگای لە هیچ شتێکی دەوروبەری نەبوو. پاشا بەڵێنی دابوو نیوەی ماڵ و سامانەکەی خۆی ببەخشێ بە هەرکەسێك کە بتوانێت کچەکەی لەم حاڵەتە ڕزگار بکات. بەڵام کەس نەیتوانیبوو، بەمجۆرە کچە هەر لە بەیانیەوە تا ئێوارە لەوێدا دادەنیشت بەبێ ئەوەی چاو لە بەر پێی خۆی هەڵبڕێ.

سەگەکە تاویدا بەر پەنجەرەکە و بە دەنگێکی بەرز دەستی کردە وەڕین و لە سەر هەردوو قاچی کەوتە هەڵپەڕکێ و سەما کردن. کیژە شازادەی دڵتەنگ و خەمناك کە تەماشای کرد وا سەگەکە هەڵبەز و دابەزێتی و یەکێك لە پاسەوانانی جێ ڕاووشکاری پاشای پێوە نووساوە و ئەویش خەریکی سەما و هەڵپەڕکێیە، لەولاشەوە عەشاماتێکی بێشومار یەك لە

دوای یەك پێكەوە نووساون و هەموو ئەمانە خۆ ڕادەوەشێنن، دەچن بە گژ یەكتردا، قیژە قیژ و هاوار هاواریانە و كەسیان ناتوانن لێكجیا ببنەوە، لەبەر ئەوە ناچار هەر هەڵدەپەڕین و سەمایان دەكرد بە چەشنێكی وا كە پێڵاویان لە پێدا نەمابوو و شڕ و وڕ بووبوو.
ئەم دیمەنە سەیر و سەمەرەیە وای لە كچی پاشا كرد بدا لە قاقای پێكەنینێك وا كە تەواوی كۆشك دەنگ بداتەوە.
پاشای پیرەمێرد بەڕاكردن هات و كاتێك كە لە پەنجەرەكەوە تەماشای هەرا و مەزاتەی كرد بە دەم پێكەنینەوە هاواری كرد :"تكایە ڕزگاریان بكەن، خۆ من بچڕام لە پێكەنیندا!".
لێرەدا كابرای ڕووتە پەتی ملی سەگەكەی كردەوە و بەمجۆرە خەڵكەكە لێكجوێ بوونەوە و هەر یەكە بە لایەكدا بڵاوەیان لێكرد.
لە دواییدا پاشا ڕووتەی بانگ كرد بۆ كۆشك و پێی وت: "تۆ بووی بە هۆی چاكبوونەوەی كچەكەم، ئێستاش ئەو خەڵاتەی بەڵێنم پێداوە وەریگرە ـ ئەویش نیوەی ماڵ و موڵك و سامانەكەمە. كچەكەشم پێشكەشت بێت، وا لێتی مارە دەكەم".
بەڵام ڕووتە لە وەڵامدا پێیوت: "ەنابی پاشا، من پێویستم بە ماڵ و موڵكی تۆ نیە، هەروەها ناشتوانم كچەكەت مارە بكەم, من پەیمانم داوە بە زەنتای چاوكاڵی خۆم، هیچم ناوێ نە خانوو نە ماڵ تەنها ئەو نەبێ، ئەگەر تۆش ئەوەندە دڵسۆز و بەبەزەییت یارمەتیمان بدە".
پاشا زۆر خۆشحاڵ بوو، هەڵسا پڕ بە شەبقەكەی زێڕی دایە و بە سوپاسەوە خواحافیزیی لێكرد. كاتێ ڕووتە لە كۆشك هاتە دەر بانگی لە سەگەكەی كرد، بەڵام هیچ دەنگی نەبوو و لە هیچ شوێنێك دیار نەما. ئەملا گەڕا و ئەولا گەڕا سۆراخی سەگە نەبوو، هەروەكو زەوی لەو شوێنەدا قڵیشابێ و قووتیدابێ وابوو.
دواجار كابرای ڕووتە مەزرا و خانوویەكی بۆ خۆی كڕی و دەستی كردە كێڵان و داچاندنی زەوی و زار و بەخێوكردنی ئاژەڵ و ماڵات. دواییش زەنتای چاوكاڵی خواست و بە خۆشی و كامەرانیەوە ژیانیان بردەسەر.

******

# چۆن كیژۆڵەیەك گەلەكەی خۆی ڕزگار كرد

## چیرۆكێكی فۆلكلۆریی ئیڤنكیـیـە

لە زستانە هەوارێكدا پیرەمێردێك لەگەڵ سێ كچدا پێكەوە دەژیان. ئەم پیاوە زۆر هەژار و دەستكورت بوو و خێوەتەكەی پڕ لە كون و شەبەق بوو، جل و بەرگێكی ئەوتۆشی نەبوو بیپۆشێت. زستانەكەی سارد و زوقم و زەلالەتێكی هێجگار سەخت بوو، بۆیە خێزانەكەی خەریكبوو لە سەرما ڕەق ببنەوە.

ڕۆژێکی چلەی زستان کڕێوە و وەیشوومەیەکی سەخت دەستی پێکرد، ڕەشەبا و زریان بە توندی هەڵیکرد و هاژ و هووژی گوێی کاس دەکرد. باکە ئەوەندە توند و بەهێز بوو پیرە وایدەزانی هەر ئێستا خێوەتەکەی لوولدەدا و ڕایدەماڵێتە جەنگەڵی تایگاوە. تەواوی ئەو خەڵکەی لەو هەوارەدا دەژیان خۆیان مووسە دابوو لە خێوەتەکانیاندا و نەیاندەتوانی دەرچن و بە دوای خۆراکدا بگەڕێن.

پیرە دەیوت: "ئێمە هەرگیز ناتوانین لەم وەیشوومە و زریان و بەفرەدا بژین، ئەمە کۆتوورای گەورەی بایە، ئەم ڕەشەبا و زریانەی بۆ ناردووین. بێگومان لێمان ڕازی نیە.. ئێستا کچی گەورەم، تۆ دەبێ بچیت بۆ لای کۆتوورا و تکای لێبکەیت ئەم کڕێوە و زریانەمان لە سەر لاببات".

کیژی گەورەش وتی: "ئاخر من بۆ کوێ بڕۆم؟ شارەزای ڕێگا نیم". باوکی لە وەڵامدا پێی وت: "کچی خۆم، من پێتدەڵێم کە چیبکەیت و بۆ کوێ بڕۆیت. بەڵام دەبێ چیت پێدەڵێم بە تەواوی جێبەجێی بکەیت. ئێستا من تاخوڕك (ترۆیکا)یەکی بچووکت دەدەمێ بەرەوڕووی باکە پاڵی پێوە بنێ و پاشان شوێنی بکەوە. ئاگات لە خۆت بێ لە ڕێگادا نەوەستی و بەفر لە پێڵاوەکانت نەتەکێنی و جلەکانت ڕێك نەخەیتەوە کاتێ کە باکە دەیانشێوێنێ و تێکیاندەدات. پاشان دەگەیتە گردێکی بەرز، بچۆ سەری و لەوێ باڵندەیەکی بچکۆلە بەرەوڕووت دێت و دەنیشێتە سەر شانتەوە. ئاگات لێبێ هەڵینەفڕێنی و دەست بێنە بە پەڕەکەیدا و بە نەرمی هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکە. کاتێ کە گەیشتیتە خێوەتەکەی کۆتوورا، دەست مەدە بە هیچ شتێکەوە بەڵکو دانیشە و چاوەڕێبکە. کاتێ کە گەورەی با هاتەوە چیت پێ دەڵێ ئەوە بکە". کچە گەورە پۆشاکی کەوڵی پۆشی و پاڵینا بە تاخوڕکەکەوە و بەخێرایی بۆیدەرچوو. ماوەیەکی کەم ڕۆیشت و جلەکانی شێوان و تێکئالاْن و هەستی بە سەرما کرد. کچە ئامۆژگارییەکانی باوکی پشتگوێ خست و وەستا بۆ ئەوەی جلەکانی ڕێکبخاتەوە و بەفری سەر چەکمەکانی بتەکێنێ. دواتر ڕووەو کڕێوە و باکە کەوتەڕێ. ماوەیەکی دوورو درێژ ڕۆیشت تاوەکو گەیشتە گردێك، پێیدا هەڵزنا و لەوێ باڵندەیەکی بچووك بەرەوڕووی هات و ویستی بنیشێتە سەر شانیەوە، بەڵام کچە بە تووڕەییەوە باڵی ڕاوەشاند و باڵندە بچووکەکەی ڕاونا. ئەوجا لە گردەکە هاتە خوارەوە و گەیشتە خێوەتەکەی کۆتوورا و خۆی کرد بە ژووردا و پارچەیەکی گەورە گۆشتی تەڕوبڕی بینی. کچە دەستی کردە ئاگرکردنەوە و خۆ گەرمکردنەوە. دواتریش کەوتە برژاندنی گۆشت ئاسکەکە و پارووی چاك چاکی لێدادەگرت و دەیخوارد. لەناکاو هەستی کرد یەکێك لە خێوەتەکە نزیك دەبێتەوە و تەماشای کرد لاوێکی ناوشان پانی قەشەنگ هاتە ژوورەوە و ئەم لاوە کۆتوورا بوو, تەماشایەکی کچەی کرد و وتی: "بەخێربێی سەرچاوان، چەند دەخوازی لە ماڵی مندا بمێنەرەوە بەڵام بە یەك مەرج, ئەویش ئەوەیە کەوا کەمێك یارمەتیم بدەیت لە کاروباری ناوماڵدا. من ئێستا لە ڕاو گەڕاومەتەوە و ئەمەش هەندێ گۆشتە لێیبنێ". پاش ئەوەی کچە گۆشتەکەی کوڵاند . کۆتوورا پێی وت لە مەنجەڵەکەی دەربێنێ و بیکاتە دوو بەشی یەکسانەوە و وتی:

"بەشێکیان بۆ خۆم و خۆت و ئەو بەشەکەی تر بکەرە مەنجەڵەکەوە و بیبە بۆ ئەو خێوەتەی کە پیرەژنێکی تێدا دەژی. گۆشتەکەی بدەرێ و چاوەڕێکە تاو مەنجەڵەکەت بۆ دێنێتەوە".

کچە گۆشتەکەی هەڵگرت و بردی بۆ خێوەتەکە. کڕێوە و زریانەکە تا دەهات سەختتر دەبوو, بەفریش هێند بە خەستی دەباری کە کچە تەنانەت بەرپێی خۆیشی نەدەبینی. کچە ماوەیەك ڕۆیشت و گۆشتەکەی فڕێدا ناو بەفرەکەوە و بە مەنجەڵە بەتاڵەکەوە گەڕایەوە. کۆتوورا تەماشایەکی کرد بەڵام هیچ قسەی نەکرد و هەڵسا دیسان ڕۆیشتەوە بۆ تایگا و کچی کابرای پیرەی لەوێ بەجێهێشت تاوەکو دەستەجلێکی بۆ بدوورێ لەو چەرمانەی لە ماڵدا بوون.

کچە کەوتە کار کردن و لەو کاتەدا پەردەی بەردەرگاکە هەڵدرایەوە و پیرەژنێکی پرچ سپی هاتە ژووری بۆ خێوەتەکە.

پیرەژن وتی: "کیژی ئازیزم، کلێ کەوتووەتە چاوم. تکام وایە بۆم دەربێنی". کچە لە وەڵامدا وتی: "مەمشلەژێنە دەستم لە کاردایە، نایبینی چەند جنجاڵم؟" پیرەژنەکە هەڵسا و بەجێهێشت بێئەوەی قسەیەکی لە زار بێتە دەر.
کۆتوورا ئەو ئێوارەیە زوو لە ڕاو و شکار گەڕایەوە و پرسی: "جلەکانت بۆ تەواو کردووم؟". کچەش لە وەڵامدا وتی: "ئەوەتان لەوێدا".
کۆتوورا یەکسەر هەستی کرد چەرمەکان خراپ کراون و بە خراپی بڕاون و دووڕراون و بە بەری ناکات. کۆتوورا لەمە ڕقی هەڵسا و تووڕەبوو و کچی مامە پیرەی لە خێوەتەکە دەپەڕاندە دەرەوە. زریانە بەفر و ڕەشەباکە لەوکاتەدا توندتر بوو و چون گیانێکی تاراو لوورەی دەهات. خەڵکی لە هەموو شوێنێك لە ماڵەکانی خۆیاندا هەڵدەلەرزین و نەیاندەتوانی بچن بۆ ڕاووشکار لەبەرئەوەی هەموو ئاژەڵ و گیانداران لە ترسی زریانەکە خۆیان شاردبووەوە و هیچ شتێك نەدەبینرا لە تەمومژێکی سپی بەولاوە، منداڵانیش لە برسا دەگریان و دایکانیش هیچ شتێکیان شکنەدەبرد بیاندەنێ.
پیرە بە کەساسییەکەوە وتی: "وابزانم کچە گەورەم ئامۆژگارییەکانمی بەجێنەهێناوە و ئەوانەی فەرمانم پێکردووە پەیڕەوی نەکردووە و هەر لەبەرئەوەشە کە کۆتوورا وا تووڕەیە لەگەڵماندا ئێستا کیژی ناوەنجیم تۆ دەبێ بڕۆی بۆ لای".
بەڵام کچی دووەمیش گوێدێری ئامۆژگارییەکانی باوکی نەبوو و کۆتوورا دیسان ئەمیشی لە خێوەتەکەی دەرپەڕاند.
پیرە لەگەڵ کچە بچووکەکەیدا تا بەرەبەیان دانیشت و چاوەڕێی ڕۆژێکی خۆشی بوو. بەڵام زریان و ڕەشەبا تا دەهات توندتر دەبوو و خێوەت و ماڵی خەڵکەکەی کاول و وێران کرد بێ جل و پۆشاك هێشتنیەوە.
پیرە بە کچە بچووکەکەی وت: "ئەمجارەیان نۆرەی نۆرەی تۆیە کیژی دڵسۆزم. من حەز ناکەم لە تۆ دابڕێم بەڵام ئەگەر وا نەکەم خەڵکەکەمان لەبرسا دەمرن و لەناودەچن". کچەکە دەرچووە دەرەوە و بە نێو زریانەکەدا شوێن تاخوڕکە بچووکەکە کەوت و کوێرانە ڕێگای گرتە بەر، چونکە بەفر هەموو شوێنێکی داپۆشیبوو. ڕەشەبا و زریان جلەکانی ئاڵۆسکاند و پێڵاوەکانی پڕکرد لە بەفر، بەڵام ئەو سەرسەختانە دەڕۆیشت و سەرما و زریانی پشتگوێ خستبوو و بە تەواوی فەرمانەکانی باوکی بەجێدەهێنا. کاتێ گەیشتە سەر گردەکە باڵندەیەکی بچووك بەرەوڕووی هات، بەڵام ئەو وەك دوو خوشکەکەی دەرینەکرد بەڵکو دەستی بە سەر پەڕەکەیدا هێنا و میهرەبانیی لەگەڵ نواند. پاشان بازیدایە نێو تاخوڕکەکەوە و یکڕاست بەرەوخوار لێیخوڕی ڕووەو خێوەتەکەی کۆتوورا. کاتێ کۆتوورا کچەی بینی بە خۆشحاڵییەوە پێکەنی و لێی پرسی: "بۆچی هاتووی بۆ ئێرە؟". ئەمیش لە وەڵامدا وتی:
– "هاتووم دەستەو دامێنت بم و تکات لێبکەم ئەم زریانە بەفرە ڕاوەستێنی، چونکە ئەوەندەی نەماوە خەڵکی زستانە هەوارەکەمان بمرن و لەناوبچن !".
– "چاکە، لای دەرگاکەوە ڕامەوەستە، وەرە ژوورەوە ئاگرێك بکەرەوە و گۆشتەکە بکوڵێنە من برسیمە و وابزانم تۆش لە پاش ئەم گەشتەت هەر برسیتە".
بەم ڕەنگە کچە مەنجەڵەکەی هەڵگرت و پاك و پوختە شۆردی و خێرا گۆشتەکەی لێنا. پاش نانخواردن کۆتوورا بە کچەی وت کە ئەو گۆشتەی ماوەتەوە بیبات بۆ خێوەتەکەی بەرانبەر. ئەمیش مەنجەڵە گۆشتی هەڵگرت و چووە دەرەوە و نەیدەزانی چ ڕێگایەك بگرێتە بەر، یان لە کوێ خێوەتەکە بدۆزێتەوە. ناچار ڕاوەستا و کەمێك بیری لێکردەوە و ئەوجا کوێرانە دەشتی دایەبەر و بڕیاریدا هەرچۆنێك بێت خواستی کۆتوورا بێنێتەدی. لەناکاو باڵندەیەکی بچووك دەرکەوت و هەمان باڵندە بوو کە لە سەر گردەکە بینی. باڵندەکە بە ڕاسەری کچەکەوە کەوتە خولانەوە و باڵەشەکێ و کچەکەی تێگەیاند کە شوێنی بکەوێ. ئەویش بە قسەی کرد و کەوتە دوای. پاشان کچە دووکەڵێکی بینی لە

بەفرەکەوە بەرز دەبێتەوە. لێی نزیکبوەوە و بەفرەکەی بە قاچ لادا و دەرگایەکی بۆ دەرکەوت و پیرەژنێکی پرچ سپی لێوە دەرکەوت و لێی پرسی:

- "تۆ کێی؟ بۆچی هاتووی بۆ ئێرە".

- "ئەوە هەندێ گۆشتم بۆ هێناوی، داپیرە".

- "سوپاست دەکەم کیژە ئازیزەکەم, بمدەرێ بەلاّم لێرەدا چاوەڕێ بە".

کچەکە لە دەرەوە هەر چاوەڕێی کرد بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ و سەرتاپا ڕچی و خەریکبوو بیبەستێ. پاش ماوەیەکی زۆر پەردەی بەردەرگاکە لادرایەوە و پیرەژنەکە بوو مەنجەڵەکەی لەگەڵ خۆ هێنایەوە. کچە تەماشای کرد مەنجەڵەکە هەندێ شتی تێدایە. پاشان گەڕایەوە بۆ خێوەتەکەی کۆتوورا و تەماشای کرد پیرەژن هەندێ چەقۆ و مقەست و دەرزی تێکردووە بۆ بڕینی چەرمەکان. کۆتوورا بە پێکەنینەوە وتی: "دەبینم زۆرت شتی بە کەڵك پێیە ! هەندێ جلوبەرگی نوێم بۆ بدوورە، وا من دەڕۆم بۆ ڕاووشکار".

کچە دەستی بە کار کرد, بەلاّم بە تەنها ڕۆژێك چی دەکرێت و فریای چی دەکەوێت؟ لەناکاو پیرەژنێکی پۆپ سپی ، کە هەمان پیرەژن بوو کچە گۆشتەکەی بۆ برد، خۆی کرد بە خێوەتەکەدا و وتی: "فریام کەوە, ئەوە کلێکە لەچاوما بەڵکو بۆم دەربێنی".

کیژە دەسبەجێ وازی لە کارەکەی هێنا و کلەکەی لە چاوی پیرەژن دەرکرد. ئەوجا پیرەژنەکە پێی وت: "زۆر چاکە، ئیتر چاوم نایەشێ و گل ناکات. تۆ یارمەتیت دام و منیش دەبێ فریات بکەوم". پیرەژن ئەمەی وت و خێوەتەکەی بەجێهێشت بەلاّم فرەی نەبرد لەگەڵ چوار کیژۆڵەدا گەڕایەوە و وتی: "ئەم کچانە یاریدەرتن و بە هەر پێنجتان دەتوانن هەموو کارێك ڕاپەڕێنن لە کات و ساتی گونجاوی خۆیدا". بەمجۆرە هەر پێنج کیژەکە کەوتنەکار بۆ بڕین و دوورینی چەرمەکان و ئەوەندە سەرقاڵ بوون نەیاندەزانی چۆن ڕۆژ ئاوابوو. کۆتوورا لە ڕاووشکار گەڕایەوە و کاتێ کە جلە تازەکانی بینی یەکسەر لەبەری کردن و زۆر ڕێك دوورابوون و پڕ بە بەری بوون. کۆتوورا زۆر خۆشحاڵ بوو بەمە و بە بزەیەکەوە وتی: " کیژۆڵەی جوان و نەشمیلانە تۆ زۆر جێی ڕێز و ڕەزامەندیی منی، تۆ دەستڕەنگین و گەوهەریت. هەروەها ئازا و چاونەترسیشی. تۆ لەم زریانە سەخت و دژوارە نەترسای، چونکە وبستت گەلەکەت ڕزگار بکەیت. دڵنیام کە ژنێکی باش دەبیت, بۆیە حەز دەکەم شووم پێبکەیت. دایکم و خوشکەکانم زۆریان خۆش دەوێیت. بۆیە تا لە ژیاندای لەم خێوەتەمدا بمێنەرەوە !".

هەر کە کۆتوورا ئەم قسانەی کرد یەکسەر ڕەشەبا و زریان نیشتەوە و خەڵکەکەش, کە فرەی نەمابوو لە سەرما و سۆڵەدا ڕەقببنەوە و بفەوتێن، لە خێوەتەکانیان هاتنە دەر. پیاوان چوون بۆ ڕاووشکار و ژنانیش کەوتنە ئەنجامدانی کاروباری ناوماڵ و منداڵانیش دەستیان کردەوە بە گەمە و یاری بە گیانێکی پڕ لە شادییەوە.

★★★★★

# کیژە شـازادەی بۆق

## چیرۆکێکی فۆلکلۆری ڕوسییە

دەگێڕنەوە، دێر زەمانێك، پاشایەك سێ کوڕی دەبێت. ڕۆژگارێك دێت کوڕەکان گەورە دەبن و ڕۆژێك پاشا بە شوێنیاندا دەنێرێ و دەڵێ: "ڕۆڵە دڵسۆزەکانم، پێش ئەوەی من بەتەواوەتی پیر ببم و پەکم بکەوێت ، حەز دەکەم ژن بێنن بەڵکو منداڵی ئێوە و نەوەی خۆم ببینم".

کوڕەکان لە وەڵامدا وتیان: "بابە گیان فەرمانت بەجێیە و چ کچێك تۆ پەسەندی دەکەیت بۆ هەر یەکێکمان دەیخوازین". پاشاش دەڵێ: "زور باشە ڕۆڵەکانم من ئەمەم دەوێ. با هەریەکەتان تیرێك ببات و بچێتە ئەو دەشت و دەرانە و بیهاوێژێت، لە هەر کوێیەکدا تیرەکە لە زەوی دا، ئەوە دەبێ لەو شوێنەدا بە دوای بەخت و چارەنووسی خۆیدا بگەڕێت".

کوڕەکان کوڕنۆشیان بۆ باوکیان برد و هەریەکە تیرێکی لەگەڵ خۆی برد و چوو بۆ دەشت و کێڵگەی پان و بەرین و هەریەکەش تیری خۆیی خستە کەوان و هاوێشتی. تیری کوڕە گەورەکە کەوتە ماڵی گەدایەکەوە و کچەکەیان گرتیەوە و شووی پێکرد. تیری کوڕی دووەم کەوتە ماڵە بازرگانێکەوە و کچی ئەو ماڵەی بوو بە نسیب.

ئیڤانی کوڕە بچووکیش تیری خۆی بە ئاسماندا دوور هاوێشت بەڵام نەیبینی کەوا لە چ شوێنێکدا کەوت. زۆر گەڕا و ئەمسەر و ئەوسەری کرد تا ڕێی کەوتە چەم و زەلکاوێك و بە سەرسوڕمانێکەوە تەماشای کرد بۆقێك (قوڕباقێك) باوەشی کردووە بە تیرەکەدا. ئیڤان پێی وت: "هۆ بۆقەکە، بۆقەکە .. تیرەکەم بدەرەوە"، بەڵام بۆقە لە وەڵامدا وتی: "دەبێ تۆ بمخوازیت و بمکەی بە خێزانی خۆت", کوڕە بە سەرسامییەکەوە وتی:

– ئاخر چۆن دەبێ من بۆقێك بخوازم؟.
– ئەی لەمە زیاتر چی دەکەیت؟ بەخت و چارەنووسی خۆت وایهێناوە.

شازادە ئیڤان تیاما و نەیدەزانی چی بکات، پاشان بە ناچاری بۆقەی لەگەڵ خۆیدا برد بۆ ماڵەوە.

پاشا لەو ماوەیەدا سێ ئاهەنگی شایی و زەماوەندی گێڕا بۆ کوڕی گەورە و کچە گەدا و کوڕی ناوەنجی و کچە بازرگان و ئیڤانی کوڕە بچووکی چارەڕەش و کوڵۆڵی، کە بۆقی لە نێوچەوان نووسرابوو.

لە پاش زەماوەند و ژن گواستنەوە پاشا هەر سێ کوڕەکەی بانگ کردە لای خۆی و پێیڕاگەیاندن: "دەمەوێ بزانم کام لە ژنەکانی ئێوە دەستی لە درووماندا ڕەنگینە، با هەر یەکەیان بۆ سبەینێ کراسێکم بۆ بدوورن".

کاتێ کە شازادە ئیڤان گەڕایەوە بۆ ماڵی خۆی، دەستەوئەژنۆ دانیشت و خەم و پەژارە دایگرتبوو. قوڕباقی ژنی کە پان بووبووەوە لە زەویدا پرسی:

– ئیڤان، بۆچی ئەوەندە کزو داماو دانیشتووی؟
– باوکم داوای دوورینی کراسێکی لێکردووی، بۆ سبەینێ.
– ئیڤان گوێ مەدەرێ، برۆ بخەوە، تا سبەینێ هەزار کڵاو با دەیبات.

ئیڤان چوو بخەوێت و بۆقەش بازێکی دایە ناو داڵانەکە و پێستی بۆقی لەبەر خۆی داماڵی و بوو بە ڤاسیلیسای دانا. ئەوەندە جوان و نەشمیلانە بوو تەنانەت هیچ حەکایەت و ئەفسانەیەکیش باسی جوانیی وای نەکردووە.

ڤاسیلیسای دانا چەپڵەیەکی لێدا و بانگی کرد: "دەستە خوشکان، نەخشسازان وەرنە یارمەتیم و ا سبەینێ کراسێکم بۆ بدوورن بۆ ئەوەی خەزووری ئازیزم لەبەری بکات".
بۆ سبەینێ بەیانی کە شازادە ئیڤان لە خەو هەڵسا تەماشای کرد بۆقەکە لە ژوورەکەدا پان بووەتەوە و راسێك لە سەر مێزەکە دانراوە. ئەویش یەکسەر هەڵیگرت و بردی بۆ باوکی. پاشا ئەو دەمە دیاریی دوو کوڕەکەی تریشی پێگەیشتبوو. کاتێ کوڕی گەورە هی خۆی پێشکەش کرد پاشا وەری گرت و لەبەر خۆیەوە دەیوت: "ئەمە تەنها بۆ کاتی خۆشۆردن باشە". بۆ هی کوڕی دووەمیشی وتی: "ئەمە تەنها بۆ کاتی ئاژەڵ لەوەڕاندن باشە". ئیڤانیش کراسەکەی خۆی به نەپێچراوەیی هێنا و پڕبوو لە نەخش و نیگار و بە تاڵی زێڕ و زیو تەریب درابوو. پاشا هەر کە چاوی پێکەوت وتی: "ئەمەیە ئەو کراسەی کە من پەسەندی بکەم و پێی بڵێم جوان، ئەمە لە گەورەترین بۆنەی جەژن و ئاهەنگدا لەبەر دەکرێت".
کوڕەکان گەڕانەوە بۆماڵ و هەردوو برا گەورە و ناوەنجیەکە لە ڕێگا بە یەکتریان وت: "زۆر هەڵە بووین کە گاڵتە و لاقرتیمان بە براژنەکەمان دەکرد .. هەرگیز ئەوە بۆق نیە، بەڵکو جادووگەرە، شەیتانە".
جارێکی تریش پاشا کوڕەکانی بانگکردە لای خۆی و ئەرکێکی دیکەی دا بەسەریاندا و وتی: "با ژنەکانتان هەریەکەیان بۆ سبەینێ کولێرە نانێکم بۆ ببرژێنن، دەمەوێ بزانم کامیان نانکەری چاکە". ئەم ئەرکەیان ئیڤانی بەجارێ پەست و زویر کرد و هەواڵەکەی دا بە بۆقەکەی ژنی. ئەویش بێباکانە وتی: "خوا کەریمە تا سبەینێ .. ئێستا بڕۆ بخەوە".
لەم کاتەدا دوو هێوەرژنەکەی بۆقە ئارامیان لەبەر بڕا و کێچ کەوتبووە کەوڵیان. لای خۆیانەوە پیرەژنێکیان نارد بۆ ئەوەی بزانن بۆقە چۆن نان دەکات. ئەمیش هەستی بە نەخشە و پیلانی ژنەکان کرد و هەڵسا تەشتێك هەویری شێلا و پاشان کونێکی کردە سەر تەنوورەکە و تەشتە هەویرەکەی تێهەڵڕشت. پیرەژن کە ئەمەی بینی خێرا گەڕایەوە لای ژنەکان و هەموو شتێکی بۆ گێڕانەوە. ئەمانیش هەڵسان بەو شێوەیە کولێرەکانی خۆیان دروست کرد.
لەملاشەوە بۆقە بازیدایە هەیوانەکە و پێستی بۆقی فڕێدا و بووەوە بە ڤاسیلیسای دانا و چەپڵەیەکی لێدا و بانگی کرد: "دەستە خوشکان، دەسترەنگینان وەرن کولێرەیەکی سپی جوانم بۆ بکەن بۆ خەزووری ئازیزم".
بۆ سبەینێ کە ئیڤان هەڵسا زۆری پێخۆشبوو کە کولێرەکە ئامادەیە و یەکسەر پێچایەوە و بردی بۆ باوکی. هەر لەو کاتەشدا دوو کولێرەی بووکەکانی تری بۆ هاتبوو. بووکەکان هەروەکو پیرەژنەکە پێی وتبوون هەویرەکانیان کردبووە تەنوورەکەوە و لە جیاتی کولێرە بووبووە پەپکە هەویری ڕەش و دووکەلاوی. کاتێ ئیڤان کولێرەکەی خۆی هێنا پاشا وتی: "ئا ئەمەیە کولێرە و شایستەی هەموو داوەت و بانگهێشتنی گەورەیە". لە پاش ئەمەش پاشا فەرمانی بە سێ کوڕەکەی دا کە لەگەڵ ژنەکانیاندا ئاهەنگێك ساز بکەن. دیسانەوە ئیڤان خەم و پەژارە دایگرت و سەری داخست و گەڕایەوە بۆ ماڵ و تەماشای کرد بۆقەی ژنی لە ژوورەکەدا پەلی بلاوکردووەتەوە. ئیڤانیش ئەم هەواڵە ناخۆشەی پێڕاگەیاند و بۆقە لە وەلامدا وتی: "دڵت هیچ نەکا.. خەمت نەبێ.. تا سبەینێ خوا خۆی دەمێنێ و ملکی، لە پێشدا تۆ بڕۆ بۆ ئاهەنگەکە و زۆری پێناچێ منیش دێم. کە غەڵبەغەڵبێکی زۆر و هەراوزەنا پەیدابوو مەترسە و بڵێ ئەمە بۆقی خێزانمە لە سندووقێکی تایبەتیدا دێت". ئەمیش بە گوێی کرد و لە ئاهەنگەکەدا پاشا و کوڕەکانی و دوو بووکەکەی لە جێگای دیاریکراوی خۆیاندا و لە سەر خوانی ڕازاوە دانیشتبوون. ئاهەنگ دەستی پێکرد و لەناکاو غەڵبەغەڵب و هەرایەکی زۆر پەیدابوو، بە ڕادەیەکی وا کە کۆشکی هێنایە لەرزین. هەموو میوانەکان لەحەیبەتا ڕاچڵەکین و لە شوێنی خۆیاندا وشکبوون. بەلام شازادە ئیڤان پێی وتن: "میوانە بەڕێزەکان، هیچ لە گۆڕێ نیە ئەوە خێزانی منە گەیشت".

پاشان گالیسکەیەکی زێڕین خۆی کرد بە دەرکەی کۆشکدا و ڤاسیلیسای دانا دابەزی.. جلە شینەکانی ئەستێرەیان پێوە دەدرەوشایەوە و مانگێکی چواردە بە ڕاسەریەوە هەڵاتبوو. جوانیی ئەم ژنە لە ئەندازە بەدەربوو و هەرگیز جوانیی وا بە ئەندێشە و بیری کەسدا نەهاتبوو. ئەوجا دەستی شازادە ئیڤانی گرت و بەرەو خوانێکی نەخشینی برد. ئەمجار ئاهەنگ و بەزم و شادی دەستی پێکردەوە. ڤاسیلیسای دانا و ئیڤان بە کەیف و شەوقەوە بادەی شەرابیان دەنۆشی.. پاشان ئاهەنگگێڕان دەستیان کرد بە هەڵپەڕکێ و سەما.

ڤاسیلیسای دانا ئیڤانی لەگەڵ خۆ برد و سەمایەکی وا جوان و قەشەنگی دەکرد کە تەواوی خەڵکەکە حەپەسان و بوون بە تەماشاکەری و بەجارێ سەرسام بووبوون. لەناکاو ژنە دەستی چەپی ڕاتەکاند و دەریاچەیەك پەیدابوو، ئەمجارەیان دەستی ڕاستی ڕاتەکاند و قازی سپی بە لەنجەولارەوە کەوتنە مەلەکردن. پاشا و میوانەکان بە جارێ ئەبڵەق بوون وواقیان وڕما لەم بەزمە. پاشان ژنی دوو برا گەورەکە کەوتنە سەما کردن. مەچەکێکیان ڕاتەکاند و شەراب هەڵپرژا بە دەم و چاوی میوانەکاندا.. کە ئەوی دیکەیان ڕاهشاند ئێسقانێك دەرپەڕی و دای بە نێوچەوانی پاشادا و بەمە هێجگار پەست و تووڕە بوو و فەرمانیدا هەردوو بووکەکەیان لە ئاهەنگەکە دەرکردە دەرەوە. ئەوەندەی نەخایاند ئیڤانیش خۆی دزییەوە و ڕۆیشتەوە بۆ ماڵ و تەماشای کرد پێستی بۆقەکە لە ژوورەکەدا کەوتووە. شازادە ئیڤانیش خستیە چاڵێکەوە و شاردیەوە.

کاتێ کە ڤاسیلیسای دانا گەڕایەوە بۆ ماڵ، زۆر لە دووی پێستە بۆقەکە گەڕا بەڵام نەیدۆزییەوە.. لەبەرئەوە کەوتە سەرزەنشت کردنی مێردەکەی و بە دڵگرانیەکەوە پێی وت: "ئای ئیڤان چیتکرد، ئەگەر تەنها سێ ڕۆژی تر چاوەڕێت بکردایە.. هەتا مردن دەبووم بە خێزانی تۆ. بەڵام دەبێ ئێستا ماڵئاواییت لێبکەم و بڕۆم. تۆ دەتوانی لە وڵاتی کاشیی نەمردا بمبینیتەوە". ڤاسیلیسای دانا ئەمەی وت و لەبەرچاو ونبوو.

شازادە ئیڤانیش دای بە سەری خۆیدا و لە تاسەی ئەو دووری و دابڕانە بە کوڵ کەوتە گریان. پاشان وێڵبوو بە دوایدا و بە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا.. بە باشوور و باکووردا کەوتە سۆراخکردنی و هەر شوێنێك ڕێی تێدەکەوت کون و قوژبنی دەپشکنی و دەگەڕا بۆ ڤاسیلیسای ژنی. لەم گەشت و گەڕانەیدا ڕۆژێکیان لە دەشتێکی پان و بەریندا ورچێکی بینی و ویستی بیکوژێ، بەڵام ورچە چەشنی ئادەمیزاد هاتە زمان و پێی وت: "شازادە ئیڤان.. مەمکوژە، ڕۆژێك دێت بەکارت بێم". ئەمیش دڵی نەرم بوو و بڕیاریدا نەیکوژێ و ڕێگای خۆی گرتە بەر.. لەناکاو تووشی نێرە مراوییەك بوو کە بە ڕاسەریەوە دەفڕی، ویستی بیخاتە خوارەوە.. بەڵام مراوییەکە بە دەنگێکی ئادەمیانە پێی وت: "شازادە ئیڤان مەمکوژە.. ڕۆژێك دێت بەکەڵکت بێم". ئیڤانیش دڵی نەرم بوو و لێیدا بە ڕێگای خۆیدا ڕۆیشت.

بەینێکی تر ڕۆیشت و گەیشتە کەرویشکێك، ئەمیشی بە چەشنی ئەوانیتر بەجێهێشت. فرەی پێنەچوو گەیشتە دەریایەکی شین و لە قەراخ دەریاکەدا ماسییەکی بینی بە ئاستەم هەناسەی دەدا و بە دەم هەناسەبڕکێوە وتی: " شازادە ئیڤان.. بیکە بە خاتری خوا بەزەییت پێمدا بێتەوە و بمخەرە نێو دەریاکەوە". ئەمیش ماسییەکەی هەڵگرت و تووریدا دەریاکەوە و لێیدا ڕۆیشت. کەم یان زۆر ڕۆیشت کەس نازانێ.. پاشان ڕێی کەوتە ماڵی پیرەژنێکی جادووباز.. لە ژوورەوە پیرەژنەی جادووباز بە دان و لووتێکی هێجگار زل و ناقۆڵاوە و بە تەنیشت ئاگردانێکەوە لێی پاڵکەوتبوو.

– "چۆنە.. وا هاتوویتە ئێرە کوڕی لاو؟".

ئیڤان لە پێشدا داوای خواردنی لێکرد و یەکسەرخواردنی هاتە بەردەست.. ئەمجار خۆی شۆرد و لە دواییدا پێی وت کە بە دوای ڤاسیلیسای خێزانیدا دەگەڕێ. داپیرەی جادووباز وتی: "دەزانم، ژنی تۆ ئێستا لە دەستی کاشیی نەمردایە و زۆر بە زەحمەت پێیدەگەی. کاشی بە نووکی دەرزییەکەوەیە لە هێلکەیەکدا و هێلکەکەش لە سکی مراوییەکدایە و

مراوییەکەش لە سکی کەروێشکێکدایە وئەمیش لە سنگی گاشەبەردێکدایە و گاشەبەردیش بە سەر داربەڕوویەکی بەرزەوەیە کە کاشیی نەمر وەك گلێنەی چاوەکانی پارێزگاریی دەکات.

شازادە ئیڤان ئەو شەوەی لەوێ بردەسەر و بۆ سبەینێ بەیانی داپیرەی جادووباز ئەو شوێنەی پیشان دا کە داربەڕووەکەی لێیە. شازادە ئیڤان کەم یان زۆر بە ڕێگاوە بوو.. کەس نازانێ.. تاوەکو گەیشتە دار بەڕوویەکی هێجگار زەبەلاح و گەلاکانی هاژ و هووژیان لێوە دەهات و گاشەبەردەکەشی بە سەرەوە بوو.

شازادە ئیڤان تەماشای کرد گاشەبەرد بە شوێنێکی سەختەوەیە و گەیشتنی مەحاڵە. لەبەر ئەوە زۆر داما و پەژارە دایگرت. لەناکاو ورچێك بە هەڵەداوان هات و کەس نەیزانی لە کوێوە پەیدا بوو.. لە دار بەڕووەکە نەوی و لە ڕەگ و ڕیشە دەریهێنا. گاشەبەرد کەوتە سەر زەوی و شکا و کەروێشکێکی لێوە دەرپەڕی و قەڵەمبازی دا و هەڵات.. لەپڕ کەروێشکێکی دیکە شوێنی کەوت و کردی بە دوو کەرتەوە, ئەمجار مراوییەکی لێوە دەرچوو و هەڵفڕی و چوو بە ئاسماندا بەڵام دەسبەجێ نێرە مراوییەکی لێپەیدابوو و بە ئاسماندا شوێنی کەوت و بە توندی خۆی لێدا و هێلکەیەکی لێبەربووەوە و کەوتە دەریایەکی شینەوە.

شازادە ئیڤان لە داخ و خەفەتدا کەوتە کوڵی گریان.. چۆن ئەم هێلکەیەی دەست بکەوێتەوە لەم دەریا قووڵ و بێبنەدا. بەڵام هێندەی پێنەچوو ماسییەك بە مەلەکردن هات و هێلکەکەی لەناو دەمدا بوو و لە ڕۆخی دەریاکە داینا. شازادە ئیڤان هێلکەکەی شکاند.. دەرزییەکەی دەرهێنا و هەموو هێز و توانای خۆی خستەکار ئەوسا توانی نووکی دەرزییەکە بشکێنێ. بەمجۆرە کاشی کەوتە هەڵبەز و دابەز و لەقەفرتێ و گیانی بە دەستەوە دا و مرد.

ئەوجا شازادە ئیڤان چوو بۆ کۆشکی کاشی کە لە بەردی سپی دروستکرابوو.. لەوێ ڤاسیلیسای دانا بە ڕاکردن بە پیریەوە هات و بە گەرمی لە ئامێزی گرت و ماچی کرد. دواجار شازادە ئیڤان و ڤاسیلیسای دانا پێکەوە بە جووتە گەڕانەوە بۆماڵی خۆیان و بە خۆشی و شادییەوە ژیانیان بردەسەر.

★★★★★

# چۆن کوڕەکان گەنجینەکەی باوکیان دۆزییەوە

## چیرۆکێکی فۆلکلۆریی مۆلداڤییە

دەگێڕنەوە، سەروەختێك پیاوێك سێ کوڕی بوو. ئەم پیاوە زۆر ئیشکەر بوو بەردەوام بەبێ هیچ وەستان و سرەوتێك لە سپێدەی بەرەبەیانەوە تا تاریکیی ئێوارە کاری دەکرد و ماندوبوونی بۆ نەبوو. ئەم پیاوە بۆ هەر کارێك وەختێکی تەرخان کردبوو. کوڕەکانی گشت گەنج و کەڵەگەت و بە هێز و بازوو بوون، کەچی تەمەڵ و تەوەزەل بوون و ئارەزووی کارکردنیان نەبوو. باوکیان هەمیشە سەرقاڵی ئیشکردن بوو لە کێڵگە و باخ یان لە ماڵەوە و کوڕەکانیشی لە بندارێکدا

لێی پاڵدەکەوتن و هەر دەمە لە بابەتێك دەدوان و چەنەچەنیان لە سەر دەکرد، یان دەچوونە سەر ڕووبار و بە ڕاوەماسییەوە خۆیان دەخافڵاند. دەر و دراوسێ لێیان دەپرسین: "باشە ئێوە بۆ قەت هیچ کارێ ناکەن؟ بۆ یارمەتیی باوکتان نادەن؟". کوڕەکانیش لە وەڵامدا دەیانوت: "ئەی بۆ ئیش بکەین؟ باوکمان زۆر باش کاروبارمان بەڕێوەدەبات و دەمانژێنێت و خۆی بە تەنها هەموو شتێك دەکات". ساڵ لە دوای ساڵ بەم شێوەیە ژیانیان بەسەردەبرد. ڕۆژگار هات و ڕۆیشت و باوکە پیربوو و بە ساڵدا چوو و هێز و گوڕەکەی جارانی نەما و ئیتر نەیدەتوانی وەك چاخی جاران ئیش و کارەکانی ڕاپەڕێنێ و مەزرا و باخی دەوروپشتی ماڵەکەیان نەکێڵرا و پشتگوێ خرا. بەروبوومی کێڵگە هاتە کزی و دایە دڕکوداڵ و کوڕەکان بە چاوی خۆیان ئەمەیان دەبینی بەڵام کەسیان وەسەرخۆی نەدەهێنا و کەسیشیان بارێکی پێ ڕاست نەدەکرایەوە.

باوکە لەم کەمتەرخەمی و بێدەسەڵاتییەیان هاتە دەنگ و وتی: "کوڕە باشەکانم، تاکەی ئاوها دادەنیشن و هیچ کارێك ڕاناپەڕێنن؟! من تا توانیم کردم و ئێستاش نۆرەی ئێوەیە". کوڕەکانیش بەم جۆرە وەڵامی باوکیان دایەوە: "جارێ چیمانە لە ئیشکردن، وەخت زۆرە بۆ ئەوە".

باوکە زۆر تووڕە و زویر بوو لەم بارە و پاش ماوەیەك نەخۆشیی زەبری بۆهێنا و لە جێگادا خستی. هەژاری و نەداریی ڕووی تێکردن و بەجارێ کەوتنە سەر ساجی عەلی. گژوگیا و دڕکوداڵ مەزرا و باخەکەیانی داپۆشی و تەنانەت خانووەکەشیانی تێیدا نوقم بوو و بە دەرەوە نەما.

ڕۆژێکیان پیرە کوڕەکانی بانگ کردە لای خۆیەوەو پێی وتن: "ڕۆڵە ئازیزەکانم، وا من دوایی دەنگمە و مردنم نزیکە.. ئێوە لە دوای من چۆن دەژین و چی دەکەن بۆ دابینکردنی ژیان وگوزەرانتان؟ نازانم چیتان پێبڵێم، ئێوە نە ئارەزووی ئیشکردنتان هەیە و نە دەشزانن چۆن چۆنی ئیش بکەن...".

کوڕەکان بەم قسەیەی باوکیان دڵیان داچڵەکی و کەوتنە گریان. کوڕە گەورە دەستەودامێنی باوکی بوو و وتی: "توخوا بابە گیان پێمان بڵێ، بۆ دواجار ڕاسپاردە و ئامۆژگاری خۆتمان پێبڵێ..", باوکە لە وەڵامدا وتی: "زۆرباشە.. وا من نهێنییەکتان بۆ دەدرکێنم کە تا ئێستا هەر لە دڵی خۆمدا بووە و بۆ کەسم ئاشکرا نەکردووە. ئێوە هەمووتان دەزانن کە من و دایکی خوالێخۆشبووتان بە درێژایی ژیانمان کارمان کرد و بەمە توانیمان لانە و کولانەیەك بۆ خۆمان پێکەوەبنێین و چەردەیەك پارەش پاشەکەوت بکەین, کاتی خۆی من دام بە ئاڵتوون و لە گۆزەکەیدا هەڵمگرت. گۆزەکەم لە نزیکی خانووەکەمان لە چاڵێکدا شاردووەتەوە و ئێستا ڕێ نابەمەوە سەری. لەبەرئەوە بگەڕێن بۆ ئەو گەنجینەیەو کە دۆزیتانەوە هەرگیز هەژارو دەستکورت نابن".

پاشان باوکی پیر ماڵاوایی لە کوڕەکانی کرد و کۆچی دوایی کرد. کوڕەکانی ناشتیان و پرسەیان بۆ گرت و پاش ماوەیەك برا گەورەکەیان وتی: "براکانم، وا ئێستا ئێمە هیچمان نیە پێی بژین و گوزەرانی خۆمانی پێدابین بکەین. تەنانەت قرۆشێکیشمان نیە پارچە نانێکی پێبکڕین. لە بیرتانە باوکمان پێش ئەوەی بمرێ چی پێ وتین؟ ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە بۆ ئەو گۆزە ئاڵتوونە بگەڕێین".

براکان خێرا پاچ و خاکەنازیان هەڵگرت و بە چواردەوری ماڵەکەیاندا دەستیان دایە زەوی هەڵکۆڵین وچاڵ هەڵکەندن. هەموو ئەو ناوەیان هەڵکەند بەڵام هیچ گۆزە ئاڵتوونێکیان نەدۆزییەوە.

ئەوجا برای ناونجی وتی: "برایان، ئەگەر ئێمە هەر بەم جۆرە چاڵ هەڵبکەنین ئەو گەنجینە نادۆزینەوە کە باوکم شاردوویەتیەوە. با گشت ئەو زەوییەی دەوروپشتی خانووەکەمان هەڵدڕین".

براکان ئەم قسەیەیان پەسەند کرد و دیسانەوە پاچ و خاکەنازەکانیان هەڵگرت و هەموو زەوییەکەیان هەڵدڕی کەچی هەر کووپە ئاڵتوونەکەیان نەدۆزییەوە. ئەمجار برا بچووك وتی: "من وا پێشنیار دەکەم کە جارێکی تریش بەسەریدا

بڕۆینەوە و زەوییەکە بە قووڵی هەڵکەنینەوە. کێ دەزانێ، لەوانەیە باوکمان گۆزەکەی لە شوێنێکی قووڵتردا شاردبێتەوە".

براکان ئەم قسەیەشیان لا پەسەند بوو, چونکە زۆریان پێویست بەم گۆزە ئاڵتوونە بوو! برا گەورە هەر چاڵەکەی خۆی هەڵدەکۆڵی و قووڵی دەکردەوە، لەناکاو دەمی بێڵەکەی لە شتێکی ڕەق و زل گیربوو. دڵی بە توندی داخورپا و شاگەشکە بوو و هاواری کردە براکانی: "خێراکەن، ڕاکەن، وەرن گەنجینەکەی باوکمم دۆزییەوە!".

هەردوو برا ناوەنجی و بچووك بەهەڵەداوان چوون بۆ لای برا گەورە و زۆریان هەوڵدا تا شتەکەیان دەرهێنا، تەماشایان کرد گۆزە ئاڵتوون نیە بەڵکو بەردێکی زل و قورسە. بۆیە بەجارێ نائومێد بوون و کەوتنە پرسیار کردن لە یەکتر: "باشە ئێستا ئێمە چی لەم بەردە بکەین؟ خۆ نابێ لێرەدا بەجێی بێڵین. با هەڵیبگرین و لەم پەڵە زەوییە دووریبخەینەوە". بەمجۆرە بەردەکەیان لە زەوییەکە دوورخستەوە و جارێکیتر کەوتنەوە ئەرز هەڵدڕین. بە درێژایی ئەو ڕۆژە هەر خەریکبوون و بگرە خواردن و پشوودانیشیان لە بیرچووبۆوە. بۆجاری سێهەمیش پەڵە زەوییەکەیان ئەمدیوو ئەودیو کردەوە و گڵەکە بەچاکی نەرم و شیبووەوە، بەڵام هەرچەندیان کرد و کۆشایان گۆزە ئاڵتوونەکەیان بۆ نەدۆزرایەوە.

برا گەورە وتی: "چاکە، وا ئێستا ئەم زەوییەی خۆمانمان بە پوختی کێڵاوە و گڵەکەیمان شی و شیتاڵ کردووەتەوە, بۆ هەروا بەخۆڕایی وازی لێبێنین؟ بۆچی نەیکەین بە ڕەز و باخ؟". دوو براکەی تر وتیان: "زۆر شتێکی چاکە! بەم جۆرە کار و ماندووبوونەکەشمان بە فیڕۆ ناچێ". ئەوجا دەستیان کرد بە ڕواندنی دارمێو و پاشانیش بە چاکی سەرەوکاری و خزمەتیان دەکرد. فرەی پێنەچوو ڕەزێکی جوانی لێ هاتە بەرهەم و هێشووە ترێیەکی بێشوماری لێهەڵخست و وەك ئاڵتوون لە بەر خۆردا دەبریسکانەوە. پاشان براکان ترێیەکی زۆریان ڕنی و خۆیان چەندیان لێ پێویست بوو گلیاندایەوە و ئەودوایان فرۆشت و پارەیەکی مۆڵیان دەست کەوت.

لێرەدا برا گەورە وتی: "براکانم، ئەمەیە ئەو گۆزە ئاڵتوونەی کە باوکم لە پێش مردنیدا باسی کرد. کارەکەمان بەفیڕۆ نەچوو و بە هەڵدڕین و کێڵانی زەوییەکەمان گەنجینەیەکی زۆر بە نرخمان دەست کەوت".

برای ناوەنجیش وتی: "ڕاستە، ئێمە لەمەودوا هەموو ساڵێ زەوییەکەمان هەڵدەگێڕینەوە و خۆمانی تێدا ماندوو دەکەین تا بەردەوام ئاڵتوونی لێ وەدەستبێنین".

بەم جۆرە براکان چاکی چالاکیی کارکردنیان لێهەڵکرد و هەموو بابزێك ئەو گۆزە ئاڵتوونەیان دەست دەکەوت کە باوکیان باسی بۆ کردبوون.

★★★★★

# گیاندارانی بەئەمەك

## چیرۆكێكی فۆلكلۆری كـاریلیـیــە

رۆژێ لە رۆژان ئاغایەكی خاوەن ملك، لە دارستانێكدا پیاسە دەكات، لەناكاو دەكەوێتە چاڵێكی قووڵەوە كە بۆ راوكردنی گورگ ئامادەكرابوو. كاتێ ئاغا هاتەوە هۆشی خۆی تەماشای كرد چاڵەكە ورچێك و مەیموونێك و مارێكی تێدایە. ئاغا زۆر ترسا و خەریكبوو زەندەقی بچێت، بەلاّم ورچەكە دڵنیای كردەوە و وتی: "مەترسە، هیچ زیانێكمان نابێ بۆت، ئێمە هەموومان لەم چاڵەدا گیرمانخواردووە و گرفتارین". رۆژێك دوان تێپەڕین و كەس نەبوو بە هانایانەوە بچێت. ئاغا هێندەی هاوار كرد و قیژاندی دەنگی دانووسا، بەلاّم هیچ وەلاّمێك نەبوو لە دەنگدانەوەی خۆی بەولاوە. دەمەو ئێوارەی رۆژی سێهەم، ئاغا قرچە قرچێكی پێ و پووش و لقەداری وشكهەلاّتووی هاتە بەرگوێ، كە دیاربوو كەسێك بەو ناوەدا گوزەری دەكرد. ئاغا تا توانی دەنگی هەڵبڕی و هاواری كرد: "هەركەسێك هەیت فریام كەوە، توخوا دەرم بێنە لەم چاڵە قووڵە".

كابراش كە خولاّمێكی هەژاری ئاغا بوو بە رێكەوت هاتبووە دارستانەكەوە، گوێی لەم دەنگە بوو و بە سەرسوڕمانێكەوە وتی: "ئەم دەنگە زۆر لە دەنگی ئاغام دەچێ". ئەوجا لە چاڵە گورگەكە نزیكبووەوە و بانگی كرد: "تۆ كێی ؟", ئاغا وەلاّمی دایەوە: "منم، منم، ئاغاكەی خۆت، فریام كەوە دەرمبێنە بەڵێن بێت خەلاّتێكی زۆر باشت بكەم!".

كابرا پاچێك و پەتێكی لەگەڵ خۆی هێنا بوو، خێرا دارێكی بڕی و لق و پۆپەكانی هەڵپاچی و ئەوجا پەتەكەی پێوە بەست و شۆڕیكردەوە بۆ نێو چاڵەكە، كە هەڵی كێشایەوە تەماشای كرد ورچێكی پێوەیە. ورچە بازێكیدا و لە دارستانەكەدا ونبوو. كابرا ترسی لێنیشت و لە بەرخۆیەوە وتی: "ئەمە دەبێ شەیتان بێت و گاڵتەی پێكردبێتم، وا بە دەنگی ئاغام بانگی كردم . وا چاكترە بڕۆم و لەم گوزەرەدا نەمێنم".

كاتێ كە ئاغا هەستی كرد جووتیارە مسكێنەكە نیازیە بڕوا هاواری لێهەڵسا و وتی: "بیكە بە خاتری خوا یارمەتیم بدە و لەم بیرە دەرمبێنە، مەرج بێت خانووەكەی كە تێیدای بتدەمێ بۆ خۆت".

كابرا هەژار بوو و كۆڵێتێكی دارینی ئاغای بە كرێ گرتبوو، لە دڵی خۆیدا وتی: "بۆچی ئەمجارەش بەختی خۆم تاقی نەكەمەوە ! لەوانەیە ئاغا زنجەكەم بە خەلاّت بداتێ". ئەمجارەشیان سەرێكی پەتەكەی فڕێدایە ناو چاڵەكەوە كەچی مەیموونێكی پێدا هەڵزنا و هاتە دەرەوە. مەیموون كڕنۆشێكی مانادراری بۆ برد و ڕایكردە نێو دارستانەكەوە.

كابرا سەرێكی ڕاوەشاند و وتی: "بەخوا جوانە ! خۆ من بە كرێ نەگیـراوم ئاژەڵ و گیانداران لەم چاڵە دەربێنم"، لەبەرئەوە بڕیاریدا بڕواتەوە بۆ ماڵ.

ئاغا لە بنی چاڵەكەوە هاواری لێبەرزبووەوە: "پیاوی چاك بە، مەڕۆ.. یارمەتیم بدە و لەم تەنگانەیە دەرمبێنە، بەڵێنت دەدەمێ تەواوی خەرجی زەماوەندەكەت بخەمە ئەستۆی خۆم!".

كابرای مسكێن لە دڵی خۆیدا وتی: "ببێ و نەبێ ئەمە هەر ئاغامە لەم چاڵەدا، چونكە بێجگە لەو كەسی تر نەیبیستووە كە من نیازی ژنهێنانم هەیە".

بۆیە جارێكی تریش پەتەكەی شۆڕكردەوە ناو چاڵە قووڵەكە و كاتێ هەڵدەكێشایەوە بە سەرسامییەكەوە لەبەرخۆیەوە دەیوت: "باشە تۆ بڵێی ئاغام ئەوەندە لەڕو لاواز بوو بێ؟ خۆ من هیچ هەستێك بە قورسایی ئەو ناكەم !"و كاتێ

دارەکەی دەرهێنایە دەرەوە تەماشایکرد مارێکی پێوەیە. مارەکە سەری خستە سەر خاکی بەرپێی کابرا و خشایە نێو دارستانەکەوە.

کابرا بە قێزێکەوە وتی : "بەهـ بەهـ لەم جروجانەوەرە هیچوپووچانە ! توخوا تا ئەقڵیشم لەدەست نەداوە با تا زووە بڕۆمە ماڵەوە و تاوێك بخەوم!". ئەمەی وت و بە ناو دارستانەکەدا هەیپێی لێکرد. ئاغا دیسانەوە کەوتە هاوار و پاڕانەوە: "دەستم دامێنت نەکەی، ڕزگارم کە، هیچ ئاژەڵ و دڕندەیەکم لە لا نەماوە. پەتەکەم بۆ شۆڕ بکەرەوە و دەرمبێنە، سوێند بێ هەرچی ماڵ و سامانم هەیە بتدەمێ".

پیاوە هەژارەکە بە تەواوی خەم و پەژارە دایگرت بۆ حاڵی ئاغاکەی و ناچار پەتەکەی شۆڕکردەوە بۆ ناو چاڵەکەو ئەمجارەیان ئاغای دەرهێنایە دەرەوە. ئاغا لە برسانا لەڕولاواز بووبوو و بە زەحمەت دەیتوانی بڕوا بە ڕێوە. ئەمیش پارچەنانێکی لە باخەڵی خۆی دەرهێنا و دایە ئاغا خواردی و ئەوجا چووە ژێر باڵی و هەردوکیان بەرەو کۆشکی ئاغا گەڕانەوە. کاتێ گەیشتنە بەردەرگا ئاغا پێی وت: " بچۆرەوە بۆ ماڵی خۆت، ئیتر من پێویستم بە تۆ نەما "، بەڵام لەبارەی خەڵات کردنیەوە هیچی نەدرکاند.

کابرای هەژار لەبەرخۆیەوە وتی: "قەیناکە، لێیدەوەستم تا دێتەوە سەرخۆی، خۆ شتێکی هەروا ئاسان و گاڵتە نیە سێ ڕۆژ لەگەڵ ورچێکدا بێ نان و ئاو لە چاڵێکدا بمێنیتەوە".

بۆ سبەینێ بەیانی کابرا چوو بۆ ماڵی ئاغا و پرسی: "ئاغا لە ماڵە؟".

– "بەڵێ لە ماڵە، چیت دەوێ لە ئاغا؟"

– "شەوی ڕابردوو لە چاڵێکی قووڵ دەرمهێناوە، ئەویش بەڵێنی داوە خەڵاتم بکات".

خزمەتکارەکان خێرا هەواڵەکەیان دا بە ئاغا و ئەویش کە بیستی کابرا مەسەلەکەی لە خەڵکی گەیاندووە، فەرمانیدا دارکاری بکەن. چەورە و خزمەتکار گرتیان و بەر قامچییان دا و بە لەشولاری شکاوەوە ناردیانەوە ماڵی خۆی. کاتێ ڕۆیشتەوە بۆ کۆڵێتەکەی، مام ورچ بە پیریەوە هات و بە ڕێزەوە سڵاوی لێکرد، ئەمیش ئەوەندە ترسا لە حەیبەتا ڕایکردە لای ئاگردانەکەوە و تەماشای کرد مارێکیش لەوێدا پەپەرەی کردووە. کابرا لە شوێنی خۆی حەپەسا و وشك بوو، بەڵام ورچە بە دەنگێکی ئادەمیانەوە پێی وت : "ڕانێك گۆشتی گوێرەکەم بۆ هێناوی وەك دیارییەکی بچووك بۆ زەماوەندەکەت".

هێندەی پێنەچوو تەقەی دەرگا هات، کە کردیەوە تەماشای کرد مەیموونەکەیە وسەرێکی بۆ لەقاند و وتی: "من هەندێ دار و چیلکەم بۆ هێناوی بۆ زەماوەندەکەت". مەیموون ئەمەی وت و خێرا کۆڵەکەی دانا و ڕۆیشت بۆ دارستانەکە بۆ ئەوەی کۆڵەدار و چیلکەی تر بێنێ. مارەکەش لە ئاگردانەکە هاتە خوارەوە و گەوهەرێکی یەفکردەوە و خستیە بەرپێی کابرای هەژار. ئەمیش لەبەرخۆیەوە وتی: "ئەم گەوهەرە دەبێ پارەیەکی باش بکات، دەچم دەیفرۆشم و خەرجی زەماوەندەکەمی پێ بەڕێوەدەبەم".

بەمجۆرە کابرا گەوهەری هەڵگرت و بردی بۆ فرۆشتن. خەڵکەکە مقۆمقۆیان تێکەوت و لێی کەوتنە پرسیار:

– ئەمە بە چەند دەفرۆشی؟

– بە سەد ڕۆبڵی دەفرۆشم !

– ئەمەت لە کوێ پەیدا کردووە، بێگومان دزیوتە !

ئەم قسانە زۆری ڕق هەڵساند و تووڕەی کرد، بۆیە هەموو شتێکی بۆ گێڕانەوە، بەڵام بەسەرهاتی وا بە ئەقڵی کەسەوە نەچوو و بڕوایان پێنەکرد و دەسبەجێ گرتیان و قۆڵبەستیان کردو بردیان بۆ لای دادوەر. دادوەر ڕووی دەمی تێکرد و وتی: " پێویستە ڕاستم پێبڵێی. هەموو شتێك وەکو چۆن ڕوویداوە بە ڕاستی و دروستی بیگێڕەوە".

کابراش لە وەڵامدا وتی : "من لەناو دارستانەکەدا دەسووڕامەوە، لەناکاو گوێم لە هاوار هاوارێك بوو: خەڵکینە دەستم دامێنتان فریام بکەون، منیش لێی نزیکبوومەوە و تەماشام کرد ئاغاکەی خۆمە هاوار دەکات. ئاغا تکای لێکردم کە لە چاڵە گورگەکەی دەربێنم و بەڵێنی دامێ کە خەڵاتێکی باشم بکات. یەکەمجار پەتەکەم شۆڕکردەوە ورچێکی پێوە دەرهات، دووەمجار مەیموونێك هاتە دەرەوەو سێهەمجاریش مارێك. لە کەڕەتی چوارەمدا ئاغام لە چاڵەکە دەرهێنا و پارچە نانێکی خۆمم دایە و هێنامەوە بۆ ماڵەوە. بۆ ڕۆژی دواتر چوومەوە بۆ لای، لە جیاتی خەڵاتکردن، فەرمانی دا بە خزمەتکارەکانی فەلاقەم بکەن. پاشان گەڕامەوە ماڵەوە و لەوێ گیاندارەکان بە خۆیان و دیاریی دەستیانەوە پێشوازییان لێکردم. ورچە ڕانە گۆشتێکی گوێرەکەی بۆ هێنابووم، مەیموون دار و سووتەمەنی و مارەکەش ئەم بەردە گرانبەهایەی بۆ هێنام کە ئێستا پێمە".

دادوەر سەرێکی بۆ لەقاند و بێ ئەوەی بتوانێت هیچ بڕیارێك بدات وتی: "بابزانم، ڕەنگە تەواوی ئەوانەی تۆ باست کردن زۆر ڕاست و دروست بن، بەڵام دادگا ناتوانێ ئەم قسانەت بێ شایەت بسەلمێنێ".

– "ئێ ئاخر من ئێستا ئەو شایەتانە لە کوێ بێنم؟"

کابرا ئەم قسانەی کرد و نەکرد، ئەوەندەی زانی دەرگاکە کرایەوە و ورچە خۆی کرد بە دادگادا و مەیموونەکەی خستبووە سەر شانی و مارەکەشی ملوانکە ئاسا لە ملی خۆی ئاڵاندبوو. یەکڕاست چووە بەردەمی دادوەرو پێی وت: "ئەم پیاوە ڕاستی پێ گوتوویت، بەڵام تۆ ڕەفتار و مامەڵەی خراپت لەگەڵدا کردووە. خەڵکینە من ئێستا پەشیمانم و زۆر بە داخەوەم کە ئاغام نەپرواند و نەمکوشت کاتێ کە لە چاڵە گورگەکەدا پێکەوە بووین و ئەگەر ئەمجارە تووشم ببێت دەزانم چۆن تۆڵەی ئەو فەلاقەکردنەی لێدەکەمەوە و باشی پێدەنوێنم".

بەو ڕەنگە دادگا بڕیاری بێتاوانیی کابرای هەژاری دەرکرد، کڕیاریش پەیدابوو بۆ گەوهەرەکەی و پارەیەکی مفتی کرد و خانووە دارینەکەی لە ئاغا کڕی و زەماوەندی خۆی تێدا گێڕا و لەوەبەدوا ژیانێکی ئاسوودە و کامەرانی بردەسەر.

*****

# کەروێشکە سپی و دەڵە ڕێویــە سوور

### چیرۆکێکی فۆلکلۆری تووڤاییە

دەگێڕنەوە، لە سەروەخت و زەمانیکدا، پیرەمێردێك نە ماڵ نە منداڵی بووە نە مەڕومالاَت. گوند بە گوند دەگەڕاو بە سواڵ و سەدەقەی خەڵك گوزەرانی دەکرد و دەژیا. جارێکیان لە چوارڕێیانێکدا جەواڵێکی ئەستووری گەورەی دەم پێچراو دەدۆزێتەوە و لە دڵی خۆیدا دەڵێ: "خوا بە خێری بگێڕی و بەختم ڕوو لە چاکە بێت" و خێرا پەلاماری جەواڵەکەی دا و هەر کە دەمی جەواڵی کردەوە یەکسەر گورگێکی بۆری برسی لێوە دەرپەڕی و بە کەڵبە و دانی

ڕیچیەوە مرەیەکی لێکرد و وتی: "پیرەمێردی بێچارە، هەر ئێستا دەتخۆم.. بە تەواوەتی قووتت دەدەم و دەمێکە چاوەڕێی ئەم ڕۆژە خۆشەم!".

کابرای پیرە هێندەی ترس و سام لێنیشت دەم تەتەڵەی دەکرد و تەنها ئەوەندەی توانی منجە منجێك بکات و بڵێت: "کەمیکی تر.. توخوا پەلە مەکە .. دەتوانی دوایی، سەرلەئێوارە بمخۆی" . گورگە بۆر سەرێکی ڕاوەشاند و ڕازی بوو: "بەڵێ با وابێ و سەرلەئێوارە بێ". ئەمەی وت و سەرێکی بەرزکردەوە بەرەو خۆر. پیرە کەمێ هیوای پەیدا کرد و پێی وت: "من ڕزگارم کردی و تۆش دەتەوێ بمخۆی.. ئەمە کەی ڕەوای هەقە.. با خەڵکی دادمان بکەن".

گورگە ڕازی بوو, ئەوجا پێکەوە بۆیدەرچوون بە ڕێگایەکدا و فرەی نەبرد گایەکی زلیان تووش هات. پیرە بە گاکەی وت: "ئەم گورگە خرابووە جەواڵێکەوە و دەمی جەواڵەکە شەتەك درابوو ، لە سەر ڕێگەیەك فڕێدرابوو، من ڕزگارم کرد، باش ڕاستە و ڕەوای هەقە کە ئێستا نیازی ئەوەی هەیە بمخوات؟"

گاکە ماوەیەك داما و بیری کردەوە، پاشان وتی: "من ناتوانم بەڵگەی تۆ بسەلمێنم.. تێناگەم چۆن مرۆڤ گورگ ڕزگار دەکات؟ بەڵام کەروێشکێکی سپی هەیە لەم دارستانەدا دەژی و کەروێشکێکی ژیرو دانایە، با ئەو دەتوانێ دادی نێوانتان بکات، بڕۆن بۆ لای".

کابرای پیرە و گورگەکە چوونە دارستانەکە و گورگە ئارامی لەبەر بڕابوو، دەیویست زووبەزوو کابرا بخوات و لە برسا لاکەی دڵی دەهات و لەناکاو تووشی کەروێشکە سپی بوون. پیرە هاواری کرد: "ڕۆژباش مام کەروێشك ! تکام وایە ئەم کێشەیەمان چارەسەر بکەیت !". کەروێشك لێی هاتە پێشەوە و پرسی: "کێشەتان چیە؟". پیرە وتی: "کێشەکە ئەوەیە، من بە ڕێگەی خۆمدا دەڕۆیشتم و جەواڵێکم بینی، دەمەکەیم کردەوە و ئەم گورگە دەرپەڕییە دەرەوە! وەك دەیبینی من ڕزگارم کرد کەچی ئێستا ئەو گەرەکیە بمخوات". گورگەش دایە پاڵ قسەی پیرە و وتی: "بەڵێ، دەمەوێ بیخۆم !" .

کەروێشك سەرێکی لەقاند و وتی: "من دادوەرێکی ڕاستم و دەمەوێ ئەو شوێنە ببینم، هەروەها دەبێ بە چاوی خۆیشم ئەوە ببینم کە تۆ چۆن ئەم گورگەت ڕزگار کردووە".

پاشان هەرسێکیان کەوتنەڕێ بەرەو شوێنی ڕووداو، لەوێ کەروێشك پرسی: "باشە، مامە پیرە، پیشانم نادەی جەواڵەکە لە کوێدا بوو؟". پیرە دەستی ڕاکێشا بۆ جێگەی جەواڵەکە و وتی: "ئا لەم شوێنەدا جەواڵەکەم دۆزییەوە". لێرەدا کەروێشك وتی: "کەواتە ئێستا، جەواڵەکە لەو شوێنەدا دانێ کە تێیدا دۆزیوتەتەوە". ئەمجار ڕووی دەمی کردە گورگە و وتی: "دە تۆیش، مام گورگ، پیشانمدە چۆن لە جەواڵەکەدا پاڵکەوتبوویت". گورگەش خۆی ترنجاندە نێو جەواڵەکەوە و کەروێشکە سپی پرسی: "باشە جەواڵەکە دەمی پێچرابوو یان نە؟", پیرە وتی: "بەڵێ پێچرابوو". کەروێشکیش فەرمانیدایە: "ئادەی پیشا نمدە چۆن بەسترا بوو؟" ئەوجا پیرە توند دەمی جەواڵەکەی بەست. دواجارکەروێشك وتی: "چاکە، ئێوە لەم بارو دۆخەدا بوون و ئیتر تەواو وا من کێشە و گرفتەکەی ئێوەم چارەسەر کرد. مامە پیرە، ئێستا تۆ دەتوانی بە ڕێی خۆتدا بڕۆی، لێی گەڕێ با گورگوکە لە جەواڵەکەدا پاڵکەوێ و خوات لەگەڵ !". پاشان بە قەڵەمباز و بە ڕێی خۆیدا گەڕایەوە نێو دارستانەکە...

هەر لەو دارستانەدا دەڵەڕێوییەکی چلکنی ڕەشداگەڕاو ژیانی دەبردە سەر. ڕۆژێکیان ویستی پێشبڕکێ لەگەڵ ماسیدا بکات ـ چووە سەر ڕووبار و ئەم نیازەی لە ماسیی گەیاند .. ئەمیش سێ و دووی لێنەکرد و وتی:
"سبەینێ بەیانی ئامادە بە، با بزانین کێ خێراترە".

هەر ئەو ساتە ماسییەکە جاڕیدا بە هەموو ماسییەکانی ڕووباردا و ئەم دوژمنکاری و گومڕاییەی ڕێویی تێگەیاندن و وتی: "سبەینێ کە دەڵە ڕێوی هات و لە منی پرسی .. لە ئاستی هەر یەکێکتان بوو با سەر لە ئاوەکەوە دەرکا و بڵێ من لێرەم، بۆ ئەوەی ببێتە پەندێك بۆ ئەم دەڵە ڕێوییە ملهوڕە".

سبەینێ بەیانی کە خۆر هەڵات دەڵە ڕێوی بە ڕاکردن هاتە سەر ڕووبارەکە و هاواری کرد: "هۆ .. هۆ ماسییە لووتە، ئەوە لێرەی؟" ماسییەکە سەری دەرهێنا و وەڵامی دایەوە: "بەڵێ، لێرەم" و پاشان خۆی لە ئاوەکەدا نوقم کرد.

دەڵەڕێوییش تا توانی بە قەراخی ڕووبارەکەدا ڕایکرد و پاشان هەڵوەستەیەکی بۆ کرد و بانگی کرد: "هۆ ماسییە خوێڕی لێرەی؟". هەر دەسبەجێ ماسییەك لەو نزیکانەوە سەری دەرهێنایە دەرەوە و وەڵامی دایەوە: "بەڵێ، لێرەم !".

دەڵە ڕێوی دیسانەوە خێراتر و توندتر کەوتەوە ڕاکردن تا وایلێهات تینی لەبەر بڕا و هەناسەبڕکێی پێکەوت و زمانی بستێك لە دەمیەوە دەرهاتبوو. کە گەیشتە شوێنی دیاریکراو ماسییەکی تر سەری دەرهێنا و وتی: "لە مێژەوە چاوەڕێتم لێرە .. دەڵە ڕێوی".

ئەمیش لە ڕقاندا دانەکانی جیڕکردەوە و لێوی خۆی دەکرۆشت و دەیوت: "چیتان پێبڵێم .. ئێوە زۆرن و هەرگیز بڕوا ناکەم یەك ماسی بن.. ڕاست نیە!". دەڵە ڕێویی ملهوڕ ئەم قسانەی کرد و لە ڕق و شەرمەزاریی خۆیدا لە تەوقی سەریەوە تا پەنجەی پێی سوور هەڵگەڕا و ئیتر هەر بە سووری مایەوە.

★★★★★

# گـــورگ و ڕێــوی

## چیرۆکێکی فۆلکلۆری ڕووسییە

دێر زەمانێك لەمەوبەر باپیرە و داپیرەیەك پێکەوە دەژیان. ڕۆژێکیان باپیرە بە ژنەکەی دەڵێ:

– ژنەکە توێشەبەرەیەك نانم بۆ بپێچەوە. وا من ترۆیکاکە ئامادە دەکەم و دەچم بۆ ڕاوە ماسی.

ئەوجا باپیرە پڕ بە گالیسکەیەك ماسی ڕاو کرد. لە کاتێکدا کە دەگەڕایەوە بۆ ماڵ ڕوانی ڕێوییەك لە چەقی ڕێگاکەدا گوڵۆڵە بووە. باپیرە لە گالیسکەکەی دابەزی و لە ڕێوییەکە نزیك بوەوە و تەماشای کرد ڕێوی هیچ جووڵەیەکی بۆ ناکات و وەك جەستەیەکی سارد و سڕ هەر بە گلۆڵەیی مایەوە.ئەمیش لە دڵی خۆیدا وتی:

– ئای کە شتێکی نایابم دۆزیوەتەوە! کەوڵەکەی دەکەم بە یەخەیەکی چاك بۆ پاڵتۆی پیرەژنەکەم!

پاشان باپیرە ڕێویەکەی هەڵگرت و فڕێیدا ناو گالیسکەکەوە و کەوتەڕێ. ڕێوی ئەم دەرفەتەی قۆستەوە و کەوتە تووڕدانی یەك بە یەکی ماسییەکان لە گالیسکەکەوە. پاش ئەوەی کە دوا ماسیی فڕێدایە خوارەوە خۆیشی بە دزییەوە بازیدا و بۆیدەرچوو.

باپیرە هەر کە گەیشتەماڵەوە هاواری کرد و دەنگی لە ژنەکەی کرد:

- هێی پیرەژن وەرە دەرەوە! یەخەیەکی جوان و قەشەنگم هێناوە بۆ پاڵتۆکەت!

داپیرە هاتە لای گالیسکەکەوە، بەڵام هیچی تێدا نەبینی نە ماسی و نە یەخە. لەبەرئەوە کەوتە سەرزەنشت کردنی مێردەکەی و دایە بەر پلاری ناشیرین:

- پیرەمێردی بەدفەساڵ، ئەوە بۆ لاقرتێم پێدەکەیت!

لێرەدا باپیرە زانی کە ڕێویەکە نەتۆپیوە و فێڵی لێکردووە. بۆیە لە ڕقاندا چاوی پەڕییە تەوقی سەری و نەیدەزانی چیبکات. لەولاشەوە ڕێوی تەواوی ماسییەکانی هەڵچنی و کۆیکردنەوە و دانیشت و دەستی کردە خواردنیان. گورگێك بەوێدا گوزەری کرد و لێی چووە پێشەوە و وتی:

- ڕۆژباش باوکەکەم ! دەك نۆشی گیانت بێ.
- بچۆ بەولاوە ماسیی خۆمە و دەیانخۆم.
- ئەی ماسییەکم نادەیتێ بیخۆم!
- نەخێر نایدەم، بڕۆ بۆ خۆت ڕاو بکە و ماسی بگرە و بیخۆ.
- ئاخر من بە چاکی ڕاوکردن نازانم.
- دەك ماڵت بە قوڕ بگیرێ! ئەی نابینی من ئەم هەموو ڕاوەم کردووە. باوکی من، هەر ئێستا بچۆ بۆ ڕووبارەکە و لە سەر بەستەڵەکەکە کلکت بخەرە کونێکەوە و لە سەری دانیشە و بڵێ: هۆ ماسییەکە، ماسییەکە.. گەورە بیت یان بچووك.. خۆت هەڵواسە بە کلکمدا ! بەمجۆرە ماسیی لە خۆیەوە دێت و خۆی هەڵدەواسێ بە کلکتدا، چەندەش زۆر دانیشی ئەوە ماسی زۆرتر دەگری.

گورگە بە قسەی ڕێوی کرد و چوو بۆ ڕووبارەکە، لەوێ کلکی داهێنایە خوارەوە بۆ چاڵاوێك و دانیشت و کەوتە منجە منج:

- هۆ ماسییەکە ، ماسییەکە .. گەورە بیت یان بچووك .. خۆت هەڵواسە بە کلکمدا !
- هۆ ماسییەکە ، ماسییەکە .. گەورە بیت یان بچووك .. خۆت هەڵواسە بە کلکمدا !

مام ڕێوی بە لای گورگەدا گوزەری کرد و لەبەر خۆیەوە دەیوت:

- ئەستێرەکانی ئاسمان جریوەیان دێ، جریوەیان دێ بیبەستە هۆ کلکە گورگەکە.

گورگەکە لە ڕێویەکەی پرسی:

- ئەوە چی دەڵێی خاڵۆ؟
- ئەوە داوا لە ماسییەکان دەکەم لە کلکت نزیك بنەوە!

ئەوجا مام ڕێوی سەرلەنوێ دەستی کردەوە بە منگە منگ:

- ئەستێرەکان لە ئاسمان جریوەیان دێت، جریوەیان دێت، هۆ کلکە گورگەکە ببە بە بەستەڵەك، ببە بە بەستەڵەك.

گورگە ئەو شەوە تا بەیانی بە سەر کونی بەستەڵەکەکەوە هەڵتووتا تا کلکی بوو بە سەهۆڵبەندان. بۆ بەیانی ویستی هەڵسێ بەڵام نەیتوانی. ئەوجا بیری لێکردەوە: "ئەوە بۆ ناتوانم کلکم ڕاکێشمە دەرەوە, وا دیارە ماسییەکی زۆرم گرتووە!".

لەو کاتەدا داپیرە بەوێدا دەچوو بۆ ئاو و دوو دۆلکەی خستبووە سەر شانی. هەر ئەوەندە گورگەی بینی دەستی کردە قیژە و هاوار:

- گورگە، گورگە لێیدەن !

گورگەکە لە ترسا ڕاچڵەکی و ویستی هەڵبێت، بەڵام نەیتوانی کلکی دەرباز بکات. داپیرەش هەردوو دۆلکەکەی فڕێدا و تاوی دا گورگە و دایە بەر تێلاّ و تێروپڕی دارکاری کرد. گورگەش ئەوەندە تەقەلای کرد تاوەکو کلکی بچڕا و هەلاّت.
گورگە لە دلی خۆیدا وتی: " زۆر باشە، ڕێوی، باوات کردبێ ..چارت دەکەم وخۆم دەزانم چیت بە سەر دێنم!"
لەم ماوەیەدا ڕێوی بە دزییەوە چووە زنجەکەی داپیرەوە و هەرچی هەویر لە تەشتەکەیدا بوو هەمووی خوارد، پاشان هەندێ هەویری سووی لە سەری و ڕایکرد بۆ ڕێگەکە و لەوێ خۆی دا بە زەویدا و خۆیی گولۆڵە کرد و دەستی کردە ناڵە ناڵ. گورگە لێی هاتە پێشەوە و پێی وت:

– ئێ ڕێوی، ئاوها خەڵکی فێری ڕاوەماسی دەکەی! دەزانی چ دارکارییەك کرام !؟

ڕێویش لە وەلاّمدا وتی:

– ئای، باوکی من! تۆ کلکت لە دەستدا و سەرت بە سەلامەتی مایەوە. وەرە لای منەوە، وا سەریان پان کردوومەتەوە و مێشکیان تەقاندووم، تەنانەت ناتوانم ڕێیش بکەم.

گورگە سەرباری حاڵی خۆی بەزەیی پێدا هاتەوە و وتی:

– بەخوا ڕاست دەکەی؟ وەرە سەر پشتم دانیشە، بۆ کوێ دەڕۆی دەتگەیەنم.

بەم ڕەنگە ڕێویی فێڵباز چووە سەر پشتی گورگە و لە بەر خۆیەوە هەر منجە منجی بوو. گورگە لێی پرسی:

– ئەوە چیتە ڕێوی بەردەوام ورتەت دێت؟

– ئەوە دەمەوێ باری دەرد و مەینەتیت سووك بکەم.

مام ڕێوی سەرلەنوێ گەڕایەوە سەر منجەمنجی خۆی و بەردەوام ئەم قسەیەی دەوتەوە:

– لێدراو لێنەدراو هەڵدەگرێ!

– لێدراو لێنەدراو هەڵدەگرێ!

★★★★★

# ماشـــا و ورچــــەکــــە

## چیرۆکێکی فۆلکلۆری ڕووسییە

لە پەڕی دارستانێکەوە زنجێك هەبوو، ژن و پیاوێك لەو زنجەدا دەژیان، کچێکیان هەبوو ماشای ناو بوو.
ڕۆژێکیان دەستەخوشکەکانی ماشا لە سەر ئەوە ڕێککەوتن کە بچن بۆ دارستانەکە تاوەکو قارچك بێنن و بە ماشاشیان وت لە تەکیاندا بچێت. باوك و دایکی ڕوخسەتیان دا و ئامۆژگارییان کرد کە لە هاوەڵەکانی دوور نەکەوێتەوە نەوەك لە ژەمەن و بێشەڵانەکەدا بزربێت. کیژەکان چوونە قووڵایی ناّو دارستانەکەوە و شوێنی قارچکیان دۆزییەوە و زۆری

نەبرد سەبەتەکانیان لێ پڕکرد. بەڵام ماشا بە دەم قارچك کۆکردنەوەوە لە هاوەڵەکانی دوورکەوتەوە و لە ناو دارستانەکەدا ونبوو. پاشان ترسی لێنیشت و بێ ئەوەی ئاوڕ لە دواوە بدات و بێ ئەوەی بزانێت بۆ کوێ دەچێ کەوتە ڕاکردن. لەپڕ لە پشتی دارەکانەوە زنجێکی تاق و پەنجەرە نزم و دەرگا تەنگەبەری بینی و لێی نزیکبوەوە و لە دەرگاکەی دا بەڵام کەسی بە دەمەوە نەهات، ئەمیش پاڵی بە دەرگاکەوە نا و کردیەوە و چووە ناو زنجەکەوە و لە سەر تەختێك دانیشت.

ماشا خەیاڵ بردیەوەو بیری دەکردەوە: "تۆ بڵێی کێ لێرەدا و لەم دارستانە دوورە دا بژی؟". لێرە هەستی ڕاگرت و لەناکاو گوێی لێبوو یەکێك لە دەرگاکە نزیکدەبێتەوە و وا پاڵی پێوەدەنێ و دێتە ژوورەوە. ماشا زراوی چوو لەوەی کە دەڵە ورچێکی پیری تیسك ئالۆزکاوی لە بەردەمی خۆیدا بینی. دەڵە ورچ نەڕاندی و وتی: "زۆر سەیرە، ئەوە میوانی منە لێرە!", ماشا زۆری تکا لێکرد و پاڕایەوە: "لێمگەڕێ با بگەڕێمەوە بۆ ماڵ، کاتی چاخواردنەوە نیە و باوك و دایکم پەرێشان دەبن بۆم!". دەڵە ورچ وەڵامی دایەوە: "نایەڵم بڕۆی، لە لای من دەمێنیتەوە و کاروباری ماڵم بۆ هەڵدەسوورێنی و شۆربای قارچکم بۆ لێدەنێی. من زۆرم حەز لە قارچکە و هەموو ڕۆژێك هەنگوینت بۆ دێنم".

ماشا هاواری کرد: "هەنگوینی تۆم ناوێ! دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ ماڵی خۆمان. ماڵی خۆمان لێرە باشترە!"و دایە پرمەی گریان. دەڵە ورچ کەوتە دڵدانەوەی وتی: "ماڵەکەی منیش خۆشە، لەگەڵ مندا دەژیت. پشتم بشێلە و گەرمی بکەرەوە، ئاخ بۆ پیری!". لێرەدا ورچە هەناسەیەکی هەڵکێشا و لە سەر چەرپا دارینەکەی ڕاکشا و چەرپاش کەوتە جیڕەجیڕ لە ژێریدا. ماشاش پاڵی دا بە دیوارەکەوە و بە درێژایی شەو لە ترساندا دەلەرزی. بۆ بەیانیی ڕۆژی ئایندە ورچە زوو لە خەو هەڵسا و بە ماشای وت:

– وا من لە ماڵەوە بە جێتدێڵم، دەبێ گسکی بدەیت و ئاو بێنیت و ئاگر بکەیتەوە و شۆربایەکی قارچك لێبنێی. من دەڕۆم بۆ جەنگەڵ و دارستانەکە بۆ ئەوەی هەنگوین لە کلۆری دارەکان دەربێنم و لای نیوەڕۆ دەگەڕێمەوە. نەکەی بیر لە هەڵاتن بکەیتەوە, ئەم دارستانەمان پان و بەرینە و ئەمپەڕ و ئەوپەڕی نیە، لە هەرکوێ بیت دەتدۆزمەوە و دەتخۆم, تێگەیشتی!".

ئەوجا ورچە دانی ڕیچ کردەوە و ماشا لە کەڵبە ترسناکەکانی زەندەقی چوو. دواجار ماشا لە تەواوی ئیش و کارەکان بووەوە و لە سەر لاتەختەکە دانیشت و بیری لە دەربازبوون دەکردەوە لەم دڕندەی دارستانە. هەر بیری دەکردەوە و لێکیدەدایەوە و کەمێك لە پێش هاتنەوەی دەڵە ورچەکەدا ڕێگای دەربازبوونی دۆزییەوە. ئێوارە، پاش ئەوەی کە ورچە تێر شۆربای خوارد و کەوتە خۆگەوزاندنەوە لە سەر چەرپاکەی، ماشا پێی وت:

– داپیرە، تکات لێدەکەم دەمەوێ سبەینێ پیاوەتییەکم لەگەڵدا بکەی.

ورچە پرسی:

– چیە ئەم پیاوەتییە؟

– سبەینێ زوو تەنوور دادەخەم و هەندێ کولێرە بەهەنگوین دەکەم، تکام وایە بیبەی بۆ باوکم، ئەو زۆری حەز لە کولێرە بەهەنگوینە. ئای چەندی پێخۆش دەبێت! باشە داپیرە گیان؟

– زۆر چاکە، ئێستا با بخەوین.

بەیانی زوو ماشا کولێرەکانی برژاند و بەو هەنگوینەی کە ورچە هێنابووی چەوری کردن و سەبەتەیەکی قووڵی هێنا و وتی: "کولێرەکان دەخەمە ئەم سەبەتەیەوە و بیدە بە کۆڵتا و بیبە بۆ باوکم". ورچەش وتی: "پەتێکم دەوێ بۆ بەستنەوەی سەبەتەکە". ماشاش وتی: "ئا لەوێدا پەتێکم بینی لە ڕاڕەوەکەدا هەڵواسرابوو". دەڵە ورچ چوو بیهێنێ و لەو کاتەدا کە دەگەڕا بۆ پەتەکە ماشا لە ناو سەبەتەکەدا دانیشت و کولێرەکانی لە سەر خۆی کەڵەکە کرد.

دەڵە ورچ پەتەکەی هێنا و خستیە هەردوو قوڵفی سەبەتەکە و پاشان دای بە کۆڵیدا و کچەی فێڵبازیش خۆی تێدا مووسە دابوو. ماشا هاواری کرد و وتی:

"سلاّوم بگەیەنە بە باوك و دایکم! بەلاّم نەکەی لە ڕێگادا کولێرەکان بخۆی. من وا ئێستا دەچمە سەربان و چاودێریت دەکەم، ها نەکەی بیانخۆی داپیرە!"

ورچەش سەبەتەکەی دا بە کۆڵیدا و لێیدا ڕۆیشت. ڕۆیشت ڕۆیشت ڕۆیشت تاوەکو ماندوو و شەکەت بوو. ئەو کاتە ئیتر لە دڵی خۆیــدا وتی: "با لەم مێرگەدا دانیشم و کولێرە بە هەنگوینێك بخۆم!". ئەوجا سەبەتەکەی خستە سەر گژوگیاکە و خەریك بوو دەستی بۆ ببات بەلاّم ماشا هاواری لێکرد: "نەکەی داپیرە چاوم لێتە! لە مێرگەکەدا دانیشتوویت و دەست دەبەیت بۆ کولێرەکان!".

ورچە هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی: "دەك لەو چاوە تیژانەت !" و دەستی کێشایەوە و سەرلەنوێ سەبەتەکەی گرتە کۆڵەوە و لێیدا رۆیشت. بەلاّم خێرا کەوتەوە ڕیوەڕیو کردن: "ئەمجارە هەر کە گەیشتمە مێرگێك دادەنیشم و کولێرەیەك دەخۆم".

ماشا گوێی لەم قسانە بوو و هاواری کرد: "چاوم لێتە داپیرە، نەکەی کولێرەکان بخۆی!", ورچەکە لەبەر خۆیەوە وتی: "ئای لەم چاو تیژییە! ها لەو دوورەوە دەمبینێ!". ئیتر بە خێرایی بەرەو لای باوك و دایکی ڕۆیشت و کاتێ لە ماڵەکەیان نزیك بووەوە و لە دەرگای دا, دایکی ماشا بە شڵەژاوییەوە هاواری کرد: "کێیە لە دەرگا دەدا؟"

دەڵە ورچ وەلاّمی دایەوە: "منم، لە دارستانەکەوە هاتووم، دیاریم بۆ هێناون لە کچەکەتانەوە!"

دایکی ماشاش پێی وت: "ئەوە سێ ڕۆژە کچەکەمان دیار نیە! نازانم ماشا گیان لە کوێ ونبووە!".

لێرەدا ئیدی ماشا خۆی پێنەگیرا و لە بنی سەبەتەکەوە هاواری کرد: "من لێرەدام دایکە! خێرا دەرگاکە بکەرەوە بە باوکم بڵێ سەگەکەمانی تێبەردات".

سەگەکان بە دەنگی بەرز دەستیان کردە وەڕین و پەلاماری ورچە جانەوەرەکەیان دا، ورچەش هیچی بۆ نەمایەوە نەڕاندی و سەبەتەکەی فڕێدا و لە ترساندا بەرەو دارستانەکە هەڵات و بە پەلەپڕووزێ خۆی ڕزگارکرد.

*****

# ورچ و ڕێــوی

### چیرۆکێکی میللیی ئۆکرانییە

جارێکیان مام ڕێوی، پاش ئەوەی کە هێند گۆشتی خواردبوو مڕ بووبوو و لەبەر چاوی کەوتبوو، ویستی هەندێ هەنگوین پەیدا بکات و دەمی خۆیی پێ شیرین بکات، بەلاّم هیچ ڕێگایەك نەبوو هەنگوینی پێ وەدەستبێنێ، بۆیە لە دڵی خۆیدا کەوتە بیرکردنەوە و لێکدانەوە: "بابڕۆم بۆ لای هەنگ و کاری خۆمیان لا مەیسەر بکەم".

پاشان مام ڕێوی چوو بۆ هەنگەلانێك و لەبەردەمی پووره هەنگێکدا هەڵتووتا، ئەوجا دەستێکی بۆ ناو پوورەکە ڕاکێشا تاوەکو هەندێ هەنگوینی لێدەربێنێ. ئەڵبەتە ئەمەش دەبێتە هۆی بێزاربوون و تووڕەیی هەنگ. لەبەرئەوە کەوتنە گێژەگێز و دەرپەڕینە دەرەوە و پۆل پۆل پەلاماری ڕێوییان دەدا و دەیانگەست. ڕێویش بە جارێ ترسی لێنیشت و زارەترەك بوو و کلکی کرد بە ناوگەڵیدا و بۆیدەرچوو و لەبەرخۆیەوە هەر منجەمنجی بوو: "ڕاستە، هەنگوین شیرین و بەتامە، بەڵام گەستن و پێوەدانی هەنگیش تاڵ و ناخۆشە". لە دواییدا بە هەسکە هەسك گەیشتەوە کونەکەی و بە لووتی هەڵئاوساویەوە لێی پاڵکەوت. ماوەیەکی زۆر بەمجۆرە مایەوە و هەر لێکیدەدایەوە و خەیاڵی هەنگوینە بۆری هەر لە مێشك دەرنەدەچوو. پاشان لەبەرخۆیەوە وتی: "بابڕۆم بۆ لای مام ورچ و ڕووی لێبنێم بەڵکو جێگەم بکاتەوە و لەگەڵیدا پێکەوە بژین، چونکە ئەو هەنگوینی زۆری لەلایە". بەمجۆرە چوو بۆ لای مام ورچ و پێی وت: "مام ورچی باوکم! گوێ بگرە چیت پێدەڵێم".

مام ورچ دەستی کردە مرەمر، بەڵام ڕێوی دەستەودامێنی بوو و وتی: "تکات لێدەکەم وازبێنە لە مڕەمڕو بەسم بترسێنە، ئەگەر بوارم بدەی لێرە پێکەوە گوزەران دەکەین و کاروباری ناوماڵت بۆ ڕادەپەڕێنم". مام ورچیش سەری ڕەزامەندیی بۆ لەقاند و وتی: "باشە با وابێت وەرە ژوورەوە!".

بەم جۆرە هەردوکیان ژیانیان دەبردە سەر. مام ورچ دەچوو بۆ ڕاو و بەشی خۆیشی و ڕێویشی گۆشت دەهێنایەوە. بەڵام ڕێوی هەمیشە تامەزرۆی هەنگوین بوو. جارێکیان ڕووی دەمی کردە مام ورچ و وتی: "بڕۆ بۆ هەنگەلانەکە و کەمێك هەنگوین بێنە، زۆر ئارەزووی شیرینی دەکەم". ورچە لێیدا ڕۆیشت و پاش ماوەیەك بە دوو پووره هەنگوینەوە گەڕایەوە و بە ڕێویی وت: " هەنگوینی یەکێك لەم پوورانە دەخۆین و ئەوی تری هەڵدەگرین بۆ زستان". پاشان هەردوك بە تام و کامەوە کەوتنە هەنگوین خواردن تا پوورەیەکیان تەواو کرد و ئەویتریشیان هەڵگرت و خستیانە تاقەکەوە.

مام ورچ پشوو درێژە، بەڵام ڕێوی ئۆقرەی لە بەر بڕابوو و هەمیشە بیری لە هەنگوینەکە دەکردەوە: "چۆن بگەمە پوورەی دووەم؟ مەحاڵە بگەمە تاقەکە، چونکە ورچە پرسیار دەکا ئەوە بۆ کوێ دەڕۆی و چی دەکەی؟" بۆیە بە تەنیشتی دیوارەکەوە هەڵتووتا و بە کلکی کەوتە لێدانی دیوارەکە: تەق تەق تەق. مام ورچ پرسی: "ئەوە کێیە لە دیوارەکە دەدات؟" مام ڕێویش وەڵامی دایەوە:

- ئەوە دەراوسێکانن بانگهێشتیان کردووم. خوا کوڕی پێبەخشیون.
- چاکە تۆ بڕۆ، بەڵام من دەخەوم.

ئەوجا ڕێوی دەرچوو و بە دزییەوە خۆی گەیاندە تاقەکەی سەرەوە و هەتا لەتوانایدا بوو هەنگوینی خوارد. وەختێ گەڕایەوە مام ورچ لێی پرسی:

- چ ناوێکیان لە منداڵەکە ناوە؟
- ناویان ناوە سەلکە زوڕات.
- هەی لەم ناوە چەند سەیرە!
- کە ئەوان ئەو ناوەیان ناو ناوە چ سەیرێکی تێدایە؟
- هیچ!

بۆ ڕۆژی ئایندەش مام ڕێوی سەرلەنوێ لێی ڕاکشاو بەکلکی کەوتە دیوار لێدان. مام ورچ هاتە دەنگ و وتی:

- ئەوە کێیە لە دەرگا دەدا؟
- ئەوە ئاوماڵەکانن بانگی من دەکەن میوانداریيان پێبکەم. خوا کچێکی پێبەخشیون.

- چاکە تۆ برۆ. بەڵام من دەخەوم.

هەمدیس مام ڕێوی بە دزە داکشا بەرەو تاقەکەی سەرەوە و کەوتە هەنگوین خواردن و بە تەواوی خۆی لێ مڕ کرد و هیچێکی وای لە پوورەکەدا نەهێشتەوە. کاتێ کە گەڕایەوە جێگەکەی مام ورچ لێی پرسی:

- چ ناوێکیان لە کچە منداڵەکە نا؟
- ناویان نا ناوەنجی.
- ئەم ناوە سەیر و سەمەرانە چین!
- چ سەیرێکی تێدایە؟

مام ورچیش ناچار وتی:

- هیچ، هەموو شتێ ڕێی تێدەچێ.

بۆ ڕۆژی سێهەمیش مام ڕێوی دیسانەوە کەوتە دیوار کوتان. ورچە وتی:

- چیە هەمدیس لە دەرگا دەدەن.
- بەڵێ، بەڵێ ئەوە ئاوماڵەکانن بانگی من دەکەن. هەم کوڕیان بووە.
- چیە ئەمانە زۆرت بانگهێشت دەکەن؟
- ئاخر ئەوە زۆر زۆریان خۆش دەوێم، بۆیە بانگهێشتم دەکەن.
- باشە، برۆ !

مام ڕێوی لێیدا چووە دەرەوە و ئەمجارەیان دای لە بنی هەنگوین و هیچی لە پوورەکەدا نەهێشت، پاشانیش پاك پاك قەراخەکانی لستەوە و ئەوجا پوورەکەی سەرەوخوار کردەوە و خۆیشی گەڕایەوە بۆ جێگەکەی بخەوێت. مام ورچ لێی پرسی:

- ئەی ئەم کوڕەیان ناو ناوە چی؟
- ناونراوە "سەرت داپۆشە و بخەوە" .
- ئا ئەمە سەیرە باوکم. من بە درێژایی ژیانم هەرگیز ناوی وام نەبیستووە !
- کە بەم جۆرەیان ناو ناوە دەبێ ڕێی تێبچێ.

مام ورچیش سەرێکی بادا و ناچار وتی:

- هەموو شتێك ڕێی تێدەچێ.

چەند وەختێك بەسەرچوو. ڕۆژێکیان مام ورچ خولیای هەنگوین خواردنی کەوتە سەر. لەبەرئەوە چوو بۆ تاقەکەی سەربان و تەماشای کرد پوورە بۆش و بەتاڵە و هیچی تێدا نەماوە. ئەمیش بە تووڕەییەوە پەلاماری ڕێوی دا و وتی:

- هەی ڕێوی تەڵەکەباز! ئەمە تۆ هەموو هەنگوینەکەت خواردووە؟ هەر ئێستا لەت و پەتت دەکەم و دەتخۆم !

لێرەدا ورچە کەوتە ڕاونانی ڕێوی، ئەمیش هیچی بۆ نەمایەوە ئەوە نەبێ کە بەرەو دارستانەکە هەڵات و بە هەزار حاڵ و فەلاکەت سەری خۆی دەرکرد.

*****

# گـــوڵـــــه گـــــه‌نـــم

## چیرۆکێکی میللیی بیلۆرووسییه

هه‌بوو نه‌بوو مریشكێكی بچووك و نێره قازێك و نێره قه‌له‌موونێك هه‌بوون، مریشكه‌كه چاودێری جووجه‌ڵه‌كانی ده‌كرد و له‌به‌ر هه‌تاو خۆی گه‌رم ده‌كرده‌وه و له دووی دانه‌وێڵه ده‌گه‌را. به‌ڵام نێره قاز و نێره قه‌له‌موونه‌كه هه‌موو كاتی خۆیان به پیاسه‌كردن له حه‌وشه‌كه‌دا ده‌برده سه‌ر، به كه‌شوفش و خۆبادانه‌وه ڕێیان ده‌كرد و هه‌میشه ده‌مه‌قاڵه‌یان بوو بۆ ئه‌وه‌ی بزانن كامیان زیره‌كتر و مه‌زنتر. ڕۆژێكیان مریشكه‌كه له نزیك په‌رژینی قامیشه‌لانه‌كه‌وه گوڵه گه‌نمێكی دۆزییه‌وه و هاواری كرد:

– قق , قق , قق ! ته‌ماشاكه‌ن ئه‌م گوڵه گه‌نمه‌ی دۆزیومه‌ته‌وه چه‌نده جوانه!

نێره قاز و قه‌له‌موونه‌كه گوێیان لێبوو. یه‌كه‌میان وتی:

– ڕاسته, ئه‌م گوڵه گه‌نمه زۆر جوان و قه‌شه‌نگه, به‌ڵام ده‌بێ بیكوتین.

قه‌له‌موونیش به په‌سه‌ند كردنه‌وه سه‌ری ڕاوه‌شاند و وتی:

– به‌ڵێ وایه، ته‌واوه. ده‌بێ ئه‌م گوڵه گه‌نمه بكوترێ و ئه‌و كاته دانه‌وێڵه‌ی باشمان ده‌سته‌ده‌كه‌وێ، قه‌و، قه‌و، قه‌و !

مریشكه‌كه وتی:

– به‌ڵام، كێ ئه‌م گوڵه گه‌نمه‌كه ده‌كوتێ؟

نێره قاز هه‌ڵیدایه و وتی:

– من ناتوانم ! من زل و قه‌ڵه‌وم، زه‌حمه‌ته بتوانم مێكوتی دانه‌وێڵه به كاربێنم.

نێره قه‌له‌موونه‌كه تووڕه بوو و قیژاندی:

– ها ،ها ! كه‌واته تۆ ده‌ته‌وێ من گه‌نمه‌كه بكوتم؟ باش بزانه من نۆكه‌ری تۆ نیم !

مریشكه‌كه وتی:

– چاكه، من خۆم ته‌نها گوڵه گه‌نمه‌كه ده‌كوتم.

ئه‌وجا چوو به لای كاری خۆیه‌وه، پاشان به شانازییه‌وه دانه‌وێڵه‌كه‌ی له‌گه‌ڵ خۆ هێنایه‌وه و وتی:

– ته‌ماشاكه‌ن ئه‌م دانه‌وێڵانه چه‌ند جوانن ! چه‌ند ئاڵ و پڕ و قه‌ڵه‌ون. بێگومان له دانه‌وێڵه‌ی جۆ چاكتر و به‌تامترن.

– ئه‌م دانه‌وێڵانه نابێ بخورێن. به‌ڵكو ده‌بێ بیهاڕین و كولێره‌ی بچووك بچووكیان لێ دروست بكه‌ین.

ئه‌مه ئامۆژگاریی ژیرانه‌ی نێره قه‌له‌موون بوو. نێره قازیش به قیڕه‌قیڕ په‌سه‌ندی كرد:

– قاق قاق ! كولێره‌نانی بچووك ته‌ڕوبڕتره له په‌ڕه نه‌رم و نیانه‌كه‌ی من، ئای كه چه‌ند خۆش و چه‌ند به تامه !

مریشكه‌كه بچووكیش وتی:

– چاكه، به‌ڵام كێ گه‌نمه‌كه ده‌هاڕێ؟

نێره قاز به خوته و بۆڵه و منجه منجه‌وه وتی:

– من نایكه‌م، من ناتوانم بچم بۆ ئاش.

نێرە قەلەموونیش بەلالووتێکەوە وتی:

– منیش نایکەم ! کاری ئاسانی لەم چەشنە هەر شیاوی نێرە قازێکی گەوج و بڵحە.

مریشکە بچووك وتی:

– چار چیە؟ کەواتە دەبێ خۆم بچم بۆ ئاش.

بەمجۆرە مریشکەکە دانەوێڵەکەی هاڕی و ئاردەکەی هێنایەوە بۆ ماڵەوە و کەوتە گارە گار:

– گە گە گە ! تەماشاکەن چەند ئاردێکی سپییە ! چەند بۆن و بەرامی خۆشە !

نێرە قەلەموون سەری بۆ لەقاند و و وتی : ڕاستە ڕاستە ! بێگومان ئەو کولێرە بچووکانەی لێی دروست دەکرێن خۆش و بەتام دەبن.

کاتێ کە مریشکەکە کولێرە بچووکەکانی لە تەنوورەکە دەردەهێنا وەك ئاڵتوون دەدرەوشانەوە، لەو کاتەدا نێرە قەلەموون و نێرە قاز خۆیانکرد بە ماڵدا. نێرە قەلەموون بە کەیفخۆشییەوە هاواری کرد: "قەو قەو قەو، شتێکی چاك بوو ! لە کاتی خۆیدا هاتین". نێرە قازیش بە ڕەزامەندییەوە سەری بۆ لەقاند: "قاق قاق !" ئەوجا لە پێش هەمووواندا چووە سەر خوان و دانیشت. بەڵام مریشکە بچووك لە سنووری خۆیاندا ڕایوەستاندن و پێی وتن:

– کەمێك چاوەڕێ بکەن ئاغا بەخشندەکانم ! پێش ئەوەی لە سەر خوان دانیشن وەڵامی ئەم پرسیارانەم بدەنەوە: باشەکێ گوڵە گەنمەکەی دۆزییەوە؟

نێرە قەلەموون و نێرە قاز بە یەك دەنگ وتیان:

– تۆ بوویت باڕۆکە مریشك، بێگومان تۆ گوڵە گەنمەکەت دۆزییەوە.

– ئەی کێ کوتای؟

– تۆ بوویت کوتات دەراوسێی لاو.

– ئەی کێ دانەوێڵەکەی هەڵگرت و بردی بۆ ئاش؟ کێ چیلکە و داری کۆکردەوە و تەنوورەکەی داگیرساند و کولێرە نانەکانی برژاند؟

نێرە قەلەموون و نێرە قاز تەماشایەکی یەکتریان کرد و بە یەك دەنگ وتیان:

– بە دڵنیاییەوە تۆ! هەموو چاکە و سەروەریی بۆ تۆ دەگەڕێتەوە !

مریشکەکەش وتی:

– چاکە، ئەوەی سەروەریی هەبێت، کولێرە نانەکانیش بۆ ئەو کەسە دەبێت ! دوق دوق دوق ! جووجەڵەکانم خێرا وەرن بۆ ئێرە...

جووجەڵەکان ڕایانکرد بۆ سەر نانی تەڕ و تازە و لەگەڵ مریشکەکەی دایکیاندا دایانە بەر دەنووك. لەولاشەوە نێرە قەلەموون و نێرە قاز، ئەو دوو تەمەڵ و تەوەزەلەی خەریکبوو لە برسا دەمردن، گەڕانەوە سەر مشتومڕ و فشوهووڕی ئەوەی بزانن کامیان مەزنتر و کامیان زیرەکترە لەویتریان.

★★★★★

# پشیلە سپییە بچکۆلەکە

**چیرۆکی: ما یوا**

جارێکیان پشیلەیەکی بچکۆلەی سپی، جوان و قەشەنگ دەبێ، سمێڵێکی درێژو جووتێ چاوی شووشەیی و خڕی پێوە دەبێ کە لە تاریکیدا دەدرەوشانەوە. پشیلە سپی زۆر بە خۆوە دەنازی و هەرگیز نەیدەویست هیچ کارو فرمانێکی تازە فێرببێت.
ڕۆژێکیان بوومەلەرزەیەك گشت ئەو یاری و شتومەکانەی پشە شکی دەبردن شکاندنی و تێکیدان بەسەر یەکداو ئەمیش لەنێو کەلوپەل و شتە تێکشکاوەکانیدا قنچکەی کرد. سەرماو برسێتی زۆریان بۆ هێنا پشەش خۆی گرمۆڵە کردو بە کزی و داماوییەوە کەوتە نووزە نووز.
پشە ئەو شەوە بە چاوی پڕلە فرمێسکەوە خەوی لێکەوت. فرەی پێنەچوو مشکێکی بۆر کە خۆی و بەچکەکانی بە دوای خۆراکدا دەگەڕان هاتنە ئەوێ و تیشکێکی زیوینیان لە دوورەوە بەدیکرد و لە دڵی خۆیاندا وتیان "بەخوا چاکە، وا ڕێمان لە کۆمەڵێ برنج کەوت" و بە پەلە ڕایان کرد بۆی. مشکە بۆر دەسبەجێ هەڵوەستەیەکی بۆ کردو گوێ قوتەکانی هەڵخست و وتی : "کوڕینە خۆ ئەوە پشیلەیەکی سپییە! ". پشەش لە خەوێکی قوڵدا بوو وخەونی بە ئاهەنگ و شاییەوە دەبینی.
مشکێك بە ئەسپایی بە دەم بۆنکردنی ئەملاو ئەولای خۆیەوە بەرەو لای پشە ڕۆیشت. سمێڵە تیژو ڕەقەکەی مشکە پشەی بە ئاگا هێنایەوە. پشەسپی زۆر بە دیمەنی ئەم دەعبا دان تیژو چاو بزانە تێکچوو. لەبەرئەوە کەوتە میاوە میاو بە گیان ئەم دەعبا ناشیرین و پیسانە. مشکەکان تەماشایان کرد ئەم پشیلە بچکۆلەیە لە میاوە میاو زیاتر هیچی لەدەست نایە، لەبەرئەوە دەورەیان داو دەستیان بەستەوە. پشەش دامابوو نەیدەزانی چی بکات. دواجار بۆخۆی دووری لێیان گرت.
مشکەکان بە کەیفی خۆیان کەوتنە تەراتێن کردن و، هەموو شەوێك دەچوونە دزی شێلم لە مام کەروێشك و هێلکەی دادە مریشکە زەردیان دەخوارد و پەتاتە شیرینەکانی باپیرەشیان کون کون دەکرد. پشەش تەنیا خۆراکی گەنیوو توێکڵە پەتاتەی بۆ دەمایەوە بیخوات. جا لەبەرئەوە دایە کزی و تادەهات لەڕولاواز دەبوو.
بەیانیانێکیان مشکە بچکۆلەیەك نەخۆش کەوت، مشکی باوکانەش ناردی بە شوێن پزیشکدا. پزیشك بەدەم لەراندنەوەی لەش ولاری لاوازیەوە وتی: "ئەم مندالەی تۆ تەنیا هێلکەی قەلەڕەش چاکی دەکاتەوە، ئەمەش تاقە هێلکەیەکە بەسەر پیرە دارێکی تەمەن هەزار ساڵەوەیە". مشکەش ڕووی دەمی کردە پشیلە و پێی وت: "دەبێ لەهەر شوێنێك بووە ئەو هێلکەیەمان بۆ پەیدا بکەی ئەگینا دەتکوژین". پشیلە بەناچاری ڕێی گرتەبەرو گەیشتە دارستانێکی چڕ. کە شەو داهات پشە تیشکی چاوی خۆی بەکاردەهێنا و لە گەڕان نەکەوت و دەمەو بەیان پیرە داری هەزار ساڵی دۆزییەوە. بەڵام ئەم دارە هێندە بەرزو ئەستوور بوو پشە نەیدەتوانی سەربکەوێ بۆیە لە بنیدا دانیشت و دەستی کرد بە گریان. لەناکاو پیرە دار هاتە زمان و وتی: "پشە سپی، تۆ دەتوانی سەرداران کەوی و مشکانیش بگری، بەڵام خۆت تەمەڵ و تەوەزەلیت. هەر لەبەرئەوەشە کەوا تۆ هیچت پێناکرێ. ئەوجا پیرەدار لقێکی خۆی شۆڕکردەوە پشەی هەڵبڕی و بردی بە ئاسماندا.
پشە سپی هێلکەی قەلەڕەشی بەدەستهێنا بەڵام نەیدەزانی چۆن لە دارەکە بێتە خوارەوە. دوایی تەماشای کرد دڵۆپە ئاوێك لە لقێکەوە دەکەوێتە سەر زەویو کەمێك هەڵدەبەزێتەوەو پاشان لەناو خۆڵەکەدا نوقم دەبێت. پشیلە سپی خۆی

هەڵداو توانی لە دارەکە بێتە خوارەوە، دوایی لە خۆشیاندا چنگی دەدا بەیەکدا و چەپڵەی لێدەدا. هێلکەی قەلەڕەش شکا و پەڵەیەکی لەسەر زەویەکە بەجێهێشت. پشە ئەمەی زۆر پێناخۆش بوو و بیری لەو ئازارو ئەشکەنجەیە دەکردەوە کە لە لایەن مشکە بۆرو پزیشکەوە بەرەو ڕووی دەبێتەوە. بۆیە بە پەستی و نیگەرانیەوە پشتی پێی هەڵکرد و گەڕایەوە. کاتێ کە پشە بەڕێوە بوو لەبەر خۆیەوە وتی: "ئەوەی پیرەدار فەرموی ڕاست و دروستە، نابێ من هێندە ترسنۆك بم. دەبێ  فێری ئەوە ببم چۆن ئەم مشکانە بکوژم". ئەوجا پشە هەر لەوێدا وەستاو دەستی کردە فێربوونی بازدان و چنگ هاوێشتن و بەشتدا هەڵزنان. پشە چەند ڕۆژێ مەشقی کرد و پاشان کەوتە ڕاوەشاندنی دارحەیزەرانێکی وشکهەڵاتوو و ڕوانی بەهێزتر بووە. ئەوجا هەر لەوناوەدا سەرێکی لارکردەوەو کونێکی تاریکی بەرچاو کەوت. پشە سپی فووی بە کونەکەدا کردو، بەجارێ واقی وڕما و سەرسام بوو کە ڕوانی وا بەکۆمەڵ برنج وخورما و بستە ڕۆکراوە و پاك و پوختە هەر یەك لە لایەکەوەیە.

لێرەدا پشە هەڵوەستەیەکی بۆکرد و چاوی بڕییە ڕۆشناییەك کە لە ژێر دەرگایەکی بچووکەوە بە دەردەکەوت و لە درزێکی دەرگاکەوە سەری کێشا و ڕوانی مشکەکان ئاهەنگێکی گەورەیان سازکردووەو سفرەو خوانیان ڕازاندووەتەوە و لەگەڵ پزیشك دانیشتوون و سەرقاڵی کەیف و سەفاو قسەی خۆشن. مشکی گەورە دەیوت: "نۆشی گیانی کەن بە ئومێدی ژیانێکی ئاسوودە و پڕلە کامەرانی". پزیشك دەیوت: "ئەوە چەند ڕۆژێکە پشیلە سپی دیار نیە، وا دیارە لە دارەکە کەوتووەتە خوارەوە و مردووە"، مشکێکی دیکە لەولاوە هەڵیدایە و وتی بەخوا چاکە! لەمەودوا ئیتر هیچ دوژمنێکمان نابێت، ئەوجا هەموو پێکەوە دایانە قاقای پێکەنین.

مشکەکان لەم پێکەنینەیان بوونەوە و کاتێکیان زانی پشیلە سپی خۆی کرد بە ژووردا و پەلاماری دان و پڕی کرد بە مشکە گەورەداو سمێڵەکانی لەبن هەڵکێشاو چەپۆکێکیشی بە پزیشکدا کێشا. بەم جۆرە مشکەکانی تریشی بە سزای خۆیان گەیاند.

دواجار پشیلە سپی بە قەڵەمباز لە کونەکە هاتە دەرەوە بۆ ڕۆشنایی و بەر تیشکی ڕۆژ. لێرە بەدواوە بە ڕاستی هەستی بە خۆشی و بە شادمانی دەکرد.

★★★★★

# ئەوان دڵیان هەر لای چیایە

***تێبینی:*** *ئەم نووسینە وەرگێرانی ڕیپۆرتاجێکە لە گۆڤاری سپۆتنیکدا بڵاوکراوەتەوە دەربارەی وڵاتی داغستان، ئەو وڵاتەی کە لە ڕێگای هەردوو بەشی کتێبە شاکارەکەی ڕەسووڵ هەمزەتۆڤەوە " داغستانی من" کە کاك عەزیز گەردی کردوونی بە کوردی، ئاشنای فرە لایەنی نەریت و ڕێورەسمی ژیانی خەڵکەکەی بووین و لە زۆر بارەوە لە ژیانی کوردەواری خۆمانەوە نزیکە. ئەم ڕیپۆرتاجەش بەهەمان سەرسامیی ڕەسووڵ هەمزەتۆڤ دەڕوانێتە وڵاتی داغستانی جوان ودڵڕفێن (وەرگێڕ).*

---

داغستان کۆمارێکی ئۆتۆنۆمیدارە لە ناو کۆماری ڕووسیای فیدراڵدا و دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی باکووری قەوقازەوە و بە چیا بەرزەکانی قەوقاز و دەریای قەزوێن دەوردراوە. ڕووبەری 50300 کیلۆمەتری چوارگۆشەیە. نزیکەی دوو ملیۆن کەسی تێدا دەژی و لە ڕووی ئەتنۆگرافییەوە وڵاتێکی فرەنەتەوە و کەمینەی نەتەوەییە. خەڵکەکەی بە هەشت زمان و سی و شەش شێوەزار(دیالێکت) ی ناوچەیی قسە دەکەن. لە سەدا شەستی خەڵکەکەی چیا نشینن و هەر لە زۆر کۆنەوە خەریکی ئاژەڵداری و کشتوکاڵن بە تایبەتی ڕەزو باخ. لە سەردەمی سۆڤێتیدا پیشەسازیی گەورەی تێدا دامەزرا وەك کارگەی مەکینە و ئامێر دروست کردن، تواندنەوەی کانزاو تاد. بێجگە لە کارگەی چنین و چەرم خۆشەکردن و پێڵاو و خۆراکی قوتووکراو و پیشەسازیی فەرش دروست کردن. پایتەختی داغستانیش شاری مەحەجقەڵایە.
لێرەدا مرۆڤ لە جیهانێکی بەردەڵاندا لە دایك دەبێ و بەرد چەکی بووە چ بۆ ڕاووشکارو چ بۆ بەرگری کردن لەخۆ هەروەها بەرد کەرەستەی دروستکردنی خانووبەرەی بووە. بەرد لە سەر بەرد کەڵەکە دەکرا و خانووی چیانشینێکی لێ پێکدەهات، هەندێکی دیکە بەرد بەکاردەهات و خانوویەکی تر لەسەرئەوی پێشوو قوتدەکرایەوە. بەم پێیە ساڵ لە دوای ساڵ گوندە شاخاوییەکان لە بنی شاخەوە بەرەو ترۆپکی پەرەیان دەسەند.
هەزاران ساڵە خەڵکی داغستان بەرەنگاریی مەترسیی بوونەتەوە و دەبوایە هەمیشە شاڵاو و هەڵکوتانە سەری تورك و فارسی نزیکترین دراوسێیان بەرپەرچ بدایەتەوە. هەر گوندێك بە ڕێگە و شێوەی تایبەتی خۆی بەرگریی دوژمنی دەکرد. گوندی کۆستا بە بناری شاخێکی زۆر بەرزەوەیەو دیواری خانوەکانی ڕێك ڕاوەستاون و بەرەو ئاسمان هەڵکشاون. بەمجۆرە هەر دوژمنێك هەوڵی داگیرکردنی بدایە لەسەرەوە بەردباران دەکراو بە سەروگوێلاکی شکاوەوە دەبەزیو دەکشایەوە. گوندی گوور وا دەردەکەوێ کە هەرگیزاو هەرگیز پێی ناگەی، بەسەر لووتکەی شاخێکی هەزار بە هەزارەوە بەوپەڕی لووتبەرزییەوە بەرەوخوار دەڕوانێ. ئەم گوندە بەچەند ڕیزە شاخێکی بەرزو نزم دەوردەدراوەو لەم شوێنەیدا کە وەختێ دوژمن دەیدۆزێتەوە هێرش و پەلامارەکەی بەزەحمەت دەکەوێتەوە. خانووەکانی گوور وەك ئەشکەوت بەهێزن و دیوارەکانی وەك شاخ خۆی ئەستوورو مەحکەمن.
بە درێژایی چەرخ و ڕۆژگاری کۆن ژیانی چیانشینان لە ژێر ڕکێفی بورجی چاودێریدا بووە. بە یەکەم هەستکردنی نزیك بوونەوەی مەترسی ئاگرێك لەسەر چیا هەڵدەکرا. هەر کە ئیشارەتەکە لە گوندەکانی دەوروبەرەوە بەدیدەکرا هەموو دەکەوتنەخۆ. ئاگر وەك ئامێرێکی ئاگادارکردنەوە بەکاردەهات و ئەم شێوە هەواڵدانەی نزیکبوونەوەی دوژمن خێراتر بە هەموو لایەکدا ڕادەگەیەنرا وەك لە هەر ئەسپ سوارێك.
سروشتی تایبەتیی داغستان پێویستی بە بوێری و ئازایەتی و خۆڕەتاندن بوو لەلایەن خەڵکەکەیەوە. ژیانی پڕ لە سەختی و تووشی زۆر بوو، وەك ڕێگەوبانی شاخاویی پڕ لە مەترسی بەسەر لێژایی و چاڵ و چۆڵی و هەردە و

هەڵەتی سەخت و ترسناکدا، لافاوی دۆڵ و شیوی نێو شاخان هەر شتێکی بەردەم بکەوتایە لوولی دەکرد و ڕایدەماڵی، سەبەتەی گەورە و گرانی خۆڵی پێدەشت وبنار کە دەبوایە ڕابکێشرایەتە سەرەوە بۆ دروستکردنی باخ یان باخچەیەکی بچکۆلە لە سەر زەوییەکی یەردینی ڕەق وتەق. هەروەها کەڵەکە بەرد گەورەترین دەردەسەری دروست دەکرد. بەمجۆرە سەرتاپا ژیانی چیانشینان دڵەڕاوکێ و ناڕەحەتی بوو، هەر لە دابینکردنی خانووبەرە و خۆراك و سووتەمەنی تا دەگەیشتە جل و پۆشاك و هەموو شتێك دەبووایە بە شێوەیەکی تایبەتی هەڵبگیرایە و بپارێزرایە نەوەك لە ناخافڵی و ناکاودا دەستیان بەسەردا بگیرایە لەلایەن جەردەو تاڵانکەرانەوە.

چ جۆرە خەڵکێك لەم خاکەدا دەژین کە پێگەیشتن یان نزیك بوونەوە لێی ئەوەندە گرانە؟ ئەمانە ئەو کەسانەن، وەك ڕەسوڵ هەمزەتۆڤی شاعیری نەتەوەیی داغستان دەڵێ، "لەسەر زەوی ناژین بەڵکو لە دۆزەخدان". پیاویان بەهێز و بەجەرگ وئازاو چاونەترسە، ئەو پیاوەیە کە هەمیشە سازو ئامادەیە بپەڕێتە کۆڵی زین و شەڕی دوژمن بکا تا سەرکەوتن یان مردن. هاوارو ستایش کردن هەر بۆ پاڵەوانە، جەژن و شادی و بانگهێشتن هەر بۆ پاڵەوانە، بە کورتی هەموو شتێك بۆ پاڵەوانە، لە داغستان دەڵێن دوو حاڵەت هەیە پیاو دەبێ چۆکی بۆ دابدا، یان ئاو لە کانیاوێك بخواتەوە یان بکات، میوانی بۆ ڕایی بکات، جل وبەرگ بدووریَ، چێشت لێبنێ، ئاگردان ئامادە بکات، خەلەودان بهارێت، خەریکی تەون وچنین بێت، گوڵ لێبکاتەوە. خزمەتی مێردەکەی بکات، ماڵ پاك بکاتەوەو ئەوجا لە باخ یان باخچەدا کاریش بکات. بێجگە لەمانەش دەبێ ڕۆژانە بێشومار گۆزە ئاو بێنێ.

جاری وا دەبێ ئافرەتێك نۆبەرەی کچ بێ ڕادەمێنێ و بیری لێدەکاتەوە "باشە من بۆچی کچم بوو؟". بەڵام زۆری پێناچێ بۆیدەردەکەوێ بۆچی لەدایکبوونی کچ ئەوەندە بەنرخ و بەهایە. دایك لە داغستان زۆر پیرۆزە, دایك بەڕێزە، خۆشەویستە و خەڵکەکە ملکەچی ئەون و ئەمە یاسایەکی نەگۆڕی چیاییەکانە و قوڕ بە سەر ئەو کەسەی پێچەوانە ڕەفتار دەکات. منداڵ نەبوون شوورەییەکی گەورەیە و ئەوپەڕی بەدبەختییە و هیچ کەسێك لە داغستان بە ئاسانی بڕوا بەوە ناکا کە یەکێك بڵێ منداڵم ناوێ. بێگومان وەك گاڵتەجاڕی و لاقرتییەك تەماشای دەکا، وەك ئەوەی کەسێك باڵێکی خۆی هەر بۆ گاڵتە ببڕێتەوە.

لە داغستاندا دەتوانی ڕابردوو و ئێستا لەهەمان کاتدا ببینی, داب و نەریتی کۆن شان بە شانی تازەگەری و مۆدێرنیزم ماوەتەوە. دەسەڵاتی گەورەی نێوخێزان و پەیڕەوی کردنی حیکمەت و ئەزموونی پیر و بەساڵداچووان وەك جاران پارێزراوە. وەستایان و پیشەگەرانی داغستان ڕێزێکی زۆر گەورەیان لێدەنرێ. دەستڕەنگینیی ئەوان لە سەرانسەری جیهاندا ناسراوە و لێرە منداڵ هەر کە پێی نایە حەوت هەشت ساڵان فێری کارو پیشەی دەست دەکرێ، وەك هونەری نەخش و نیگار دروستکردن لەسەر کانزا، هەڵکۆڵین، پڕکردنەوەی نەخشی لەسەر کانزا هەڵکۆڵراو، سواغدان بە میناو هەڵکۆڵینی دار. لێرە وا دەگێڕنەوە جاران کە وەستا دەگەیشتە لووتکەی کارامەیی و دەستڕەنگینی لە پیشەکەی خۆیدا هەڵدەستا ئەم زیرەکی و توانایەی لە گوندەکەی خۆی یان لە تەواوی گوندەکانی داغستاندا پیشاندەدا. لەم ئەزموونەیدا لە کاری وەستایانی دیکەش ورد دەبۆوە و سوودیان لە یەکتر وەردەگرت. فرە جاریش وەستا، بۆ هەمان مەبەست، دەپەڕییە کۆڵی ئەسپەکەی و بەرەو جۆرجیا، ئێران یان تورکیا بۆیدەردەچوو و هەمیشە لەگەڵ خۆی کارێکی هونەریی ئەو وڵاتانەیشی دەهێنایەوە. ئەگەر واینەکردایە کێ بڕوای دەکرد وەستا سەری لەو وڵاتانە داوە؟

لێرە جام و زێڕو زیو، چەکی کۆن، ئاوزەنگیو جۆرەها خشڵی وەك بازن و قاب قورعان پشتاوپشت دروست دەکرێن. لە هەندێ کەلوپەلی ناوماڵدا کتری بڕۆنزیی وا دەبینرێ مێژووی دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دوانزەهەم، فەخفووریی ئێرانی وا هەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شەشەم و مەقەڵیی وا هەیە پێنج سەد ساڵ تەمەنێتی. ئەمانە

هیچیان له مۆزەخانەدا دانەنراون بەڵکو تا ئێستاش هەر بەکاردەهێنرێن. ئاگردانی چیانشینێك ڕەنگە پیرۆزترین جێگا بێت له ماڵەکەیدا. زۆر له ماڵه کۆنەکان تا ئێستاش بۆن وبەرامی دووکەڵی چەند ساڵەی پشتاوپشتی ژیانی پاراستووه به دیار ئاگردانەکەوە و هەردەم ئاگردان قڕەو قەرەباڵغ و گریان وهاواری منداڵی له دەورووپشت نابڕێ و زۆر پیری سەد ساڵه به هێمنی بەرەو سەدەی دووەمی ژیانی دەکشێ به تەنیشت ئاگردانەوە.

به ڕاستی جوانی و ڕازاندنەوەی ئەفسووناوی لای ئافرەتی چیاییه به سەرپۆشی درێژی به خشڵ و زێڕنەخشێنراویان و گۆرەوی دەستکردی پڕ نەخش و نیگاریان که تا ئێستاش له گونددا له پێ دەکرێن. جلوبەرگی نوێیش له پاڵ ئەمانەدا خۆی گەیاندووەتە دوورترین گوند. یەکەم جار پیاو بایاندایەوە سەر جل وبەرگی ئەوروپایی. به درێژایی چەرخ و ڕۆژگار منداڵ فێری ئەوە دەکران لەسەر زین دانیشن تەنانەت له پێش پێگرتنیشدا. ئەمڕۆش وەك جاران شوان له ئەسپ دانابڕێ، لەبەرئەوەی لەوەڕگاو پاوانی چیا به ئوتومبێل و ماتۆڕ پێیناگەی. ئەو گۆشەگیری و لێکدابڕانەی کاتی خۆی پێویست بوو بۆ پاراستنی گوند له شاڵاوی دوژمن بایەخی جارانی لەدەستداوەو ئێستا مەترسیی هەیه بۆ گۆڕانکاریی نوێ. بەڵام خەڵك به عادەت حەز بەوە ناکەن خاکی بەردەڵانیان بەجێبێڵن ئەگەرچی پڕیشه له ماندوێتی و دەردیسەری. بۆ نموونه کوروش گوندێك بوو بەسەربەرزترین شاخەوە، بانگ کران بۆ نیشتەجێبوون له گوندێکی نوێدا که لەسەر لێواری دەریای قەزوێن دروستکرابوو زۆریان ڕازی نەبوون.

- "له شاخ بێینه خوارەوە؟ بۆ کوێ؟"
- "بەرەوخوار، بۆ پێدەشت و نشێوەکان، لەوێ دەریا هەیه، زەوی و زاری چاك، ڕێگاوبان نزیکێتی".
- "ئەی باشه کێ لێره بمێنێتەوە؟ ئەگەر هەموو کەسێ دابەزێتە خوارەوە چیا خەڵکی تێدا نامێنێ".

ئەنجام ژیان و گوزەرانی خۆشتر له پێدەشت و نشێویدا گرەوی بردەوە. چیانشینەکان جووڵەیان تێکەوت و دەستیان کرد به دروستکردنی خانووبەرەی نوێیان. بەڵام گشت دەمەو ئێوارەیەك بەرەورووی چیاکان دادەنیشتن و چاویان دەبڕییە گوندە خۆشەویستەکانیان که له بنارو توێولۆکانی چیادا بەجێیانهێشتبوون. هەمووان خامۆش و بێدەنگ چاویان له ئاسۆ هەڵنەدەگرت تا تاریك دادەهات و ئیدی چاو بڕی نەدەکرد!

★★★★★

# خانمێکی بچکۆلانـــه

چیرۆکێکی میللیی ڕووسییه خاتوو ڤالنتینا ئۆسێیڤا دایڕشتووەتەوە

له ڕۆژگارێکی کۆندا کیژۆڵەیەکی ژیرو بچکۆلانه هەبوو ئەم کیژە کەڵەشێرێکی جوانکیلەی هەبوو هەموو ڕۆژێ دەمەوبەیان کەڵەشێر لەخەو هەڵدەستاو دەستی دەکرد به خوێندن" قوو قوو قوو، بەیانیت باش خانمه بچکۆلانەکەم!". ئەوجا دەچووە لای کیژۆڵەکەوە و دەستوپلی پاکدەکردەوە و بەتەنیشتیەوە دادەنیشت. پەڕەکانی کەڵەشێرەکە ڕەنگی پەلکەزێڕینەی دەنواند و بەجۆرێك دەدرەوشایەوە دەتوت چەورت کردووە، پۆپنەکەشی وەك زێڕ له بەر تیشکی ڕۆژ دەبریسکایەوە، به کورتی ئەم کەڵەشێره زۆر جوان و نایاب و دەستەمۆ بوو.

ڕۆژێکیان خانمە بچکۆلە دراوسێیەکی خۆی بینی مریشکێکی خنجیلانەی پێبوو ئەمیش خێرا دڵی لێچوو و بە دراوسێکەی وت "ئەم مریشکەی خۆتم بدەرێ منیش لە جیاتیدا کەڵەشێرەکەی خۆمت دەدەمێ".

کەڵەشێرەکە گوێی لەم قسانەی بوو، لە داخا پۆپنەکەی شۆڕبووەوە و سەری خۆی کز کرد، بەڵام تازە چیبکا هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو، دراوسێ دەسبەجێ ڕازی بوو و کەڵەشێرەکەی لەبری مریشکەکە برد.

کیژە نەشمیلانەکە بوو بە دۆست و ئاشنای مریشکە قونە، مریشکەکەش زۆر خنجیلە و جوان بوو، پەڕو پۆیەکی سپی پێوەبوو ئەوەندەش زیرەك و چالاك بوو هەرگیز ڕۆژانە خانمەکەی لە هێلکەیەکی تەڕوبڕ و جوان بێبەش نەدەکرد. مریشکە خرپن هەموو ڕۆژێ دەچووە لای خانمەکەی و دەیخوێند: "گە گە گا خانمەکەم ئەم هێلکە بچکۆلەیەش نۆش بکە". کیژە نەشمیلانەکەش هێلکەکەی دەخوارد و مریشکەکەی دەخستە باوەشی و دەستی بە سەر پەڕەکەیدا دەهێنا و دان و ئاوی دەخستەبەر.

ڕۆژێکیان کیژۆڵەکە دراوسێیەکی تری بینی لەو ناوەدا پیاسەی دەکرد و مراوییەکی بەدەستەوە بوو. کیژۆڵەکە یەکسەر شەیدای مراوییەکە بوو و بە دراوسێکەی وت: "مراوییەکەتم بدەرێ منیش مریشکەکەی خۆمت دەدەمێ". مریشك کە گوێی لەم قسەیە بوو زۆر داما و پەڕوپۆکەی ئاڵۆزکا و شۆڕبۆوە بەڵام چیبکات هیچ دەسەڵاتێکی نەما تازە خانمەکەی دەستی لێبەردا. ئەوەندەی پێنەچوو کیژۆڵەکە بوو بە دۆست و هاوەڵی مراوییەکە و هەموو ڕۆژێ دەچوون لە ڕووبارەکەدا پێکەوە مەلەیان دەکرد و مراوییەکە هاواری دەکرد: "قاق قاق خانمەکەم زۆر دوور مەڕۆ بە مەلەوانی، ڕووبارەکە قووڵە"، کیژۆڵەش لە ئاوەکە دەهاتە دەرەوە و بۆ پشوودان و حەوانەوە لە گوێی ڕووبارەکەدا لێی پاڵدەکەوت و پاشانیش مراوییەکە بەدوایدا دەهاتەوە قەراخ ڕووبارەکە.

ڕۆژێکیان دراوسێیەك هاتە سەر ڕووبارەکە، تووتکە سەگێکی جوانکیلەی سنك کردبوو و لەگەڵ خۆی هێنابووی، کیژۆڵە سەرنجی تووتکەکەی دا و وتی: "وەی کە سەگێکی جوانکیلەیە توخوا ئەگەر نەمدەیتێ، منیش لە جیاتی ئەو مراوییەکەی خۆمت دەدەمێ". مراوی کە ئەم قسانەی بیست داما و کزۆڵەی کرد و کەوتە ئاخ هەڵکێشان و باڵەتەپە بەڵام چیبکات تازە هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو، دراوسێکە خێرا هەڵیگرت و خستیە بندەستی و لێیدا ڕۆیشت.

ئەمجارەیان کیژۆڵەکە دەستی ب ەسەر تووتکەکەدا دەهێنا و دەیوت: "من کەڵەشێرێکم بوو بەڵام گۆڕیمەوە بە مریشکێك و مریشکەکەش بە مراوییەك و وا ئێستاش دەسبەرداری مراوییەکە بووم بۆ تۆ".

سەگەکە کە گوێی لەمە بوو زۆر نیگەران و بێتاقەت بوو بۆیە خۆی لە ژێر مێزەکدا شاردەوە و ئەو شەوە وەختێ کیژۆڵەکە خەوت ئەمیش بە ئەسپایی و بە چنگەکڕێ دەرگاکەی کردەوە و هەڵات. لە ڕێگا لەبەرخۆیەوە دەیوت: "من نامەوێ ببمە دۆست و برادەری خانمێکی ئاوها و پێدەچێت ئەم خانمە نرخی دۆستایەتی نەزانێت".

بەیانیی ڕۆژی دواترکاتێ کیژۆڵەکە لە خەو هەڵسا تەماشای کرد تووتکەکە ڕۆیشتووە و ئیتر بۆ خۆی هەر بەتەنها مایەوە.

*****

# کـوڕی سـەربازەکـە

## چیرۆکێکی نووسەری کیرغیزی جەنگیز ئیتماتۆڤە

لووتکەی چیاکانی تیان – شان، کەوا کێوە ئاسمانیەکانیشی پێدەوترێت، بوونەتە هێمای کیرغیزیا، کە یەکێکە لە کۆمارەکانی ڕووسیای فیدراڵ. ئەم شاخانەش زێدی نووسەری بەناوبانگی کیرغیز، جەنگیز ئیتماتۆڤن. ئیتماتۆڤ ساڵی 1928 لەدایکبووە و مێژووی ژیانێکی ساکاری هەیە. کاتێ قوتابخانەی تەواو کرد، لە تیمێکی شۆفێرانی تراکتۆردا کاری کردووە، پاشان پەیمانگای کشتوکاڵی تەواو کرد و بوو بە پسپۆڕ لە ئاژەڵ بەخێوکردندا. یەکەم چیرۆکەکانی جەنگیز ئیتماتۆڤ لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا بلاوبوونەوە. لە ساڵی 1958 دا چیرۆکی "جەمیلە" ی نووسەر دەرکەوت. ئەم چیرۆکە کە تەرخان کراوە بۆ ئەوین وخۆشەویستی، ئەو بابەتەی هەتاهەتاییەیدنیا کە تا ژیان مابێت بڕانەوەی بۆ نیە، ناوبانگی بە نووسەرەکەی دەرکرد. کار و بەرهەمەکانی ئیتماتۆڤ لەسەرخۆ لەدایک دەبن وهەندێ جار ماوەی چەند ساڵێکیان لە نێواندایە. بە دوای چیرۆکی "جەمیلە" دا چیرۆکی "کیژۆڵە تارا سوورەکەم" و "مامۆستای یەکەم" و "کێڵگەی دایك" و " گوڵەزەر ماڵئاوا" و "کەشتییە سپییەکە" هاتن. هەموو یەکێك لەم چیرۆکانە ناوبانگی لە یەکێتی سۆڤییەتی جاران و هەندەراندا دەرکردووە. نهێنیی سەرکەوتنی ئیتماتۆڤ لەوەدایە کە چیرۆکی ڕاستەقینە لەبارەی خەڵکەوە دەنووسێ و وێنەی زیندوو و قەناعەتبەخش دادەهێنێ بۆ هاوچەرخەکانی لە جووتیاران و ڕۆشنبیرە کیرغیزییە دێهاتنشینەکان و بە هێزێکی درامیانەی گەورە وێنەی خەباتی پەیوەندییە نوێکان دەکێشێ دژ بە سیستەمی کۆن. خۆشویستنی خەڵك نیشانەیەکی سەرەکی بەهرەی ئیتماتۆڤە.

---

یەکەمجار بوو کە باوکی لە سەر پەردەی سینەمادا ببینێ. ئەو کاتە منداڵێك بوو، تەمەنی پێنج بەهار بوو. ئەمە لەو بینا سپییە گەورەیەدا ڕوویدا کە ساڵانە مەڕی تێدا دەبڕایەوە. بیناکە بە ئەردەواز(خشتی ڕەش) سەرگیراوە و تا ئەمڕۆش هەر لە ڕێگەکەدایە، بە بناری شاخەکەوە و لە پشتی شارۆچکە سۆفخۆزییەکەدا. کوڕەکە لەگەڵ چینگوڵی دایکیدا هاتبوو بۆ ئێرە. دایکی کرێکاری تەلەفۆن بوو لە لقی پۆستەی سۆفخۆزدا و هەموو هلوینێك، لە سەرەتای وەرزی مەڕ بڕینەوەدا، دەچووە مەڵبەندی خوری بڕینەوەو وەك بەردەست، بەلاّم بە بڕ، کاری دەکرد و بەمە چەردەیەك پارەی پاشەکەوت دەکرد و بەش بەحاڵی ئەو، وەك ژنە سەربازێکی بێوەژن کەوتوو، هەر قرۆشێکی زیادە بۆ ئەو هێجگار پێویست بوو. ئەوە هیچ دادێك نادات کە بڵێی خێزانەکەی کەمسەرەو هەر خۆیو کوڕەکەیەتی. چونکە خێزان هەر خێزانەو پێویست بەوە دەکات سووتەمەنی پاشەکەوت بکرێ بۆ زستان، ئارد و جل و پۆشاك و پێڵاو.. و پێداویستیی زۆری تریش دابین بکرێت.

ژنە کەسی نەبوو کوڕەکەی لا جێبێڵێت، بۆیە لەگەڵ خۆیدا دەیبرد بۆ سەر کارو کوڕەی بچوکیش بە درێژایی ڕۆژ لە ناو بڕێنگەچی و شوان و سەگە تیسکنەکانیاندا پیس و پۆخڵ هەر گەمە و ڕاکە ڕاکەی دەکرد. کوڕە یەکەم کەس بوو سەرنجی گەیشتنی سینەمای گەڕۆکی دا بۆ لای بیناکە و یەکەم کەسیش بوو کە ئەم مژدە خۆشەی دا بە هەمووان.

– سینەما هات! سینەما هات!

لە پاش تەواوبوونی کار، کاتێ کە دنیا تاریك بوو، فلیمەکە پیشاندرا. تا ئەو کاتە منداڵەکە زۆر بێزاربوو بە چاوەڕوان کردن. بەڵام ئەنجامی ئەم وەڕسییەی خراپ نەبوو، بابەتی فلیمەکە لەبارەی جەنگەوە بوو. لە سەر شاشە سپییەکە کە بە دوو ستوونەوە لە پەڕی بیناکەدا هەڵواسرابوو شەڕ دەستی پێکرد، هاڕەو نرکەی گوللە دەنگی دەدایەوەو مووشەك بە ئاسماندا فیشکەی دەهات و تاریکایی لەت و پەت دەکرد و ڕووناکی دەکردەوە هاوکات لەگەڵ دەرخستنی سەربازانی سووسەگردا کە بە زەوییەوە نووسابوون. ڕەشاشەکانیش بە شەودا بەجۆرێك ڕێژنەی گوللەیان دادەباراند کە دڵی کوڕە بچکۆلیان دادەخورپاند. ئەمە شەڕێکی ڕاستەقینە بوو.

کوڕە لەگەڵ دایکیدا لە ڕیزی دواوە لە سەر شلیفە خورییەکان دانیشتبوون. لێرەوە چاکتر دەبینرا، بەڵام کوڕە بچکۆل دانیشتنی ڕیزی پێشەوەی پێ چاکتر بوو، چونکە لەوێدا لە نزیکی شاشەکەوە کۆمەڵێك منداڵ دانیشتبون، ئەوانەی کە بە ڕاکردن لە سۆفخۆزەکەوە هاتبوون. ئەویش ویستی بچێتە لایان بەڵام دایکی پێیدا هەڵشاخاو وتی:

– بەسیە بەرەڵایی لە بەیانیەوە تا ئێوارە! لەگەڵ خۆمدا بمێنەوە!

ژنە بە دەم ئەم قسانەوە منداڵەکەی خستە باوەشی خۆی.

ئامێری پیشاندەری فیلمی سینەماکە ئیشی دەکردو شەڕ گەرم بوو. خەڵکەکە بە دەمارگرژییەوە چاویان تێبڕیبوو، دایکەکەش ئاخی هەڵدەکێشاو ناوبەناویش لە ترساندا دەلەرزی و کوڕە بچووکەکەی دەنووساندە سینگیەوە کاتێ کە تانکەکە ڕاستەوخۆ بەرەو ڕووی دەبۆوە. ژنێکیش کە بە تەنیشتیەوە لە سەر فەردەیەك دانیشتبوو، جارجارە ورتە ورتێکی بۆ دەکرد:

– هاوار بە ماڵم! ئەم هەراو فەرتەنەیە چیە خوایە!..

بەڵام کوڕە بچکۆل هیچ هەستی بەو ترس و لەرزە نەدەکرد، بەڵکو بە پێچەوانەوە، هەستی بە خۆشییەکی بێ پایان دەکرد کاتێ کە فاشیستەکان بەردەبوونەوە سەر زەوی. بەڵام کە سەربازەکانی خۆمان دەکەوتن، ئەم وای بۆ دەچوو کە دواتر دووبارە ڕاستدەبنەوە.

بە گشتی خەڵك لە جەنگدا بە شێوەیەك دەکەون کەوا دەبێتە مایەی پێکەنین، ڕێك وەکو منداڵان کاتێ کە گەمەی جەنگ دەکەن. کوڕە چاکی دەزانی ئاوها خۆی بدا بە زەویدا کاتێ کە ڕایدەکرد و فێڵ و چاوبەستیی لە هاوەڵەکانی دەکرد. ڕاستە تۆ لەوانەیە تووشی ڕووشانی بە ئازاربیت، بەڵام ئەوە قەیناکە، چونکە ڕێگەی ئەوەت لێناگرێ دووبارە هەڵسیتەوەو سەرلەنوێ هەڵمەت بەریتەوە و ئەو ڕووشان و زامانەت بیرچووبێتەوە. کەچی ئەوان ناتوانن هەڵسنەوە و هەر لە سەر زەوییەکە بە گرمۆڵەیی دەمێننەوە. کوڕە جۆرێکی تریش کەوتنی بە چاکی دەزانی، وەك ئەوانەی کە گوللە سکیان دەپێکێ. ئەوان دەسبەجێ نادەن لە زەوی، بەڵکو لە سەرەتادا سکی خۆیان بە دەست دەگوشن، پاشان دەنوشتێنەوەو لەسەرخۆ دەکەونە سەر گژوگیاکە، ئەوجا چەکەکانیان لە دەست دەردێنن. پاشان ڕایدەگەیەنێ کە نەکوژراوەو سەرلەنوێ شەڕدەکاتەوە، بەڵام ئەمانە دووبارە هەڵنەدەسانەوە!.

شەڕ بەردەوام گەرم بوو وئامێری پیشاندەری سینەمایی دەیزیڕاند. لەم کانەدا سەربازانی تۆپخانە لە سەر شاشەکە دەرکەوتن و تۆپێکی دژە تانکیان ڕادەکێشا بۆ سەر سەکۆی هاوێشتنی ڕاستەوخۆ، لە نێو ئاگرباران و تەقینەوەو دووکەڵدا. ئەوان تۆپەکەیان بە هەورازێکی سەخت و هەڵەتدا پاڵ پێوە دەنا. هەورازەکە زۆر بەرز بوو، بەقەد نیوەی ئاسمان دەبوو. بە سەر ئەم هەورازە تووش و سەختەدا کە بە شەپۆلی تەقینەوەی ڕەش و تاریك دەکولا کۆمەڵێك لە تۆپچییان چوونە پێشەوە. لە ڕوخسارو هەڵسوکەوتی ئەمانەدا ئەوە بە دی دەکرا کە بە جۆش وخرۆش و شانازییەکی زۆرەوە چاوەڕوانی ڕوودانی کارێکی سامناك و مەزن دەکەن. ئەمانە حەوت سەرباز بوون، جلەکانیان داوەشابوو، دیمەنی یەکێك لە تۆپچییەکان لەوە دەچوو ڕووس نەبێ. ڕەنگە ئەمە سەرنجی منداڵەکەی ڕانەکێشایە ئەگەر دایکی نەبوایە کە بە گوێیدا چرپاند و وتی:

– تەماشاکە، ئەوە باوکتە..

لەو ساتەوە ئەم سەربازە بوو بە باوکی منداڵەکە. هەموو فلیمەکە تەرخان کرابوو بۆ ئەو، واتە بۆ باوکی. باوکە لە تافی لاویدا بوو لە چەشنی لاوەکانی سۆفخۆز، باڵا ناوەنجییەکی ڕوومەت خڕبوو، بە چاوێکی ئاگرینەوە تەماشای دەکرد و ڕق وکینە لە دەم وچاوە ڕەشداگەڕاوەکەی دەباری کە قوڕولیتەو دووکەڵ دایانپۆشیبوو. لە پڵنگێك دەچوو خۆی بۆ شاڵاوێکی توند سازدابێت. ها ئەوەتا شانی داوەتە بەر پێچکەی تۆپەکە وئاوڕ لەدواوە دەدات و ڕووی دەم دەکاتە

یەکێکیان کە لە خوارەوەیە و هاوار دەکا: "خێراکە، ئاگریدە! دوامەکەوە " و دەنگەکەی لە نێو گرمەی تەقینەوەیەکی نوێدا ون دەبێت.

ئەفالبێك سەرلەنوێ لە دایکی پرسی:

– باشە ئەمە باوکمە دایە؟

دایکەکە تێنەگەیشت، بۆیە وتی:

– چی؟ لەسەرخۆ دانیشەو، تەماشاکە !

– ئەی تۆ وتت ئەوە باوکمە.

– بەلێ وایە، ئەوە باوکتە. بەلام زۆربلێی مەکە و خەلکی تر سەغلەت مەکە.

بۆچی و لەبەر چی دایکەکە وای وت؟ هۆی چی بوو؟ ڕەنگە، هەر بە ڕێکەوت ئەوەی وتبێ، بێ ئەوەی لەو ساتەدا بیری لێبکاتەوە. لەوانەیە مێردەکەی بیرکەوتبێتەوە و زۆر هەلچووبێ. بەلام کوڕەی نەفام بڕوای بەوە کرد و زۆری پێخۆش بوو. ئەم دلخۆشییە کوتوپڕە کە بەو نامۆ بوو پەشۆکاندیو، وەك هەر منداڵێك، کەوتە شانازی کردن بە باوکی سەربازیەوە. بۆ ئەو باوکێکی ڕاستەقینەیە ! باوکی ئەو خۆیەتی، هەرچەندە مندالان ڕقیان هەلدەساند بەوەی کە پێیان دەوت باوکی نیە. با ئەوان ئێستا باوکی ببینن، با شوانەکانیش بیبینن! ئەو شوانانەی، کە شاخ و کێو دەدەنە ژێر پێوە، هەرگیز مندالان بە باشی ناناسنەوە. ئەو یارمەتییان دەدا لە وەبەردانی ئاژەلەکان بۆ حەوشەی مەلبەندی خوری بڕینەوە و سەگەکانیان ڕاودەنێ کاتێ کە بە شەڕدێن، کەچی بە پرسیار کردن تەنگی پێهەلدەچنن و سەغلەتی دەکەن. ئەو هەموو شوانە زۆرە، هەریەکە لای خۆیەوە لێی دەپرسێ:

– ناوت چیە شۆڕەسوار؟

– ئەفالبیك.

– کوڕی کێی؟

– کوڕی تۆکتۆسۆنم !

شوانەکان دەسبەجێ لەوە ناگەن کە منداڵەکە مەبەستی کێیە، لەبەرئەوە لە سەر زینەوە خۆیانی بۆلاردەکەنەوەو سەرلەنوێ لێی دەپرسنەوە:

– تۆکتۆسۆن؟ ئەم تۆکتۆسۆنە کێیە؟

منداڵەکە ئەمجارەش بە دلنیاییەوە دەلێ:

– بەلێ من کوڕی تۆکتۆسۆنم.

دایکی تەمێی کردبوو کە بەوجۆرە وەلام بداتەوە، هەروەها نەنکە کوێرە سەرئاسنینەکەشی هەردوو گوێی ڕاکێشا بوو کەوا هەرگیز ناوی باوکی لەبیر نەکات.

– ئێ .. ئێ، کەواتە تۆ کوڕی ژنە کرێکارەکەی تەلەفۆنی لە پۆستەدا ؟ تێگەیشتم، ئێ ...

بەلام منداڵەکە هەر لە سەر قسەی خۆی سوور دەبوو:

– نەخێر، من کوڕی تۆکتۆسۆنم !

شوانەکان ئەو کاتە ئیتر لە مەسەلەکە تێدەگەیشتن و دەیانوت:

– ئێ وایە ڕاستە تۆ کوڕی تۆکتۆسۆنی، ئافەرین ! ئێمە هەرحەزمان کرد تاقیت بکەینەوە، دلگران نەبی شۆڕسوارچونکە ئێمە بە درێژایی سال لە شاخ و کێوانین، ئێوەش لێرە وەکو گژوگیا هەلدەدەن و گەشە دەکەن و بە زەحمەت مندالان دەناسرێنەوە.

شوانەکان بۆ ماوەیەکی زۆر باوکیان دەهێنایەوە یادو لەناو خۆیاندا بە چرپە دەیانوت کە ئەو بە گەنجی ڕۆیشت بۆ بەرەی جەنگ و زۆر کەس ئێستا لەبیریان نەماوە. ئەوچاکتر کە کوڕێکی لە شوێن بەجێماوە. زۆر گەنج بە سەڵتی سەریان نایەوە، بێئەوەی کەسیان لە شوێن بەجێ بمێنێ و ناویان کوێرنەبێتەوە!.
ئێستا لەو ساتەوەختەوە کە دایکی چپاندی بە گوێیدا " تەماشاکە، ئەوە باوکتە ! " ئیتر سەربازی سەر شاشەکە بوو بە باوکی ئەم منداڵەو کەوتە بیرکردنەوە لێی، وەك بەڕاستی باوکی بێت. ڕاستیەکەشی لێچوونێك هەبوو لە نێوان ئەو و وێنە سەربازییەکەی باوکیدا، وێنەی سەربازێکی لاو شەبقەیەکی ناوەتە سەریەوە، ئەو وێنەیەی دایکی دواتر گەورەی کردبۆوە و لە شووشەو چوارچێوەی گرتبوو.
لەو ساتەوە ئەفالبێك بەچاوی کوڕەوە کەوتە تەماشاکردنی باوکی و لەناخیدا، ناخی منداڵێك، نوقمی شەپۆلێکی گەرموگوڕی خۆشەویستیو سۆزی شاراوەی کوڕێتی بوو. خەیاڵیشی وای بۆ دەچوو کە باوکی سەرشاشەکە دەزانێ کوڕەکەی چاوی تێبڕیوەو تەماشای دەکات و دەخوازێ لە ڕێگای ئەم ژیانە خێرایەوە لە سینەمادا دەرکەوێ بۆ ئەوەی کوڕەکەی قەت لەیادی نەچێت و تا ماوە شانازی بەوەوە بکات کە باوکی سەربازێك بووە لە جەنگی ڕابردوودا.
لەو کاتەوە بەدواوە ئیترمنداڵەکە شەڕی بە یاریو گاڵتە دانەنا و لە گلان و کوژرانی خەڵکدا ئەوەی نەدەبینی کە مایەی پێکەنین بێت و شەڕ بوو بە شتێکی پڕ مەترسی و نائارامی. بۆیەکەمجار هەستی بە نیگەرانی کرد بۆ کەسێکی خۆشەویست بەو، کەسێك کە هەمیشە بیری دەکرد.
شەڕ بەردەوام گەرم بوو، ئامێری پیشاندەری سینەماییش دەنگی دەهات. لە پێشەوە تانکە هێرشبەرەکان دەرکەوتن و بە شێوەیەکی سامناك دەچوونە پێشەوەو زەوییان بە زنجیرەکانیان هەڵدەدڕی و بەبێ وەستان و بەدەم خولانەوەی بورجەکانیانەوە گوللەتۆپ و شەستیرەکانیان دەتەقاند. تۆپچیە هێزلەبەربڕاوەکانی خۆشمان، تۆپەکەیان بۆ سەرەوە ڕادەکێشا. لێرەدا منداڵەکە کەوتە هاندانی باوکی: "پەلەکە بابە، پەلەکە، تانکەکان هاتن، تانکەکان!". دواجار تاقمەکە هەرچۆنێك بوو توانییان تۆپەکە بەکێش بکەن و لەنێو دار و دەوەنەکەدا دایمەزرینن. پاشان کەوتنە بۆردمان کردنی تانکەکان و ئەوانیش کە ژمارەیان زۆر بوو، لە لای خۆیانەوە دایانگرتنەوە و بارودۆخ هێجگار بەسام و ترسناك بوو.
کوڕە وای بە خەیاڵدا دەهات کە ئەویش لەوێیە، بە تەنیشتی باوکیەوەو لەنێو ئاگری شەڕو گرمە و ناڵەدایە. کوڕە بە سەر ئەژنۆی دایکیەوە لە خۆشیاندا باڵی لێیەیدا دەبوو کاتێ کە تانکەکان دەسووتان و دووکەڵێکی ڕەش دەچوو بە ئاسمانداو، زنجیرەکانیان لە پێچکەکان دەترازان و دەچوون بە حەوادا، لەکاتێکدا کە بە شێوەیەکی کوێرانە و داخ لە دڵانە لە یەك شوێندا دەسووڕانەوە. بەڵام کاتێ کە سەربازەکانی خۆمان لە پشتی تۆپەکەوە دەکەوتن، ئەم هەناسەی لە خۆ دەبڕی و خۆی وشك و گرمۆڵە دەکرد. سەربازەکان تا دەهات ژمارەیان کەم دەبووەوە .. دایکەکە دەگریا و هۆن هۆن فرمێسك بە سەر ڕوومەتەکانیدا دەهاتەخوار.
شەڕ بەردەوام گەرم بوو وئامێری پیشاندەری سینەماییش هەر جیڕەی دەهات. تانکەکان پتر نزیك بوونەوە و باوکەکە لە نزیك گالیسکەی تۆپەکەدا دانەوییەوە، بە توندی لە سەماعەی تەلەفۆنەکەی مەیداندا هاواری دەکرد. بەڵام کەس لەو قسانەی تێنەگەیشت لەبەر هاڕەی گوللە و نرکە و ناڵەی بۆردمانی خەست. سەربازێکی تر لە نزیك گالیسکەی تۆپەکەوە کەوت، ویستی هەڵسێتەوە بەڵام نەیتوانی و دووبارە کەوتەوە سەر زەوی و خوێن فوارەی کردو ئەو ناوەی گشت داپۆشی. کەس نەمایەوە تەنها ئەوان نەبێ : باوکەکە و سەربازێکی تر، گوللە تۆپێکیان تەقاند پاشان دوو گوللە تۆپ بەشوێن یەکدا، بەڵام تانکەکان بەردەوام بوون لە سەر پێشڕەویی خۆیان. لەناکاو بۆمبێك لە نزیك تۆپەکەوە ناڵەی کرد، تەقینەوە و ئاگرو تاریکی تێکەڵ بوون. تەنها سەربازێك لە زەوییەکە هەڵسایەوە ئەویش باوکی بوو، سەرلەنوێ بازی دایەوە سەر تۆپەکەی. وا ئێستا بە تەنها خۆی دایدەگرێتەوە و خۆیشی مشت لە نیشان دەگرێ. دوا

گوللەتۆپ تەقی و هەمدیسان تەقینەوەیەك شاشەكە دادەپۆشێ و تۆپی باوكەكە لەبن دەردێنێ و هەڵیدەدا. بەڵام ئەو هێشتا هەر زیندووە و وا خەریكە لەسەرخۆ هەڵدەسێتەوە، بەڵام سووتاوەو دووكەڵ لە جلە پرزۆڵ پرزۆڵەكانی بەرزدەبێتەوەو بەرەو ڕووی تانكەكە دەچێ. نارنجۆكێكی بە دەستەوەیەو وا هیچ شتێكی تر نابینێ ونابیستێ و دوا تین و هێز دەداتە خۆی و لەپڕ نارنجۆكە دەستییەكەی تووڕدا و قیڕاندی:

– ڕاوەستن ! تێناپەڕن !

سەربازەكە تاوێك لەم بارەدا وشك بوو، دەم وچاوی ڕق و كینە و ئازار شێواندبووی. دایكەش ئەوەندە بە توندی كوڕەكەی گرتە سنگیەوە خەریك بوو بخنكێ و ویستی خۆی دەرباز بكات و گوڕی خۆی بدات بۆلای باوكی، بەڵام ڕێژنە گوللەیەكی دوورو درێژی شەستیر لە دەمی تانگەكەوە هاڕەی كردو باوكەكە وەكو دارێكی بڕاو كەوتە خوارەوە. پاشان بە سەر زەویەكەدا گلۆربووەوەو ویستی دووبارە هەڵسێتەوە، بەڵام سەرلەنوێ بە پشتدا كەوت و هەردوو باڵی بەملاو بەولادا ڕاكێشا...

ئامێری پیشاندەری سینەما دەنگی نەما و شەڕ وەستا. ئەوەش كۆتایی بەشی یەكەمی فلیمەكە بوو. كاتێ كە گڵۆپەكانی بیناكە داگیرسان و ئەو ناوە ڕووناك بووەوە ئامادەبووان بە دەم چاوهەڵگلۆفتنەوە لە جیهانی سینەما و جەنگەوە دەگەڕانەوە سەر ژیانی ڕاستەقینەی خۆیان.

لەم كاتەدا منداڵەكە بە سەر شلیفە خورییەكاندا خلۆربووەوە و هاواری دەكرد:

– منداڵینە ! ئەوە باوكم بوو ! بینیتان؟ ئەوە باوكم بوو كە كوشتیان...

كەس چاوەڕێی ئەمەی نەدەكردو كەس نەیزانی چی ڕوویداوە. بەڵام منداڵەكە بە هەڵەداوان و بەدەم قیژەو هاوارەوە بەرەو شاشەكە ڕۆیشت، كە لەوێدا لە ڕیزی پێشەوە هاوەڵە بچكۆلانەكانی دانیشتبوون و سەرنجیان لای ئەو بایەخێكی گەورەی هەبوو. بیناكە بۆ تاوێك خامۆشییەكی سامناك و قورس دایگرت و كەس نەیزانی ئەم منداڵە بۆچی وا شادمانە لە كاتێكدا كە هەرگیز باوكی خۆی نەبینیوە. كەسیش لە هیچ تێنەگەیشت و هەمووان بە واق وڕمانەوە بێدەنگ بووبوون و بە حەپەساوییەوە شانیان هەڵدەتەكاند. قوتووی فلیمەكە لە دەست پیاوە سینەماكارەكە كەوتە خوارەوە و بە دەم خلبوونەوە دەزڕایەوەو پاشان بوو بە دوو كەرتەوە. بەڵام نە كابرا و نە كەسی ناو بیناكەبایەخێكیان پێنەدا. بەڵام ئەو، واتە كوڕی سەربازی كوژراو، بەردەوام بوو لە سەر دووپاتكردنەوە وجەختكردنی خۆی:

– بینیتان، ئەوە باوكم بوو !.. كوشتیان !

منداڵەكە بەردەوام ئەمەی دەوتەوەو هەڵچوونەكەی زیاتر دەبوو لەگەڵ بەردەوامبوونی كپی و بێدەنگی خەڵكەكەدا و لە هۆی بەشدار نەبوونی ئەوان تێنەدەگەیشت بەم خۆشی و شانازی كردنەی بە باوكیەوە.

پاشان یەكێك لە ئامادەبووان پێیدا هەڵشاخا و وتی:

– بێدەنگ بە بەسە، بەس وا بڵێ.

بەڵام یەكێكی تر قسەكەی پێ بڕیو وتی:

– بۆچی بێدەنگ بێت؟ ئەو باوكی لە بەرەی جەنگدا شەهید نەبووە؟

لەو كاتەدا كوڕەكەی دراوسێیان، كە قوتابی بوو، پرکێشی ئەوەی كرد و ڕاستیەكەی پێ وت:

– بۆچی دەقیژێنی؟ ئەوە باوكی تۆ نیە. ئەوە ئەكتەرێكە نەك باوكی تۆ. بپرسە لە مامەی سینەماكار.

گەورەكان نەیاندەویست كوڕە بچكۆل لەم خەیاڵە خۆشەی بێبەش بكەن، لەبەرئەوە بە هیوا بوون سینەماكاری میوان ڕاستی هەموو شتێك بڵێ، بۆیە گشتیان چاویان لەو بڕیبوو. بەڵام ئەم خۆی بێدەنگ كردبوو، سەری شۆڕكردبۆوە بە سەر ئامێرەكەیدا و خۆی وا پیشان دەدا كە زۆر جەنجاڵە.

بەڵام منداڵەکە لە قسەی خۆی پاشگەز نەبۆوەو دەیوت:

– نەخێر، ئەوە باوکمە، باوکم !

کوڕی دراوسێکە سەرلە نوێ لێی پرسییەوە:

– کام لەوانە باوکت بوو؟ کامەیان؟

– ئەوەی کە بە نارنجۆکە دەستییەکە بەرەو ڕووی تانکەکە چوو. سەیرە، ئەی نەتبینی؟ ئاوها بەم جۆرە کەوت ! منداڵەکە خۆی دا بە زەویداو کەوتە خۆگلۆرکردنەوە و ڕوونی دەکردەوە کە باوکی چۆن کوژرا. پاشان لای شاشەکەدا لەسەر پشت ڕاکشاو هەردوو دەستی بەمدیو و بەودیودا بڵاوکردەوە.

تەماشاکەران لای خۆیانەوە دەستیان کردە پێکەنین، بەڵام ئەم وەك کوژراوێك، هەر بە ڕاکشاوی مایەوەو پێنەکەنی. سەرلەنوێ هۆڵەکە خامۆشییەکی دایگرتەوە.

پیرەژنە شوانێك بە سەرزەنشت کردنەوە وتی:

– ئەوە چیتە چینگوڵ، سەیری کوێ دەکەی؟

هەمووان بینیان کە چۆن دایکەکە بەرەو لای کوڕەکەی ڕۆیشت، زویر و نیگەران، وچاوەکانی پڕبووبوون لە فرمێسکو کوڕەکەی لە سەر زەوییەکە بەرز کردەوەو پێی وت:

– ئادەی با بڕۆین ڕۆڵە، ئادەی ! ئەو سەبازە باوکی تۆ بوو.

مانگ لە ناوجەرگەی ئاسماندا بوو، لووتکەی شاخەکانیش لە نێو شەوی شینباوی دەیجووردا دەدرەوشانەوەو پێدەشتەکەش، لە خوارەوە، تا چاو بڕکات بە هەر چوارلادا پان و بەرین کشابوو، ئێستا، وا بۆ یەکەمجارە لە ژیانیدا، کوڕە پەی بە تاڵی و بە ناسۆری ئەو ژیانە بردو هەستی بە ستەم و ئازارو خەمێکی بێپایان کرد بەرانبەر بە باوکی کە لە شەڕەکەدا شەهید بوو. لەناکاو ئارەزووی ئەوەی کرد کە دەست لە ملی دایکی بکات و بداتە کوڵی گریان تاوەکو ئەویش لەگەڵیدا بگری. بەڵام دایکی لایەنی بێدەنگی گرت، بۆیە ئەویش بێدەنگ بوو و هەردوو دەستی توند گوشی و فرمێسکەکانی لە چاواندا قەتیس مان. کوڕە بەوەی نەزانی کە ئیتر لەو ساتەوە باوکی لە ناخیدا دەژی، ئەو باوکەی کە دەمێك بوو لە جەنگدا شەهید کرابوو.

*****

# کیـژە یاخییەکە

## چیرۆکی فازۆ عەلییێڤایە

**ناوی فازۆ عەلییێڤا زۆر بە چاکی ناسراوە لە لایەن خوێنەرانی ولأتانی سۆڤێتی جاران و هەندەرانەوە . فازۆ خاوەنی بیست و پێنج کتێبی شیعر و پەخشانە ، لەگەڵ ژمارەیەك شانۆ گەری.  زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤـارەکان ونــاری جۆر بە جۆرو هەمە بابەتی بۆ بڵاو دەکەنەوە . فازۆ عەلیـیڤـا لە یەکێك لە گوندە شاخاوییەکانی داغستان لە دایك بووە لە قەوقازی باکووردا. پاش تەواوکردنی قوتابخانەی دواناوەندی ، دەستی کردە وانە وتنەوە بە پۆلە سەرەتاییەکان . لە ساڵی 1949دا ، کە لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا بوو، یەکەم قەسیدە شیعرییەکانی دەرچوو. لەو کاتەوە ئیدی هۆنراوەکانی ئەم کیژە شاعیرەی داغستان بە شێوەیەکی ڕێك و پێك لە ڕۆژنامە و گۆڤاردا دەردەکەوێت . فازۆ عەلیێـڤـا خوێندنی لە پەیمانگای ئاداب لە مۆسکۆ تەواو کردووە و لە بەرهەمەکانیدا زۆر باسی ئەو کەسایەتییە دەکات کە لە دڵیدا خۆشی دەوێ و لە خۆیەوە نزیکە، کەسایەتی ئافرەتی شاخاوی، یاخیبوو لە دەستووری ژیانی کۆن کە سەردەمی بەسەرچووە . چیرۆکی "کیژە یاخییەکە"  تەرخان کراوە بۆ ئەم بابەتە، ڕووداوەکانی هی ساڵانی سییەکانە، کە لە گوندەکانی داغستاندا پێوەندی نوێ لە نێوان خەڵکدا چەسپابوو.**

---

لە شەوێکی تاریك و نووتەکی مایــســدا، وا بەخەیاڵدا دەهات کە هەموو زیندەوەرێك لە پرخەی خەوێکی قووڵدایە. خەڵکی لەودیوی پەنجەرەی ماڵە تاریکەکانەوە و بگرە شوانەکانیش لە شاخ و کێوەکاندا خەوتوون. مەڕومالأت، ئەو سەگانەی پاسی مێگەلەکان دەکەن و ئەو گورگانەش کە هەڕەشەی پڕ مەترسی دەکەن لەم مێگەلانە، هەر هەموو خەوتوون. پەڵە هەوری سەر لووتکەکان و خۆر لە پشتی چیاکانەوە خەو بردوونیەوە. جاشوولکەکەی نێو تەویلە و سوورەچناری کن دەرکەکە خەوتوون، تەنانەت هاژەهاژی ئاوی ڕووبارەکەش لەوە دەستەوسانتر بوو کە کار بکاتە سەر ئەم جیهانە خامۆش و کپە.
لەو هەمووە تەنها ئیمات بەخەبەر بوو. ئەم کچە بە خۆی و تەمەنی هەژدە بەهاریەوە لە گەنجینەی میوە هەڵگرتندا بەندکرابوو. لە سەر زەوییەکە دانیشتبوو بێ ئەوەی پێڵووی چاوەکانی لێکبنێ، تەماشای ترووسکەی ڕووناکییەکی

دەکرد کە بە ئاستەم لە نێوان بنمیچ و ئەرزی گەنجینەکەوە دردەکەوت و سێبەری سێوە سیسبووەکانی وەرزی بەسەرچووی دەخستە سەر دیوارەکە.
بۆچی دەبێ بە پێی خواستی خێزان و کەسوکار هەڵسوکەوت بکا؟ باشە ئەو لە کیژە هاوتەمەنەکانی خراپترە کە دایکی بە نموونە دەیانهێنێتەوە؟ بە هەرحاڵ، ئەو گوناهبار نیە چونکە بە "یاخیبوو" لە دایکبووە، چون خەڵکی گوند بەو جۆرە ناویان دەبرد! لەوانەیە حەزیشی بەوە کردبێ وەکو ئەوانی دیکە بژێت، بەڵام هەرچەندی دەکرد ئەوەی نەدەتوانی. تۆ بڵێی ئەم هەستی یاخیگەرییە کەی لە ناخیدا چەکەرەی کردبێت؟ ڕەنگە لەو ڕۆژەوە بێت کە لە پاش مردنی باوکی، دوو پیرەمێردی بەشان و شکۆ هاتنە ماڵەوە بۆ مارە کردنی دایکی لە برا بچووکەکەی باوکی. ئەوان بە ڕێزو سەنگینیەکەوە ڕووی دەمیان کردە دایکی و بە دەم هەڵگلۆفینی ڕیشە سپیەکانیانەوە وتیان: "دەبێ شوو بکەیتە مەجید. پێویستە ناوماڵ و خانوو بەش بکرێت؟ ئەمە خێر و چاکەی کچەکەتی تێدایە و بەمجۆرە ئیدی بە هەتیوی گەورە نابێت".
ئیماتی بچکۆلەی تەمەن پێنج ساڵ، ئەم قسانەی وەك تیر لە دڵدا جێگیر بوون. ئەو سەردەمەی مەجیدی مامی بووبوو بە باوەپیارەی، بەیانیانێکی زوو ئیماتی بچکۆلە ڕایکردە سەربانەکەو تەماشای کرد دایکی جڵەوی ئەسپە زینکراوەکەی گرتووە. ئیمات فرەجار بینیبووی کە چۆن باوکی کەیفخۆش و پۆشتە و پەرداخی، بە عەبای سپی و باشلیکی سووری و (باشلیك جۆرێکە لە کڵاو – وشەك تورکییە) تەپلەی قەرەقوڵییەوە، بە دەم دایکیەوە دەشنایەوە کاتێ کە جڵەوی ئەسپەکەی بۆ دەگرت و پاشان ماڵاوایی لێدەکرد و دەپەڕییە سەر پشتی ئەسپ و بە خێرایی بۆی دەردەچوو. ئیمات بە حەپەساوییەوە لە دڵی خۆیدا پرسی:
– باوکم نەماوە، ئیدی دایکم بۆچی ئەسپەکەی ئامادە کردووە ئەمڕۆ؟ لەناکاو مەجید لە حەوشەکەدا دەرکەوت و دەستی خستبووە سەر چاوەکانی تاوەکو لە تیشکی خۆر بیانپارێزێ. عەباکەی باوکی لە شان کردبوو و تەپلە کاراکووڵیەکەشی لە سەر کردبوو. پاشان لە دایکی هاتە پێش و دەستی لە مل کردو سووك و سۆڵ پەڕییە سەر کۆڵی ئەسپەکە .
ئیمات بەرەو ئەسپەکە تاوی دا و توند چاکی عەباکەی باوکی گرت و قیژاندی: "ئەمە عەباکەی باوکمە، عەباکەی باوکمە، هەر ئێستا دایدەکەنیت!". مەجید بە ڕاکردن چووە ماڵەوەو عەبا ڕەشەکەی خۆی لە مێخی دیوارەکە کردەوە و لەبەری کرد، پاشان سواری ئەسپەکەی بوو و بە غاردان بۆی دەرچوو بێ ئەوەی تەنانەت ئاوڕێکیش لە ژنەکەی و کچەکە بداتەوە.
دایکی بە دەم فرمێسك هەڵڕشتنەوە چاوی تێبڕی، پاشان دەرکەکەی داخست و دەستی منداڵەکەی گرت و ڕایکێشایە ماڵەوە. ئیماتیش دایە لاساری وخۆ ڕاتەکاندن کەوتە قیژە قیژو هاوار کردن. ژنان بە دەم ئەم هات و هاوارەوە هاتن و بە هەناسە هەڵکێشانەوە دەیانوت: "ئای منداڵی بەستەزمان. بووە بە زیادە. نازی منداڵە تازەکە دەکێشن، بەڵام ئەم فەلاقە دەکەن". لە ڕاستیشدا دایکەکە ئەو ڕۆژە، بۆ یەکەمجار، دەستی لە کچەکەی داهێنایەوە و لێیدا.
ئیمات بە لاساری گەورە بوو، خرایە قوتابخانە و وانەکانی ئامادە دەکرد و موتالای دەکرد. بەڵام هیچ دۆست و دەستەخوشکێکی نەدەگرت، ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێ کە هەلومەرجی هێجگار توندی دادەنا بۆ هاوڕێتی کردن.
ساڵ هات و ساڵ ڕۆیشت و دواجار ئەو ڕۆژە هات کە بەختەوەری دەرگا بە ئیمات بگرێ، وەك هەموو خەڵکی گوند بیریان لێدەکردەوە. هاتنە خوازبێنی ئیمات و کەسوکاری شیرباییەکی زۆریان وەرگرت. بەڵام کچە بە هیچ جۆرێ دەزگیرانەکەی نەبینی، تەنیا دایکی بەوە بڕییەوە کە زاوا کوڕی مەقسوودی خانەدانی گوندە.

ڕۆژێکی خۆش و خۆرەتاو بوو ئیمات چوو بۆ کانی تاوەکو ئاو بێنێ. لە نزیك کانیەکەوە کۆمەڵێك کوڕی گەنج خەریکی گاڵتەو یاری بوون و بەردیان تووڕ هەڵدەدا، ئیمات ڕاوەستاو بە شێوەیەکی خۆڕسك چاوی بڕییە یەکێکیان کە بە چاکی بەردی دەگرت. لەناکاو یەکێك لە کچەکان پێکەنی و هاواری کرد:

– ئەوە چیتە؟ بە قەد و باڵای دەزگیرانەکەتدا هەڵدەڕوانیت؟

ئیمات خێرا وەرچەرخایەوە، بەڵام لەو کاتەدا سەرنجی ئەوەی دا کە کوڕە لاوەکە زەردەخەنەیەکی بۆ کرد. ئیمات بە دڵە خورپەو پەشۆکانەوە چووە سەر کانیەکە و کاتێ دانەوییەوە بۆ ئەوەی گۆزەکەی پڕکات لە ئاو لە نزیك وێنەی دەموچاویەوە لە ناو ئاوەکەدا دەموچاوێکی دیکەی بینی بە دوو کوڵمی دەرپەڕیو و جووتێ ئەبرۆی ڕەش و سمێڵێکی پڕەوە. وەختێ ئاوڕی دایەوە تەماشای کرد دەزگیرانەکەی بە تەنیشتیەوە ڕاوەستاوە.

کوڕەی لاو دەستی گرت و بە بزەیەکەوە پێی وت:

– جامێ ئاوم بدەرێ بیخۆمەوە.

ئەویش بە دەم ڕاتەکاندنی دەستیەوە لە نێو مشتیدا وەڵامی دایەوە :

– ئەوە کانیەکەیە لەبەردەمتا، بۆ خۆت ئاو بخۆرەوە.

کوڕە بە واق وڕمانەوە وتی:

– وەی لە تۆ چ یاخییەکی!

ئەوجا کوڕە ویستی بە توندی ڕایکێشێتە لای خۆیەوە، بەڵام ئەوەندەی بە خۆ زانی کە دای لە زەوی چونکە ئیمات بە پەلە پاڵێکی پێوە نا.

کوڕە بە دەم هەڵسانەوە ورتە ورتێکی بۆ کرد:

– ئاخر من نرخی تۆم داوە و ئەمەش مانای وایە کە تۆ بوویت بە موڵکی من. ئیمات هەروەکو یەك وشەشی گوێ لێ نەبووبێ، چوو گوێلاێخۆڵی هێنا، لەو شوێنەی دەستی سووی کە دەستی دەزگیرانەکەی بەرکەوتبوو. کوڕە هەروا دەمی داچەقی و وتی:

– وا دیارە تۆ لە بارودۆخێکی ئاساییدا نیت؟

ئێوارە تەواوی ئاوایی بەوەیان زانی کە ئیمات گلاّویی دەستی دەرکردووە چوونکە بەر دەستی دەزگیرانەکەی کەوتووە. باشە دەبێ دەزگیران بە گلاّو دابنرێت؟ سەرلەبەری گوند بە جارێ شڵەژاو وا بەخەیاڵدا هات کە ئاوێکی لە وزە نەهاتووی ژێرزەمین کون و قوژبنی هەموو ماڵێکی ئاوایی دەڕووخێنێ . ئاخر کەی ڕوویداوە کچێك بەمجۆرە مامەڵە لەگەڵ دەزگیرانەکەیدا بکات؟ ماوەیەکی دواتر ئیمات لە بەردەمی کۆمەڵێك میواندا بە باوەپێڕەکەی وت کە ئەو مانگا نیە بکڕدرێو بفرۆشرێو بە کورتی ئەو ئێستا ئارەزووی شووکردنی نیە.

بەڵام ئەو دەمە ئیمات بە تەواوی پێگەیبوو، تەمەنی هەژدە ساڵ بوو. کچە هاوتەمەنەکانی منداڵیان بەبەرەوە بوو، کەس بیری لەوە نەدەکردەوە خوازبێنی ئەم کیژە یاخییە بکات. ژنانی دەرو دراوسێ سەریان ڕادەوەشاند و دەیانوت: "بێگومان پەنجەی خۆی دەگەزێ لە پەشیمانیدا بۆ لە دەستدانی دەزگیرانێکی ئاوەها".

بەلام ئیمات هەرگیز بیری لە پەنجەی خۆ گەستن نەدەکردەوە. بەڵکو هەستیشی بە بەزەیی دەکرد بەرانبەر بە خوشکە بچووکەکەی کە بوو بوو بە ژنی دەزگیرانە پێشینەکەی ئەو. چونکە میسوراتی داماو لە ترساندا لەرزی پێ دەکەوت کاتێ کە مێردەکەی لەبەر بچووکترین هۆ بە ڕوویدا هەڵدەشاخا.

ئێستا ئیمات وەکو باڵندە سەربەرز و سەرفرازە و ئەندامە لە ڕێکخراوی لاواندا.. بۆیە لەماڵەوە پرکێشیی ئەوەیان نەدەکرد وەکو جاران لێیدەن و ئازاری بدەن. بەڵام ئەمڕۆ وا ئازادییان زەوتکردووە و لە گەنجینەی میوە پاراستندا

بەندیان کردووە و دەرگایان لە سەر داخستووە لەبەر ئەوەی ئیمات بڕیاری داوە بچێت بۆ وەرشەی بینا کردنی وێستگەی کارەبا. دایکی کە بەوەی زانی بە جارێ ترسا و سامی لێنیشت و بە گریانەوە کەوتە پاڕانەوە لێی:

– خێزانەکەت ڕیسوا مەکە و ئابرووی دایکت مەبە ! تۆ خۆت دەزانی ئەو شیوەی وێستگەکەی تێدا دروست دەکرێ شووم و نەفرەت لێکراوە !

لە ڕاستیشدا ئەم بیروباوەڕە باو بوو لە ئاواییدا. لە سەر وەختێکی دوورو لە ڕۆژگاری دێریندا کە چیانشینان بۆ بەرگری کردن لە سەربەخۆیی خۆیان لە دژی هێزەکانی قەیسەر جەنگاون ، بڕیاریان داوە بەربەستێك لە ئاوەڕۆی ڕووبارەکەدا دروست بکەن تاوەکو ئەگەر ئەو هێزانە هەوڵیاندا لێی بپەڕنەوە، ئەمان بیشکێنن و شیوەکە نوقمی ئاوبکەن. بۆ ئەم مەبەستەش سەدەها کەس لە چیانشینان کاریان کردووە تاوەکو بەری ڕووبارەکە گیراوە. بەڵام زۆری پێ نەچووە کە درزێك لە بەنداوەکەدا پەیدابووە و ئاوی لێ ڕۆیشتووە و ئاستی ئاوە بەر گیراوەکە نزم بووەتەوە. هەموو هەوڵ و کۆششێك بە فیڕۆ چووە. پاشان پیاوێکی ئازا هاتووە و بڕیاری داوە کەلەبەرەکە بە بەرد بگرێ و گوژمی خۆی داوە بەرەو سێڵاوی بەهێز و گوڕ و چووە بە قووتدا و ئیدی هیچ شوێنەوارێکی دەرنەکەوتووەتەوە. بەمجۆرە نەیتوانیوە کەلەبەرەکە بگرێت و لە خنکانیش دەرباز نەبووە. لەو کاتەوە ئیدی خەڵکەکە وازیان لەو ڕووبارە هێناوە و نەفرەت لەو چەم و شیوە دەکەن.

وا ئەمڕۆ، لە پاش تێپەڕبوونی چەندین ساڵ، بڕیار دەدرێ سەرلەنوێ ڕووباری سرك و تۆڕ لغاو بکرێت. سەرۆکی ئەنجومەنی گوند وتارێکی بۆ چیانشینان دا و پێی وتن کە بڕیاری دامەزراندنی وێستگەیەکی کارەبایی دراوە لە سەر ڕووباری قەرەکوێسوو، ئەمەش یەکەم ئێستگەی لەم بابەتەیە لە شاخەکانی داغستاندا. لە ناکاو مقۆ مقۆیەکی ناڕەزایی لە نێو پیر و بەساڵاچووەکاندا بلاوبووەوە و چیرۆکی شیوی نەفرەت لێکراویان هێنایەوە یاد.

ئیمات لە سەرۆك نزیك بووە و بە تەنیشتییەوە ڕاوەستا و داوای قسەکردنی کرد. ئەوجا بە دەنگێکی بەرز وتی:

– کچینە ! ئەم چەمەمان کە بە نەفرەت لێکراوی دادەنێین بەم زووانە دەبێتە سەرچاوەیەکی ڕووناکی. لەبەر ئەوەی تەوژمی کارەبای بە تەلەکاندا لێوە دێتە گوندەکانمانەوە. ئەمەش بەختەوەرییەکی گەورەیە، کچینە ! گوێ مەدەنە ئەوانەی لە پشتتانەوە چپە چپیانە. ئەوانە تەنانەت باوەڕیان بە شۆڕشیش نەهێنا و بەرەنگاری قوتابخانە کردنەوە بوون. بیهێننەوە یادی خۆتان کە چەندەها گوللە نراوە بەو کەسانەوە کە یارمەتی چیانشینانیان دەدا لە دامەزراندنی مەزرا هەرەوەزییەکاندا...

دەنگی پیرەمێردێکی داخ لە دڵ هات و وتی: "ئەی چی دەبێ ئەگەر گوللەیەکیش بنرێ بە مێشکی تۆوە؟".

مەجید پاش ئەوەی بە توندی سەیرێکی کچی ژنەکەی کرد خێرا وەکو برووسکە کۆبوونەوەکەی بە جێهێشت ژنەکەشی کە لە شەرم و تەریقیدا خەریکبوو دابووەشێت، وە دوای کەوت. بەڵام ئیمات گوێی بەوە نەدا.

ئەمجارەش بەوپەڕی دڵگەرمییەوە وتی:

– هۆ کچینە ! ئەم چەمەی ئێمە هەرگیز نەفرەت لێکراو نیە. چەمی خێر و بەرەکەتە و ڕووناکیمان پێدەبەخشێ. من دەمەوێ لە بنیاتنانی ئەم وێستگەیەدا بەشداربم، ناوم بنووسن!

بە دوای ئیماتدا سێ کچ و چەند کوڕێکیش ناوی خۆیان نووسی. ئیمات تاوەکو ئێوارە نەگەڕایەوە بۆ ماڵ. کاتێ کە گەڕایەوە هەردوو تاکی دەرگاکەی بە توندی کردەوە و لە بەردەرگاکەدا وەستا و بە دڵخۆشیەوە وتی:

– ئێوارەتان باش! بۆچی ئێرە هێند تاریکە؟

مەجید بە تووڕەییەوە وتی:

– چاوەڕێی ڕووناکیمانە.

ئیماتیش بە پێکەنینەوە وەڵامیدایەوە:

– بێگومان ڕووناکی دێت ! بەڵام ئەو کاتە ئێوە چی دەکەن و لە کوێدا خۆتان دەشارنەوە؟ چونکە ڕووناکی یەکسەر ناخ و دەروونی تاریکتان دەردەخات !

مەجید پێی کوتا بە زەویدا و هاواری کرد:

– بەسە ! زۆرم دان بە خۆدا گرت، وا مەنەکە پڕبوو!

ئەوجا ئیماتی گرت و ڕایکێشایە نێو گەنجینەی میوە پاراستنەکەوە، لە سەرەتادا کچە هەر ژوورەکەی دەپێوا لەم گۆشە بۆ ئەو گۆشە، پاشان دانیشت و دیوارەکەی دایە بەر سێوە سیسبووەکان. لەپڕ پەیژەیەکی درێژی بینی، پێیدا هەڵگژاو لە چاوترووکانێکدا وەکو پشیلە، بە چاڵ و چۆڵیی دیوارەکەوە خۆی گرت و لە سەربانەکە دابەزی و زۆر بە سرکی هەڵات، هەردوو قۆڵی وەکو دوو باڵی فڕندەیەك ئاوەڵا کردبوەوە و شنەبای خۆش و فێنك یاری بە دەستماڵە سپییە تەنکەکەی دەکرد.

ئیمات بەرەو چەم و شیوەکە ڕایکرد بە هیوای ئەوەی وەستا و کرێکارەکان لەوێ ببینێ. وا گەیشتە گوێ چەمی قەرەکوێسوو. ئیمات هێشتا منداڵ بوو کە فاتمەی جوان لێرەدا خنکا، ئەو فاتمەیەی کە ملی نەدا بە شووکردن بەوەی خۆشی نەدەویست. ئیمات کە ئەم ڕووبارەی بیرکەوتەوە ئارەقەیەکی سارد بە پشتیدا هاتە خوارەوە. ماوەیەك لە شوێنی خۆیدا چەقی و بیری کردەوە باشە چاکتر نیە بە شوێنی خۆیدا بگەڕێتەوە بۆ ماڵ؟ بەڵام مانگ کە لە کەل سەری دەرهێنابوو، ڕووبار و چیاکانی ڕووناك کردبووەوە . کچە لە بەر خۆیەوە بە خۆشییەکەوە دەیوت: "وا مانگ سەری لە کەل دەرهێنا تاوەکو ئەم سام و ترسەم لە سەر بڕەوێنێتەوە". سەرێکی بەرز کردەوەو تەماشایەکی بەرزاییەکانی کرد و گورزەی ڕووناکییە شادی بەخشەکان لە لووتکەی شاخەکانەوە پرشنگیان دەدایەوە. ئیمات بە شادمانیەوە هاواری کرد: "بنیاتنەران" و بە هەڵەداوان بەرەو لووتکەکە سەرکەوت بە توولەڕێیەکی تەنگەبەرداو بە جل و بەرگێکەوە کە شەونم تەڕی کردبوون چووە بەردەمی وەستاکان و هەردوو دەستەکانیشی ڕووشابوون. ئیمات لە بارودۆخێکدا بوو خەریك بوو فرمێسك لە چاوەکانی داباری و لە هەمان کاتیشدا بدا لە تریقەی پێکەنین.

بەڕێوەبەری وەرشەی بیناکردن، کە ئەندازیارێکی لاو بوو و جووتێ چاوی ئاسمانی پێوە بوو و ناوی بافڵ بوو، هەر کە بینی وای بە ئەندێشەدا هات کە ڕۆژ لەگەڵ وە دەرکەوتنی ئەم کیژەدا هەڵات و ڕووی دەمی تێکرد و وتی:

– بەخێر بێی ! چاکت کرد هاتی ! ئەوجا دەستی بۆ درێژ کردو تەوقەی لەگەڵدا کرد. لەو ڕۆژەوە ژیانی ئیمات گۆڕانێکی گەورەی بە سەردا هات و بەرە بەرە لە کیژە شاخاوییەکی سرك و سڵۆکەوە، گۆڕا بۆ مرۆڤێکی خاوەن باوەڕ، ئالوودە و هۆگری کۆمەڵ.

.... خۆرەتاوی بەهار تا دەهات گەرمتر دەبوو، جۆگەلە ئاوە مرواری ئاساکان لە بەرزایی شاخەکانەوە ورووژمیان دەهێناو دەڕژانە ڕووبارەکەوە، ئەمیش لە ئاوەڕۆکەیدا لە ئامێزی دەگرتن. هەرگیز خەتەرەی ئەوەی نەدەکرد کە ڕۆژێك دێت و سنوورێك بۆ ئەم ژیانە بەر بەرەڵایە دادەنێ . بەڵام ئەو ڕۆژە هات و وات بە خەیاڵدا دەهات کە سەرتاپای داغستان ڕژاونەتە ئەو شیوەو تاوەکو بە چاوی خۆیان ببینن کە چۆن مرۆڤ ڕووباری تووش و یاخی ڕادێنێ . بەشێك لە ئاوی ڕووبارەکە بە خەستی و ڕەنگێکی تەڵخەوە هاژەی کردە ئاوەڕۆ دەستکردەکەوە تاوەکو پڕی کرد. ئەو خەڵکەی کە لەوێدا کۆبووبوونەوە هاواریان لێ بەرز بوەوەو بە جارێ سەرسامی دایگرتن و ڕەنگە هەر لە ژێر کاریگەریی مەترسییە خورافییەکەدا بووبێتن. پیرەکانیش دوودڵ بوون و دەیانوت : "باشە دەبێ ئەم ڕووبارە لغاو بکرێ و وەکو ئەسپێکی ملکەچ بۆ کوێت بوێت ڕاپێچی کەی؟ "و بە شێوەیەکی خۆڕسك وشەکانی ئەو سوێندەیان هاتەوە یاد کە

هەموو چیانشینێك سوێندی پێ دەخوا : "سوێندبێ لە بەڵێنی خۆم پاشگەز نەبمەوە وەك چۆن ڕووباری قەرە کوێسوو ئاوەڕۆی خۆی ناگۆڕێت، وەك چۆن ڕۆژیش لە ڕۆژئاواوە هەڵنایەت.." .
هیچ گومان و دوودڵییەك نەما لەوەدا کە ڕووبارەکە ئاوەڕۆکەی گۆڕیوە و لە ئاوەڕۆیەکی نوێوە فیچقە دەکات. باشە چی بکرێ ئێستا؟ شادمانی و ئاهەنگ گێڕان بێت بە سەر کەوتنی مرۆڤ بەسەر سرووشتدا  یان بێدەنگ چاوەڕێی کارەساتێك بکرێت؟
ڕۆژ بە دوای ڕۆژدا هات و لە شیوەکەدا بەنداوێك بەرز بوەوە، لە کاتی خۆیدا، گەورەترین بەنداو بوو لە ئەورووپادا. ئیمات بە ژیانی تازەی ڕاهات، بوو بە مرۆڤێکی بوێر و کون لە جەرگدا نەبوو، بە ڕادەیەك کە ئێواران لە لای ئاگرەکەدا دادەنیشت و بە نۆرە لەگەڵ بافل دا لەبەر شیعریان دەخوێندەوە. شیعری جوان خوێندنیش لە ژێر ئاسمانی پڕ لە ئەستێرەداو لەبەر ڕووناکی ئەفسووناوی ئاگر و جار جارەش وردبوونەوە لە چاوەکانی ئەو مرۆڤەی کە بە لاتەوە، بەنرخترین شتە لە بوونەوەردا.. گوایە ئەوە بەختەوەری نیە؟
تەنیا شتێك کە ئیمات مەترسی لێدەکرد ئەوە بوو کە بافڵ درك بەم هەست و سۆزە بکات بەرانبەری . ئەو لەو ساتەوە بافڵی خۆشویست کە بەخێراتنی کرد و تەوقەی لەگەڵدا کرد و پێی وت: "چاکت کرد هاتی!". بافڵ بە دوو چاوی گەش و چون ئاسمان قووڵەوە سەیرێکی کرد. ئیمات چەند زیاتر ئاشنایی پەیدا کردایە لەگەڵیدا، ئەوەندە خۆشەویستییەکەی گەشەی دەکردو هەڵچوونی زیاتر دەبوو. خەمناکییەکەی هەرگیز بۆ ئەوە نەبوو کە بافڵ گوێی پێنادات و بێباکە لێی. چونکە چاوەکانی بافڵ هەردەم پرشنگیان دەدایەوە کاتێ کە بەیەکتر دەگەیشتن و زۆر جار شاخ و کێوی لە دوو دەگەڕا لە کاتی سەیران و پیاسە کردنداو ئەوەی بە ڕێکەوت دادەنا کاتێ پێی دەگەیشت. شتێکی دیکەش ئازاری ئیماتی دەدا شەونخوونی پێوە دەچەشت. ئایا شوو بکات بە پیاوێ : کە لە سەر ئاینی ئەو نەبێت؟ بێگومان ئەگەر مەجید بەوە بزانێ دەیکوژێ. بێگومان بافڵ  هەستی نەدەکرد بەم ئازارو ئەشکەنجەیەی ئیمات، بەڵام کارێکی بە لاوە سەیر بوو کە بۆچی ئەم کچە هەوڵ دەدا خۆی دوورەپەرێز بکا لێی؟
ئەمڕۆ، هەر کە بافڵ سەرنجی دا ئیمات لە خێوەتەکەدا دەردەچێ و سەری لە دەستماڵێکەوە پێچاوە، یەکسەر بەدواییدا ڕایکردو دڵی بە توندی لێی دەدا. بەڵام کچە، کە هەستی بە هەنگاوەکانی کرد، لە گاشە بەردێك بازی داو لە پێچەکەدا ونبوو. لەو ساتەدا گرمەیەك لە نێو کێوەکەدا دەنگی دایەوە.
..... ئەندازیارەکە ڕوانی ئیمات لە ڕێگەکەدا ڕاکشاوە و پەڵەیەکی سوور بە سەر دەستماڵکەیەوەیە، ئەویش هەڵیگرت و بردیەوە بۆ ئاوایی و خەڵکی بەرەو ڕووی ڕایان کرد. کیژە دەراوسێکەی ئیمات کە بینی هاوڕێکەیان هەڵگرتووە هاواری کرد: "کوشتیان!".
بۆ خۆشبەختی گوللەکە کوشندە نەبوو.  زۆر جار بافڵ لە ئیماتی دەپرسی کە دەچوو بۆ سەردانی لە نەخۆشخانە:
– باشە بۆچی تەقەیان لە من نەکرد؟ چۆن؟
ئیماتیش بۆی ڕوون دەکردەوە و دەیوت :
– تۆ میوانی، واتە دۆستیت و لە نەریتی چیانشیناندا نیە کە دەست لە میوان بەرزکەنەوە. بەڵام بەش بە حاڵی من، ئەوان تۆڵەی زۆرشتیان کردەوە: تۆڵەی ئەوەیان کردەوە کە چوومە ڕێکخراوی لاوانەوە، کە لە ماڵ هەڵاتم و هاتم بۆ ئێرە بۆ ئەوەی کە لە وەرشەکەدا لەگەڵتاندا کار بکەم. لەوانەیە لەبەر ئەوەش بێت کە من مرۆڤێکم خۆشۆشویستووە لە سەر ئاینی خۆم نیە.
ئەوە یەکەمجار بوو کە ئیمات باسی خۆشەویستیەکەی بکات. بە دڵنیایی و لەسەر خۆی قسەی دەکرد، وەکو چۆن باسی شتێکی کۆن دەکەن کە ڕووی نەدابێ ، هەرچەندە بافڵ ئازیز و خۆشەویستیشی بوو. ئیمات ئەم شێوە قسە کردنە

هێمن و بێباکانەی بە جوانتر زانی، پاش ئەوەی کە زانی گوڵلەکە کوڵمی پێکاوەو ئەمەش وا دەگەیەنێ کە ئەو عەیبدارە، لەبەر ئەوە پێویست ناکا تەنانەت بیر کردنەوەش لە بافڵ. بەلام بافڵ هەروەکو جاران و لەوانەیە زیاتریش، لەسەر خۆشەویستی خۆی مایەوە بۆ ئەو. بەلام بۆ ماوەیەك ئەم هەست و سۆزەی لای خۆی شاردەوەو دەرینەدەبڕی.
بافڵ ئەوەی لێ دووپات دەکردەوە کە هەمیشە پێی دەوت :

– گوێ بگرە ئیمات! دەبێ بۆیان بسەلێنیت کە تۆ لە گوڵلە بەهیزتری. ئەگەر پاشگەز ببیتەوە و خۆت بە دەستەوە بدەی، ئەوا ئەو کچانەی کە لاسایی تۆیان کردووەتەوە و هاتوون بۆ وەرشەکە، زارەترەك دەبن و پاشگەز دەبنەوە و ئەوەش بە تەنیا سوود بە دوژمنەکانمان دەگەیەنێ ! باشە بە ئەقڵەوە دەچێ کە تۆ ئەمە تێنەگەی؟

هەر زوو بە زوو ئیمات گەڕایەوە بۆ وەرشەکە. هەموو شتێك گەڕایەوە دۆخی جارانی خۆی. بەلام ئیمات لە جاران زیاتر خۆی دوورەپەرێز دەگرت لە بافڵ. کاتێ کە بافڵ ئەوەی بۆ دەربڕی کە دەیەوێت مارەی بکات ئیمات بە توندی پێی وت:

– من بە کەڵکی تۆ نایەم!

لەو کاتەدا ڕووداوێك هاتە پێشەوە و هەموو کێشە و مەسەلە تایبەتیەکانی خەڵکی بە خۆش و ناخۆشەوە لە بیر بردەوە. هەزاران کەس لە گوند و ناوچەی ئاوەدانی جۆراوجۆرەوە لە شیوەکەدا خڕ بووبوون بۆ ئەوەی شتە سەرسامکەرەکە ببینن. ئیمات لە نێو بەناکاندا بوو کە وەستابوون و تەماشای حەوزەکەیان دەکرد چۆن پڕ دەبێ. وا دیار بوو هیچ هەستێکی بە شەرم نەدەکرد لەو چاڵەی سەر ڕوومەتی بەڵکو شانازی پێوە دەکرد. کاتێ کە بافڵ لێی نزیك بوەوە و بە تەنیشتیەوە ڕاوەستا ، ئیمات ، بۆ یەکەمجار، نەیویست خۆی لێ بدزێتەوە و لێی دوورکەوێتەوە.
لە سەرەتادا، ئەوەی نەخشەی بۆ کێشرابوو بەرێوە دەچوو : ئاوەکە تا دەهات پتر بەرز دەبوەوە، سێ مەتر! پێنج مەتر! لەپڕ ئەوەی کە کەس چاوەڕێی نەدەکرد ڕوویدا، ئەویش ئەوە بوو کە ئاستی بەرزبوونەوەی ئاوەکە ڕاوەستا.
مقۆمقۆیەك کەوتە ناو پیرەمێردەکانەوە:

– ئەی نەمانوت ئەم شوێنە شووم و نەفرەت لێکراوە!

بەلام داخ و پەژارەیەکی قووڵ دایگرتبوون. لە ڕاستیشدا تەنانەت بەناکانیش پەشۆکان، چونکە سەرنەکەوتن و نوشوستی نەك تەنها هەڕەشەی لە وەرشەکە دەکرد کە دروستکردنی کۆشش و تەقەلایەکی زۆری ویست، بەڵکو هەڕەشەی لە بیروبڕوای چیانشینانیش دەکرد بە سەرکەوتنی ئەو شتە نوێیە پرشنگدارەی کە هاتبووە نێو ژیانیانەوە.
ئیمات هاواری کرد:

– ئەمە مەحاڵە ! هەرچۆنێك بووە ڕووناکی دەگاتە ماڵەکانمان لە نێو شاخ و کێوەکاندا !

خەڵك بەجارێ خرۆشا بۆ یارمەتیدانی بنیاتنەران. بەرد و گڵ و بگرە سیپاڵ و لێفەکۆنیش بەرەو ڕووبارەکە هاوێژران. ئیمات تەماشای دەکرد کە چۆن باوەپیرەکەشی و دایکی بەرد و خۆڵ فرێدەدەنە ڕووبارەکەوە. ئیش و کاری خەڵکەکە ماوەیەکی زۆر درێژەی کێشا و لە کۆتاییدا هەوڵ و کۆششیان سەری گرت.
دواترلە شیوەکەدا دەریاچەیەکی مەنگ و ڕوون پەیدا بوو و پەلی بەملا و بەولادا کێشا. تەنانەت ڕووبارەکەش کە دەمێك نەبوو لە کەندەلانەکانی لێواری یاخی دەبوو و دایدەپۆشین، لە ئامێزی گاشەبەردەکاندا خەو بردیەوە. شیوەکە کپی و خامۆشییەکی بێوێنە دایگرتبوو, لەولاشەوە لە گوندەکاندا ژیان بووژایەوە و جوانتر و خۆشتر بوو، گڵۆپەکان ئەستێرە ئاسا جریوەیان دەهات و ڕووناکییان تاریکەشەوی کردبووە ڕۆژی نیوەڕۆ.

# مليۆنێری مۆدێل

## چیرۆكێكی (ئۆسكار وایڵد)ه

كەسێك كە دەوڵەمەند بوو پێویست بەوە ناكات مرۆڤێكی میهرەبان بێت. پیاوی دەست كورتیش دەبێ كەسێكی پراكتیكیو ئاسایی بێت. بۆیە یەكێكی ئاوها واچاكترە چەردەیەك پارەی هەبێت لەوەی كە خۆی قۆز بكات وبیەوێ سەرنجڕاكێش بێت.
ئەمانە هێڵی درشتی ئەو ڕاستیانە بوون لە ژیانی نوێی هیوجی ئەرسكیندا كە خۆی هەرگیز پەی پێ نەبردبوو. هیوجیی داماو ئەوەندە پیاوێكی بایەخدار نەبووە. ئەو بە درێژایی ژیانی قەت شتێكی زیرەكانەی لە زار نەهاتووەتە دەرەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دیمەن و ڕوخسارێكی قەشەنگ وجوانی هەبوو بە پرچی قاوەیی و قەڵەم ڕێكیی ڕوومەت و ڕوخسار و جووتێ چاوی كاڵیەوە. هەروەها زۆر دەمتەڕو قسە خۆش بوو لەگەڵ گشت ژن و پیاوێكدا، ئەو هەموو سیفەت وخاسێتێكی چاكی تێدا بوو سیفەتی پارە پەیداكردنی لێبترازێت. باوكی لە پاش مردنی لەماڵی دنیا تەنها شمشێرەكەی و كتێبی مێژووی شەڕی نیمچە دوورگەی لە پانزە جەڵددا بۆ بەجێهێشتبوو. هیوجی یەكەمیانی بە دیوارەكەوە هەڵواسی بەسەر دووربینەكەیدا و دووەمیشیانی خستە سەر ڕەفەیەك و، بەو دوو سەد پاوەندە دەژیا كە پوورێكی ساڵانە بۆی بڕیبۆوە. هیوجی خۆی لە قەرەی گشت كارێك دەدا. بۆ ماوەی شەش مانگێك خەریكی سەهم كڕین و  فرۆشتن بوو. بەڵام ئەو چۆن بتوانێت سەركەوتن وەدیبێنێت لە نێو خەڵكانێكی بلیمەت و لێهاتوودا؟ ماوەیەك لەوەوپێش زیاتر ئاڵ و وێڵی چای دەكرد بەڵام لەویش ماندوو بوو و دەستی لێكێشایەوە و دەستی دایە مەی فرۆشتن، ئەمیشیان هەر بێكەڵك بوو. دواجاریش كابرا دەستێكی كەوتە ئەملاو دەستێكی ئەولاو بە بێكاری لێی مایەوە.
سەرباری هەموو ئەم دەردەسەری و مەینەتییەش كابرا كەوتبووە داوی دڵدارییەوە. ئەو كچەی كە خۆشیدەویست ناوی لۆرا مێرتن بوو، كچی ئەفسەرێكی خانەنشین بوو كە میزاج و تەندروستیی خۆی لە هندستاندا لە دەستدابوو، پاشان هەرگیز هیچ كامێكیانی دەست نەكەوتبۆوە. لۆرا زۆری خۆش دەویست و ئەمیش ئامادەبوو تەنانەت پێڵاوەكانیشی ماچ بكات. ئەوان دوو دڵداری تاك بوون لە لەندەنداو تەماحی پارەیان لە نێواندا نەبوو .. باوكی كچە زۆرخاتری هیوجیی دەویست، بەڵام بە هیچ جۆرێ سەری ڕەزامەندیی بۆ نەدەلەقاندو هەموو جارێك دەیوت: "ڕۆڵە، وەختێ بووی بە خاوەنی دە هەزار پاوەندی خۆت ئەو كاتە وەرەوە بۆلام وباسێكی لێوە دەكەین".
هیوجی زۆر كەساس و داماو بوو لەو ڕۆژگارەداو چاری هەر ئەوە بوو كە بچێت بۆلای لۆرا تاوەكو تاوێك بحەسێتەوەو تەسكینی بە دڵی خۆی بدات. بەیانیەك، كاتێ كە هیوجی بەڕێوەبوو بۆ پارك هۆڵاند، ئەو گوزەرەی كە ماڵی مێرتنی لێبوو، چوو بۆ لای ئالان ترێڤەری دۆست و هاوەڵی نزیكی. ترێڤەر نیگاركێش بوو و ئەم كارە لەو سەردەمەدا پیشەی كەم كەس بوو، بەڵام ئەو بێجگە لەمە هونەرمەندیش بوو، هونەرمەندانیش دیسان دانسقەو دەگمەن بوون. ئەم كابرایە پیاوێكی وشك بوو، دەم وچاوێكی پەڵە پەڵاویو ڕیشێكی سووری زبری پێوە بوو. لەگەڵ ئەمەشدا كە دەستی دەدایە فڵچە بە ڕاستی وەستاو كارامە بوو وخەڵكی بە پەرۆشەوە نیگارەكانیان دەقۆستەوە.
ترێڤەر هیوجیی زۆر بەدڵ بوو وپێی سەرسام بوو. ئەڵبەتە ئەمەش بەهۆی دەمتەڕیو ئەربابیی هیوجی خۆیەوە بوو. ئەو هەموو جار دەیوت: "ئەو كەسانەی كە نیگاركێش دەبێ بیانناسێت، ئەو كەسانەن كە جوان و قەشەنگ بن، ئەو كەسانەن كاتێ هونەرمەند بینینی هەست بە خۆشی و دڵنیایی بكات و، هەر كە لەگەڵیاندا كەوتە گفتوگۆوە شادی و

ئارامی دایبگرێت. ئەو پیاوانە بن کە فۆزو تەڕپۆش  بن و ئەو ژنانە بن کە بە خۆشەویستی حوکمداریی جیهان بکەن، یان بەلای کەمەوە ئەم کردارە بنوێنن".

بەهەرحاڵ پاش ئەوەی باشتر هیوجیی ناسی، زۆری خۆشویست لەبەر زیرەکیو ڕۆحسووکیو دڵپاکیو داوای لێکرد کە هەر وەختێ ئارەزووی لێبوو سەری لێبدات. کاتێك هیوجی چووە ژوورەوە تەماشای کرد ترێڤەر لە ئاخرو ئۆخری تەواوکردنی وێنەی ژیان وگوزەرانی پیاوێکی سواڵکەردایە.. سواڵکەرەکە لە سەر سەکۆیەکی  قوژبنێکی هۆدەکەدا ڕاوەستابوو. پیرەمێردێکی ڕەقەڵەی سەروسەکوت قوپاو بوو، ڕوخساری کەساسیو زویریی دەگەیاند، چاکەتێکی شڕوشۆڵی بۆری بە سەر شانەوە بوو، پڕبوو لە دەلاقەو پینەی جۆراوجۆر. جووتێ پێڵاوی شڕی داڕزاوی لە پێدا بوو، دەستێکی خستبووە سەر گۆچانێکی گێڕو وێڕو بە دەستەکەی تری شەپقەیەکی کۆنی ڕاگرتبوو بۆ پارە.

هیوجی لە کاتێکدا تەوقەی لە گەڵ هاوڕێکەیدا دەکرد بە چرپەوە وتی: "ئەمە چ مۆدێلێکی سەیرو سەمەرەیە!".

ترێڤەر پڕ بە دەم هاواری کرد:

– مۆدێلێکی سەیرو سەمەرەیە!.. من دەبێ ئاوا بیری لێبکەمەوە! ئەم جۆرە سواڵکەرانە هەموو ڕۆژێك دەست ناکەون، کوڕی ئاسمان! تەماشاکە ڕێمبرانت چ وێنەیەکی بۆ کێشاوە!

هیوجی وتی:

– ئای پیرەی هەژار، چەند کەساس و داماو دیارە، بەڵام من وا پێشنیار دەکەم بۆ ئێوەی نیگارکێشان کە ئەم کابرایە ڕوخسار و سیمایەکی لەبار و گونجاوی هەیە.

ترێڤەر لە وەڵامدا وتی:

– بەڵێ زۆر ڕاستە، خۆ تۆ ناتەوێ سواڵکەرێك ڕووگەش و کەیفخۆش دیار بێت وا نیە؟

هیوجی بەدەم دانیشتنەوە لە سەر کورسییەك پرسی:

– باشە نیگارکێشیی مۆدێلێك چەندی تێدەچێت؟

– کاتژمێری بە شلنگێك.

– ئەی باشە ئالان تۆ چەندت لەم وێنەیە دەست دەکەوێت؟

– ئۆ، بۆ ئەمە دوو هەزارم دەست دەکەوێ.

– پاوەند؟

– نەخێر جونەیە, چونکە نیگارکێش و شاعیر و دوکتۆر هەمیشە دەسکەوتیان بە جونەیەە.

هیوجی بەپێکەنینێکەوە وتی:

– چاکە، بەڵام وابزانم مۆدێلەکەش بەشێکی تێدا دەبێت، چونکە ئەوانیش بە هێمنی کاردەکەن و ئەم کارەشیان لە  هی ئێوە کەمتر نیە.

– قسەی هیچ! بۆچی، تۆ سەیری کێشە و گرفتی تەنیا بۆیە بڵاوکردنەوە بکە و هەموو ڕۆژێك وەستان لە بەردەمی وێنەکەدا، بەدەم ئاسانە بەلای تۆوە هیوجی، ئێستاش تۆ نابێ قسە بکەی، من هێجگار سەرقاڵم. جگەرەیەك داگیرسێنە و بێدەنگ دانیشە.

ماوەیەکی پێ‌چوو خزمەتکارەکە هاتە ژوورەوەو بە ترێڤەری وت کە چوارچێوە دروست کەرەکە دەیەوێت قسەی لەگەڵدا بکات. ئەویش لەو کاتەدا کە چووە دەرەوە وتی: "هیوجی ڕانەکەی، من هەر ئێستا دەگەڕێمەوە".

پیرەمێردە سواڵکەرەکە دەرچوونی ترێڤەری بە هەل زانیو بۆ ئەوەی تاوێك پشوو بدات چوو لە پشتەوە لە سەر کورسییەکی دارین دانیشت. زۆر خەمناك و کەساسانە دەیڕوانی بە جۆرێك کە هیوجی زۆری دڵ پێ سووتاو بەزەیی پێداهاتەوەو دەستی کردە گیرفانیدا تا بزانێ چەندی پارە پێیە، تەماشای کرد پارەکەی پاوەندێك و چەند پێنسێکە و لە دڵی خۆیدا وتی: "ئای پیرەی هەژار،ئەو لە من زیاتر پێویستی پێیە، بەڵام منیش هەر ئەوپەڕی بەشی هەفتەیەك دوان پارەم پێبێت". ئەوجا کەوتە پیاسە کردن بە ناو ژوورەکەداو پاوەندەکەی کردە دەستی سواڵکەرەکەوە.

پیرەمێردەکە ڕاچڵەکی و بزەخەندەیەك کەوتە سەر لێوەکانیو وتی: "سوپاس، گەورەم، زۆر سوپاس".

پاشان ترێڤەر گەڕایەوەو هیوجیماڵئاوایی لێکردو ئەو ڕۆژەی لەگەڵ لۆرادا بردە سەرو هەندێ گلەیی نەرمیشی هاتە سەر بۆ بە فیڕۆدانی پاوەندێك و ئەوجا بە دەم پیاسەکردنەوە گەڕایەوە بۆ ماڵ.

ئەو شەوە کاتژمێر یانزە چوو بۆ یانەی باڵێ و لەوێ ترێڤەری بینی بە تەنها لە ژوورێکی دووکەڵاویدا دانیشتووە، ئەمیش بەدەم جگەرە داگیرسانەوە پێیووت:

– ها ئالان چی بوو وێنەکەت تەواو کرد؟

– تەواویشم کردو لە چوارچێوەشم گرت ڕۆڵە! ئا، خۆ لەبیرم نەبوو ئەو پیرەی کە بینیت زۆر سەرسامی تۆیەو خۆشی دەوێیت من هەموو شتێکم دەربارەی تۆ پێوت: کێیت، لە کوێ دەژیت، چەندت پارە هەیە. هیواو ئاواتەکانت چین؟

هیوجی هاواری لێهەڵسا : " دەك ماڵت بە قوڕ گیرێ ئالان ئەوە تۆ چیت کردووە! ڕەنگە ئێستا لای ماڵەوە هەڵتووتابێو چاوەڕێی گەڕانەوەم بکات.. بەڵام بێگومان تۆ گاڵتە دەکەیت وانیە؟ ئای پیرەی هەژار زۆر حەز دەکەم لە توانامدا بێت شتێکی بۆ بکەم وەی کە بارێکی چەند قورس وسامناکە یەکێك ئاوها کلۆڵو داماوبێت. کۆمەڵێك جلوبەرگی کۆنەم لە ماڵەوە هەیە، تۆ بڵێی هیچ کامێکیانی بەدڵ بێت؟ جلەکانی خۆی زۆر شڕۆڵن..".

ترێڤەر وتی:

– بەڵام ئەو ئەم جلە شڕانەی زۆر لێدێت و من هەرگیز بە بەرگی باشەوە وێنەی ناکێشم. بەهەرحاڵ من ئەو بەخششەی تۆی پێڕادەگەیەنم.

هیوجی بە تەوسەوە وەڵامیدایەوە:

– ئالان، ئێوەی نیگارکێش کەسانێکی هێجگار بێبەزەیی و دڵڕەقن.

ترێڤەریش لە وەڵامدا وتی:

– دڵی هونەرمەند سەرێتی، ئەوجا کاری ئێمەش ئەوەیە کە بەو شێوەیەی جیهان دەبینین وای بنەخشێنین، نەك چاکتری بکەین. ئێ ئێستا پێم بڵێ لۆرا چۆنە پیرەی مۆدێل زۆری بەدڵەو لەلای پەسەندە.

– وادیارە تۆ هەموو شتێکی ئەوت باس کردووە، وانیە؟

– بەڵێ وایە. ئەو هەموو شتێك دەزانێ لە بارەی ئەوین وخۆشەویستیی لۆراوە و سەبارەت بە باوکە دڵڕەقەکەی و دە هەزار پاوەندەکەشی.

هیوجی لە توڕەییدا سوورهەڵگەڕا و چاوی پەڕییە پشتی سەریو قیژاندی بە سەریدا: "دیارە تۆ گشت کاروبارێکی نهێنیو تایبەتی منت بەو پیرە سواڵکەرە وتووە؟". ترێڤەر بە زەردەخەنەیەکەوە وتی: (برای ئازیز، ئەو پیرە سواڵکەرە، وەکو تۆ دەڵێی، یەکێکە لە پیاوە هەرە دەوڵەمەندەکانی ئەوروپا. ئەو دەتوانێت سبەینێ تەواوی لەندەن

بکرێت و له هەر پایتەختێك کۆشك و تەلارێکی خۆی هەیە. هەمیشە نانخواردنی لە سەر سفرە و خوانی زێڕینە و، هەرکاتێك ئارەزوو بکات دەتوانێت نەهێڵێت ڕووسیا بچێتە شەڕەوە".

هیوجی بە واق وڕمانەوە هاواری لێهەڵساو وتی: "باوکەڕۆ ئەمە تۆ مەبەستت چیەو چی دەڵێیت!؟".

ترێڤەر لە وەڵامدا وتی: "من چی دەڵێم؟ دەڵێم ئەو پیرەمێردەی تۆ ئەمڕۆ بینیت بارۆن هۆزبێرگ بوو. ئەو دۆستێکی گیانی بە گیانی منەو گشت وێنەو نیگارەکانی لێکڕیوم. مانگێك لەمەوبەر داوای لێکردم کە لە ڕوخساری سوالکەرێکدا وێنەی بکێشم. ها ئێستا چیت وت؟ تۆ ئەم پیاوە دەوڵەمەند و زلانە دەناسیت؟ با ئەوەش بڵێم کە جلوبەرگە کۆنەکانی بە تەواوی لێهاتبوو و دیمەنێکی قەشەنگی دەنواند".

هیوجی دای بە سەری خۆیدا و هاواری کرد:

– بارۆن هۆزبێرگ! کوڕی خوا! خۆ من پاوەندێکم دایە!" و لێرەدا بەوپەڕی تەریقی و حەپەساوییەوە خۆی نوقمی نێو قەنەفەکە کرد.

– "پاوەندێکت داوەتێ!" ترێڤەر ئەمەی وت و بە دەنگی بەرز دایە قاقای پێکەنین و پاشان وتی: "برای ئازیز جارێکی تر چاوت پێناکەوێتەوە". هیوجی بە تەواوی نیگەران و بێتاقەت بوو، پێی وت: "ئالان، دەبوو پێت بووتمایە و، نەتهێشتایە بەم جۆرە خۆم گەوج و ساویلکە بکەم".

ترێڤەر وتی: "هیوجی با پێشەکی پێت بڵێم من قەت بیرم لەوە نەدەکردەوە تۆ ئاوها گەوجانەو ساویلکانە پارە بدەیت بە خەڵك. ڕێی تێدەچێت کە تۆ مۆدێلێکی جوان و قەشەنگ ماچ بکەیت، بەڵام پارەدان بە یەکێکی دزێو و ناشیرین قەت بە ئەقڵەوە ناچێت! ئاخر کاتێك کە تۆ هاتی من نەمدەزانی ئایا هۆزبێرگ دەیەوێ ناوی بنێم یان نە. خۆت دەزانیت ئەو بەو جلە شڕو پڕانەوە بوو!". هیوجی وتی: "ئێستا چەند بە گەوج ونەفامم دادەنێت!".

– نا، هێجگار واش نیە، کە وەختێ تۆ ئێرەت بەجێهێشت ئەو لەوپەڕی کەیفخۆشیدا بوو. هەر لەبەر خۆیەوە پێدەکەنی و دەستە چرچە پیرەڵۆکەکانی دەسوی بە یەکدا. من ئەو کاتە تێنەدەگەیشتم کە بۆچی ئەوەندەی حەز دەکرد هەموو شتێك لەبارەی تۆوە بزانێت، ئەوا ئێستا بۆم ڕوون بۆوە. هیوجی، من بزانم ئەو ئەم پارەیەی تۆ دەخاتە گەڕو هەموو مانگێك شتێکت لە قازانجەکەی دەداتێو ئەمەش دەبێتە چیرۆکێکی سەیرو سەمەرە کە لە دوای نیوەڕۆخوان بیگێڕێتەوە.

هیوجی وتی:

– بەڕاستی من کەسێکی بێبەخت و چارەڕەشم و باشتر وایە سەر بکەمە خەو. چاوەکەم ئالان تۆ نابێ ئەم باس و خواسە لای کەس بدرکێنیت، چونکە ئەگەر بێت و خەڵکی بزانن ئیتر جورئەت ناکەم لە هیچ کونێکەوە ڕووی خۆم دەرخەم.

– قسەی هیچ و پووچ! هیوجی ئەمە گیانی چاکە و دڵنەرمیت پیشاندەدات. هیچ ڕامەکە و خۆت مەشارەوە، جگەرەیەکی دیکە داگیرسێنەو چەند دەتوانێو ئارەزووت لێیە باسی لۆرام بۆ بکە.

بەهەرحاڵ هیوجی نەمایەوەو لێیدا ڕۆیشتەوە بۆ ماڵو هەستی بەوپەڕی نیگەرانێو ناخۆشی دەکرد. ئالان ترێڤەریش لای خۆیەوە هەر ئەوە نەبوو لەبەر پێکەنین نەبچڕێت. بۆ سبەی بەیانی، کاتێ هیوجی خەریکی بەرچایی کردن بوو، خزمەتکارێك کارتێکی بۆ هێنا لە سەری نووسرابوو: "مۆنسیور گۆستاڤ ناودین لە لایەن بارۆن هۆزبێرگەوە".

هیوجی له دڵی خۆیدا وتی: "وابزانم بۆ جۆره گلەیی و سەرزەنشت کردنێك هاتووه"، ئەوجا بە خزمەتکارەکەی وت کابرا بێنێتە ژوورەوە. پیرەمێردێکی شیك وقەشەنگ بە چاویلکەیەکی زێڕین و قژێکی خۆڵەمێشییەوە وەژوورکەوت و وتی: "شەرەفمەندم بەوەی لەگەڵ جەنابی ئەرسکیندا بدوێم".

هیوجی بۆی نووشتایەوە پاشان کابرا تێهەڵچووەو وتی: "لەلایەن بارۆن هۆزبێرگەوە هاتووم، بارۆن"، هیوجی قسەکەی پێ بڕیو وتی: "گەورەم تکاکارم کە جەنابت ئەوپەڕی پۆزشت و عوزرخوایی منی پێڕابگەیەنیت".

کابرای جێنتڵمان بە بزەیەکەوە وتی:

"بارۆن داوای لێکردووم کە ئەم نامەیەت بە دەست بگەیەنم". ئەوجا نامەیەکی دەرهێناو دایە دەستی. لە سەر زەرفەکە نوسرابوو: "دیارییەك بۆ زەماوەندی هیوجی ئەرسکین و لۆرا مێرتن، لەلایەن سوالکەرێکی پیرەمێردەوە". کاتێ هیوجی زەرفەکەی هەڵبچڕی تەماشای کرد چەکێکی دە هەزار پاوەندیی تێدایە. وەختێکیش زەماوەندیان گێڕا بارۆن لە ئاهەنگەکەدا وتارێکی پیرۆزبایی خوێندەوە.

# میشکا و چێشتی سمۆلینا

## چیرۆکێکی نیکۆلای نۆسۆڤە

جارێکیان کە ڕۆیشتینەوە بۆ ماڵە زنجەکەی لادێمان، میشکا هات بۆ سەردانمان تاوەکو لەوێ لەگەڵ مندا بمێنێتەوە. من ناتوانم ئەوەت بۆ باس بکەم تا چ ڕادەیەك خۆشحاڵ بووم! بەڕاستی زۆر زۆرم بیردەکرد، هەروەها دایەش ئەم هاتنەی ئەوی فرە پێخۆش بوو.

دایکم وتی: "شتێکی چاکت کرد کە هاتیتە لامان، هەردوکتان دەتوانن بەوپەڕی شادمانیەوە گەمەو یاری بکەن و کاتێکی خۆش بەسەربەرن. با پێتان بڵێم، دەمەوێ سبەینێ بەجێتانبێڵم و بچم بۆ شار. باشە ئێوە دەتوانن دوو ڕۆژ بەبێ من هەڵکەن؟".

منیش وتم:

– بێگومان هەڵدەکەین، خۆ ئێمە منداڵی ساوا نین!

– تەنیا هەرئەوەیە نانی نیوەڕۆ بۆخۆتان ئامادەبکەن، تۆ بڵێی بتوانن؟

میشکا هەڵیدایە و وتی:

– بەخوا پرسیارێکی سەیرە، تۆ بڕۆ هیچ خەمی ئێمەت نەبێ!

زۆر چاکە کەواتە شۆربا و هەندێك سمۆلینا لێبنێین، هەرچۆنێك بێت لێنانی سمۆلینا ئاسانە.
وتم:
– بەڵام میشکا، گریمان ئێمە نەمانتوانی دروستی بکەین. خۆ تۆ قەت لەمەوپێش لێت نەناوە، وانیە!
– هیچ خۆت مەشڵەژێنە! من تەماشای دەستی دایکمم کردووە کە چۆنی دروست دەکات. مەترسە لەبرسا نامری و تێروپڕی لێدەخۆی. دەبینی سمۆلینایەکی وا بەتام و لەزەت لێبنێم کە بنی مەنجەڵەکەشی پێوە بلێسیتەوە.
بۆ سبەینێ بەیانی دایکم پێش ئەوەی بڕوات بەشی دوو ڕۆژ نانی بۆ داناین لەگەڵ هەندێ مرەبای بەلەزەتدا تاوەکو لەگەڵ چاکەماندا بیخۆین. هەروەها شوێنی ئەو زەخیرەو شمەکانەی پێوتین کە تیایدا دانرابوون و چۆنیەتی ئامادەکردنی شۆربا و سمۆلیناشی بۆ ڕوون کردینەوە. ئێمە گوێمان بۆ تەواوی ئەو ئامۆژگاریانە ڕایەڵ کرد، بەڵام دواجار من هیچم لەیاد نەماو لە دڵی خۆمدا دەمگوت بۆچی خۆم سەغڵەت بکەم خۆ میشکا دەزانێ دروستی بکات، ئەی وانیە؟
پاشان دایکم لێیدا ڕۆیشت بۆ شار، من و میشکاش بڕیارمان دابچین بۆ ڕاوە ماسی لە گوێی ڕووبارەکە. ئەوجا کەرەستە و تفاقی خۆمان سازداو هەندێ کرممان لە زەوی دەرهێنا. بەڵام من وتم:
– ئا تۆ کەمێك ڕاوەستە، باشە کێ چێشتی نیوەڕۆمان بۆ لێنێ ئەگەر خۆمان بچین بۆ ڕاوەماسی؟
میشکا وتی باشە بۆچی چێشت لێبنێین! شتێکی ئەوەندە گرنگ نیە، نیوەڕۆ گشت نانەکە دەخۆین، پاشانیش سمۆلیناکە بۆ شێوی ئێوارەمان ئامادە دەکەین، سمۆلینا پێویستی بەنان وپێخۆر نیە.
ئەوجا نانەکەمان هێناو مرەباکەمان خستە سەری و بۆی دەرچووین بۆ ڕووبارەکە. لەپێشدا دەستمان کرد بە مەلە کردن ئەمجار هاتینە دەرەوەو لەسەر لمەکە پاڵکەوتین و خۆمان دایە خۆرەتاو، پاش ئەوەش شانمان لە نان و مرەباکە توند کرد و هەمووومان خوارد. دوای ئەوە دەستمان بە ڕاوەماسی کرد. ماسیەکان خۆیان بە دەستەوە نەدەدا و ئەوەی کە بۆمان کرا بیگرین تەنیا دە دانەی بچووك بوون. بەمجۆرە ڕۆژێکی تەواومان لەوێ بردە سەرو دەمەو ئێوارە بە برسێتییەکی هێجگار زۆرەوە گەڕاینەوە بۆ ماڵ !
وتم:
– چاکە، میشکا تۆ شارەزاو پسپۆڕی، ئێستا چی لێبنێین؟ من تەنیا ئەوەم دەوێ خێرا شتێك ئامادە بکەین، چونکە لاکەی دڵم دێت لەبرسانا.
میشکا وتی:
– با سمۆلینا لێبنێین، چونکە لە هەموو شتێك ئاسانترە.
– ئێ باشە با سمۆلینا بێت.
– ئەوجا هەڵساین کوانوومان ڕێکخست و ئاگرمان کردەوەو میشکا هەندێ سمۆلینای کردە مەنجەڵەکەوە.
– زۆری تێکە میشکا، خەریکە لەبرساندا دەمرم.
میشکاش پیرە مەنجەڵی پڕکرد لە سمۆليناو ئەوجا هەندێ ئاوی تێکرد. لێم پرسی:
– خۆ ئاوی زۆرت تێنەکردووە؟ ئاگات لێبێت چونکە هەمووی دەڕژێ بە قەراخ و بیجاخیدا.
– زۆر ڕاستە دایکم هەمیشە وا دەکات، تۆ چاوت لە ئاگرەکەوە بێت منیش خەریکی لێنانی دەبم. هیچ خۆت شپرزەو نیگەران مەکە.
بەمجۆرە من ڕۆیشتمە لای ئاگرەکەوەو پەیتا پەیتا دارو چیلکەم دەخستە سەری، لەولاشەوە میشکا سمۆلیناکەی دەکولاند. ڕاستیەکەی ئەو هیچی نەدەکرد تەنیا ئەوە نەبێ کە بە لای مەنجەڵەکەوە دانیشتبوو.

ئەوەندەی پێنەچوو تاریك داهات و ئێمەش چراکەمان داگیرساندو بەدیار سمۆلیناکەوە دانیشتین تاوەکو بکوڵێ. لەپڕ تەماشام کرد سەرقاپی مەنجەڵەکە بەرزبۆوەو هەندێ شتی لەژێر هاتە دەرەوەو پرسیم:

– میشکا، ئەوە چیە؟ ئەوە بۆچی سمۆلیناکە ڕادەکاتە دەرەوە؟

– بەڕاست ئەوە بۆ کوێ دەچێ؟!

– خوا خۆی دەزانێ بۆ کوێ دەچێ، بەڵام خۆ لەمەنجەڵەکە دێتە دەرەوە!

میشکا پەلاماری کەوچکێکی داو کەوتە گێڕانەوەی سمۆلیناکە بۆ نێو مەنجەڵەکە. ئەو هەر تێیدەئاخنیو دەیپەستاندەوە لە نێو مەنجەڵەکەدا، بەڵام پیرە سمۆلینا پەیتا پەیتا هەر هەڵدەئاوسا لە مەنجەڵەکە بەرزدەبۆوەو بە لێوارەکانیدا دەڕژا.

میشکا وتی:

– من تێناگەم، چۆن ئەم فێڵەی دۆزیوەتەوە وا سەردەکەوێتە سەرەوە. لەوانەیە بە تەواوی کوڵابێت!

منیش کەوچکێکم هەلگرت و کەوتمە هەوڵدان لەگەڵیدا، بەڵام بێسوود بوو وتم:

– میشکا ئەوە ئاوەکە بۆ کوێ چووە؟ خۆ وشك و برینگە.

میشکا لە وەڵامدا وتی:

– من چوزانم، خۆ من ئاوی زۆرم تێوەردا. ڕەنگە مەنجەڵەکە کونی تێدا بێت.

ئەوجا بەچاکی تەماشای چواردەورو بنی مەنجەڵەکەمان کرد، بەڵام هیچ کونێك لە ئارادا نەبوو.

میشکا وتی:

– ڕێی تێدەچێت بووبێت بە هەڵم و ڕۆیشتبێت، دەبێ دیسان ئاوی تری تێبکەینەوە.

ئەمجار هەندێ سمۆلینای لە مەنجەڵەکە دەرهێناو کردیە قاپێکەوە تاوەکو ڕێگا بۆ ئاوەکە بکاتەوەو دووبارە خستمانەوە سەر کوانووەکە بۆ ئەوەی زیاتر بکوڵێ. ئاگرەکەمان لە ژێریدا جۆشداو کوڵاندمان کوڵاندمان و لە پڕ تەماشامان کرد دیسانەوە سمۆلیناکە هەڵچوو ڕژا بە لێواری مەنجەڵەکەدا.

میشکا وتی:

– هەی بۆگەنی بەدفەڕ ئەوە تۆ بۆ کوێ دەچیت؟.

ئەوجا هەڵمەتی دایە کەوچکێك و هەندێ سمۆلینای پێدەرهێنا دەرەوەو کردیە قاپێکەوەو گۆزەیەکی دیکە ئاوی تێوەردایەوە.

– تەماشاکە تۆ دەزانی زۆر زۆرمان ئاو تێکردووە، بەڵام دەبێ هەندێکی دیکەشی ئاو تێوەردەین.

بەمجۆرە درێژەمان بە کوڵاندنی سمۆلینا داو هەرگیز باوەڕمان نەدەکرد جارێکی دیکە هەڵبچێتەوە، بەڵام ئەمجارەشیان لە جاران خراپتر هەڵچوو.وتم:

– ڕەنگە تۆ سمۆلینای زۆرت تێکردبێت، ئەوەتا هەڵدەئاوسێت و لە مەنجەڵەکەدا جێگەی نابێتەوە.

میشکا لە وەڵامدا وتی:

– بەڵێ ڕاستە، بەڵام وابزانم زۆرم زیاد تێنەکردووە. بێقەزابیت هەمووی خەتای تۆ بوو ئەوەندەت وت زۆری تێکە برسیمە!

– ئەی من دەزانم چەندی تێدەکرێ؟ تۆ خۆت وتت من دەزانم چۆن چۆنی لێدەنرێ!

– چاکە وا من لێمناوە، بەس تەنیا تۆ خۆتی تێهەڵمەقورتێنە.

– ئمم، کە تۆ وا هەست دەکەی ئەوە من لاچووم.

بەمجۆرە من چوومە ئەولاوەو میشکاش سەرقاڵی کولاندن بوو، یان ڕاستتر بڵێین خەریکی کولاندن نەبوو بەڵکو هەرئەوە بوو کە پەیتا پەیتا سمۆلینای زیادەی دەردەهێناو دەیکردە قاپ و دەورییەکانەوە کە بە هەموو لایەکی مێزەکەدا پەرت و بڵاوبووبوونەوەو دەتوت چێشتخانەیە. هەموو جارێکیش میشکا چەندی دەردەهێنا ئەوەندەی ئاو لە مەنجەڵەکە وەردەدا.

نەمتوانی لەوە زیاتر خۆم ڕاگرم و وتم:

– تۆ دەبێ هەڵەیەکت کردبێت. کار وا بڕوا دەبێ ئەمشەو تا بەیانی خەریکی کولاندن بین!

– ئەی تۆ نازانی لە باشترین چێشتخانەدا هەمیشە بە شەو چێشت لێدەنێن و بەمجۆرە بە چاکی و بە ڕێکوپێکی ئامادە دەبێت بۆ ڕۆژی ئایندە.

– ئەمە لە چێشتخانەدا وایە، ئەوان هیچ پەلەیان نیەو شتی زۆریان لەبەردەستدایە بیخۆن.

– ئەی ئێمە پەلەمان چیە؟

– ئێمە دەبێ شێوی ئێوارەمان بکەین و بخەوین، تەماشاکە وا خەریکە نیوەشەو دادێت!.

– ئێ چاکە دەتوانین ڕاکشێین.

پاشان میشکا گۆزەیەکی دیکە ئاوی کردە مەنجەڵەکەوە. لەناکاو بۆم دەرکەوت مەسەلە چیە. وتم:

– دەزانی مەسەلە چیە؟ هەموو ئەم ماوەیە تۆ ئاوی ساردت تێکردووە ئیدی چۆن دەکولێ؟

– ئەوە تۆ دەڵێی چی، ئەی چۆن بە بێ ئاو دەکولێ؟

– با نیوەی سمۆلیناکە لە مەنجەڵەکە دەربێنین و ئەمجارە یەکسەر پڕی بکەین لە ئاو و لێگەڕێین با بۆخۆی بکولێت.

ئەوجا هەڵسام مەنجەڵەکەم لە میشکا وەرگرت و نیوەی سمۆلیناکەم ڕۆکردو وتم:

– ئادەی ئێستا پڕی بکە لە ئاو.

میشکا گۆزەکەی هەڵگرت و چوو بۆلای دۆلکەکەوە تاوەکو هەندێ ئاو بێنێ. لەوێدا بە سەرسوڕمانەوە وتی:

– خۆ هیچ ئاو نەماوە، هەموومان کار کردووە.

منیش وتم:

– باشە ئێستا چی بکەین؟ دەرەوە تاریك و نووتەکە، چۆن بڕۆین بۆ ئاو، هەرگیز بیرەکە نادۆزینەوە.

میشکا هەڵیدایە وتی:

– قسەی هیچ و پووچ مەکە. ئێستا من دەڕۆم و چارەسەرێك دەدۆزمەوە.

پاشان شقارتەکەی هەڵگرت و پەتێکی بەستە دۆلکەکەوەو دەرچووە دەرەوە بۆلای بیرەکەو کەمێکی پێچوو گەڕایەوە.

لێم پرسی:

– کوا ئاوەکە؟

– ئاوەکە لەوێیە، لەبیرەکەدایە.

– من دەزانم ئاو لە بیرەکەدایە من دەڵێم دۆلکەی ئاوەکە لە کوێیە؟

وتی:

– دۆلکەی ئاوەکەش لە بیرەکەدایە.

– ئەمە تۆ چی دەڵێی، لە بیرەکەدایە؟!

– بەڵێ لە بیرەکەدایە.

– تۆ خستتە ناویەوە؟

– بەڵێ.

– هەی دەستت بشکێ، خاوو خلیچك! تۆ دەتەوێ چیمان پێ بکەی، دەتەوێ لەبرسانا بمانکوژی. باشە ئێستا ئێمە ئاو بە چی هەلگۆزین؟

ناچارچووم کترییەکم هێناو وتم:

– ئادەی پەتەکەم بدەرێ.

– پەتم لا نیە.

– ئەی لە کوێیە؟

– لەوێیە.

– ئەوێ لە کوێیە؟

– ب....بیرەکە، لە بیرەکەدایە.

– کەواتە تۆ پەتەکەت لەگەڵ دۆلکەکەدا تێخستووە؟.

– ب...بەڵێ.

– پاشان دەستمان کرد بە گەڕان بەدوای پەتێکی دیکەداو لە هیچ شوێنێك پەت بە دەست نەکەوت.

میشکا وتی:

– قەیناکە، من دەڕۆم پەتێك لە دراوسێکەمان دەخوازم.

وتم:

– دیارە تۆ شێتی، سەیری کاتژمێرکە هاوسێکان دەمێکە خەوتوون.

لە دواییدا هەردوکمان کەوتینە داوی تینوێتییەوە. ئەوەندەمان تینوو بوو ڕۆبلێکمان دەدا بە گۆزەیەك ئاو ئەگەر دەستکەوتایە.

میشکا وتی:

– هەمیشە ئاوهایە، کە ئاو دەست نەکەوێ هەست بە تینوێتییەکی زۆر دەکەی. هەر لەبەر ئەمەشە کە خەڵکی بەردەوام حەز لە ئاو خواردنەوە دەکەن کاتێ کە لە بیاباندا بن، چونکە لەوێدا بەهیچ جۆرێك ئاو نیە.

– بەس پەندو دەرز دابدە، برۆ بە دوای پەتێکدا بگەڕێ.

– جا من پەت لە کوێ بێنم؟ گشت شوێنێکم پشکنی دەستم نەکەوت. ئەها زانیم، با تاڵە داوی ڕاوەماسیەکە لە کترییەکە ببەستین.

– باشە ئەو تاڵە داوە ڕاگیری دەکات؟

– بۆچی لەوانەیە ڕاگیری بکات.

– باشە گریمان ڕاگیری نەکرد؟

– ئێ ئەوە دەزانم بەبێ ئەوەی تۆ پێم بڵێی.

پاشان هەڵسایین تاڵە داوی ڕاوەماسیەکەمان کردەوەو لە دەسکی کترییەکەمان بەست و ڕۆیشتین بۆلای بیرەکە. من کترییەکەم شۆڕکردەوەو پڕبوو لە ئاو. تاڵە داوەکە وەکو ژێی کەمانچە توند بوو دەتوت ها ئێستا ها تۆزێکی دیکە دەبچڕێت.

ئەوجا وردە وردە لەسەرخۆ دەستم کردە هەڵکێشانێو بەتەواوی لە ئاوەکە هێنامە دەرەوەو لەناکاو شڵپەی ئاوەکە هات و کتری دیار نەماو ونبوو.

میشکا وتی:

- ئەوە چی بوو نەهاتە سەرەوە؟

وتم:

- بێگومان نەگەیشتە سەرەوە، باشە ئێستا چۆن ئاومان دەست کەوێ؟

میشکا پێشنیاری کردو وتی:

- با بە سەماوەرەکە ئاو هەڵگۆزین.

- نەخێر بەم شێوەیە دەبێ ڕێك و ڕاست سەماوەرەکە فڕێدەینە ناو بیرەکەوەو بەمەش کاتی خۆمان بەفیڕۆ دەدەین. ئاخر پەتیشمان نیە، دەزانی؟

- باشە با بە مەنجەڵەکە هەڵیگۆزین.

- برام، ئەمەماڵۆچکەی هاوینەمانە خۆ دوکانی مەنجەڵ نیە.

- ئەی کەواتە با گۆزەکە تاقی بکەینەوە.

ئەوجا گۆزەڵەکەمان هێناو تاڵە داومان لە ملەکەیەوە بەست و بەمجۆرە گۆزەڵەیەك ئاومان هەڵگۆست و بەوپەڕی پەرۆشیو تام و کامەوە خواردمانەوە. میشکا وتی:

- هەمیشە ئاوهایە. کاتێ تینووت بێ وا بیردەکەیتەوە کە دەریایەکی تەواو دەخۆیتەوە، بەڵام کە دەست دەکەی بە ئاوخواردنەوە پەرداخێك تێرت دەکات. خەڵکی بە سروشتی خۆیان چاوچنۆکن.

- لەبری ئەوەی قسەی خراپ بە خەڵك بڵێی باشتر وایە بچیت مەنجەڵی سمۆلیناکە بێنی بۆ ئێرە، بەمجۆرە دەتوانین ڕاستەوخۆ ئاوەکەی تێبکەین و بیست جار بە گۆزەکەوە ڕانەکەینە ژوورەوە.

میشکا مەنجەڵەکەی هێناو لە لێواری بیرەکەدا داینا. من سەرنجم نەدا، قۆڵێکم لێداو خەریکبوو بیخەمە نێو بیرەکەوە. بە میشکام وت:

- هەی جاشوولکەی بێ ئەقڵ! ئەوە بۆچی مەنجەڵەکەت ڕاستەوخۆ لە ژێر ئانیشکی مندا داناوە؟ هەڵیگرەو سەرقاپەکەی بنێرەوەو لە لێواری بیرەکە لایبە، خەریکبوو سمۆلیناکە بڕژێتە ناو بیرەکەوە.

پاشان گەڕاینەوە بۆ ژوورەوە. سمۆلیناکەمان سارد بووبۆوە و ئاگری ناو کوانووەکە کوژابوەوە. سەرلەنوێ دەستمان کرد بە داگیرساندنەوەی ئاگرەکە و جارێکی تر کەوتینەوە کوڵاندنی سمۆلیناکە. لە دواییدا هاتە کوڵو خەست بۆوەو کەوتە قوڵپە قوڵپ و کەف کردن.

میشکا وتی:

- ئەهای چ سمۆلینایەکە، بەڕاستی چاکە!

منیش پڕ کەوچکێکم لێدەرهێناو تامم کرد:

- ئوفف! بەمە دەڵێی سمۆلینا ! خۆ تاڵە، هیچ خوێی تێدا نیەو بووە بە شتێکی بۆگەن و پیس.

میشکا ویستی تاقی بکاتەوە بەڵام دەسبەجێ تفاندیەوەو وتی:

- نە، نە، بیشمرم ئەمە ناخۆم.

منیش وتم:

- ئەگەر تۆ ئەمەت خوارد وایدادەنێم کە مردووی.

- ئەی باشە ئێستا چی بکەین؟

- چووزانم.

لەناکاو میشکا وتی:

- ئای کە ئێمە گەوج و نەفامین ! ماسیمان هەیە ماسی !

وتم:

- وەختمان نیە ئێستا خۆمان بە ماسییەوە خەریك بکەین، وا ڕۆژ دەبێتەوە.
- ئاخر ئێمە خۆ نایانکولێنین، سووریان دەکەینەوە لە ڕۆندا. ئەمەش بە خێرایی دەکرێ و هیچ وەخت ناگرێ.

وتم:

- زۆر چاکە ئەگەر دەستوبردی لێبکەین. بەڵام ئەگەر وەکو سمۆلیناکەی لێبەسەر بێت، چاکتر وایە هەر دەستی بۆ نەبەین.
- دەقیقەیەك ئارام بگرەو بە چاوی خۆت دەیبینی.

ئەوجا میشکا هەڵسا ماسیەکانی پاك کردو خستنیە تاوەکەوە. تاوەکو داخ بوو ماسیەکانی پێوەلکان. میشکا بە چەقۆیەك کەوتە کڕاندنیان و لە تاوەکەی دەرکردن و پاش ئەوەی پێست و گۆشتێکی زۆری پێوە بەجێهێشت.

وتم:

- دەك ئافەرین ! چۆن ماسی بەبێ ڕۆن سور دەکرێتەوە؟

ئەوجا میشکا شووشەیەك ڕۆنی گوڵەبەڕۆژەی هێنا و کردیە تاوەکەوە، پاشان تاوەی لە سەر ئاگر ڕاگرت و ڕۆنەکە چزەی لێهەڵساو لەناکاو تاوەکە گڕی گرت و بڵێسەی ئاگری لێبەرز بووەوە. میشکا هەر ئەوەندەی پێکرا فڕاندیە دەرەوەو منیش ویستم ئاوی بەسەردا بکەم، بەڵام تەنیا یەك دڵۆپ ئاو لە ماڵەکەدا نەبوو. بەمجۆرە ڕۆنەکە هەر کڵپەی دەهات تاوەکو هەمووی سووتا. ژوورەکەش پڕبووبوو لە دوکەڵ و بۆکڕووز و ئەوەی لە ماسییەکان مابۆوە هەندێ تۆپەڵو پارچەی سووتاو بوون.

میشکا وتی:

- باشە ئێمە ئێستا چی بکەین چی سوورکەینەوە؟

وتم:

- نەخێر، هیچ شتێك مەکە، وادیارە زۆر دڵت خۆشە. تۆ هەر بەوەوە نەوەستای کە خواردنەکانت خەسار کرد. بەڵکو خەریك بوو ئاگرێکیش بخەیتەوەو خانووەکەش بە بۆنەی تۆوە بسووتێ. ئا ئەمە بوو کارو کردەوەکانت!.
- ئەی کەواتە چی بکەین؟ من زۆرم برسیە !

ناچار هەندێ سمۆلینای وشکمان لە پاکەتەکە دەرهێناو ویستمان بیخۆین بەڵام تامێکی زۆرناخۆشی هەبوو نەدەخورا. ئەمجار ویستمان پیازی کاڵ بخۆین ئەویش توون بوو نەدەخورا. هەوڵماندا کەرەی بێ نان بخۆین بەڵام قێزمان لێدەهاتەوە. پاشان کووپەی مرەباکەمان دۆزییەوەو کەوتینە لستنەوەی و دوای ئەوە چووینە ناو پێخەفەکانمانەوە بۆ ئەوەی بخەوین چونکە کات زۆر درەنگ بوو.

بۆ سبەینێ بەیانی بە برسێتییەکی هێجگار زۆرەوە لە خەو هەڵساین. میشکا دەسبەجێ توورەکەی سمۆلیناکەی دەرهێناو دیسان کەوتەوە لێنانی، منیش بەجارێ ترسم لێنیشت و وتم:

- برای چاك بە وازی لێبێنە ! من وا دەچم بۆلای پوورە ناتاشای دراوسێمان و داوای لێدەکەم کە هەندێ سمۆلینامان بۆ لێبنێت.

ئەوجا هەردوکمان بە جووتە چووین بۆلای پوورە ناتاشا و هەموو شتێکمان بۆ گێڕایەوەو بەڵێنمان دایە هەردوکمان باخەکەی بۆ بژار بکەین ئەگەر هات و یارمەتی داین لە لێنانی سمۆلیناکەدا.

پوورە ناتاشا زۆر بەزەیی پێماندا هاتەوە، شیری بۆ تێکردین و هەندێ حەڵوای کەلەرمی داینێ و داینایین بۆئەوەی بەرچایی بەیانی بکەین. ئێمە بە پەرۆشەوە پەلاماری خواردنەکەمان دا بەڕادەیەك کە ڤوڤکای کوڕی پوورە ناتاشا حەپەسابوو کە دەیبینی ئێمە وا ئەوەندە برسیمانە. پاش ئەوەی کە تێرمان خوارد، پەتێکمان لە پوورە ناتاشا خواست و چووین بۆ دەرهێنانی دۆلکەو کترییەکە لە بیرەکەدا. ماوەیەکی زۆر خۆمان پێوە خەریك کرد بەڵام بێسوود بوو، ئەگەر زیرەکی و بلیمەتیی میشکا نەبوایە کە ناڵە ئەسپێکی بەستە پەتەکەوە، هەرگیز نەماندەتوانی لە بیرەکە دەریان بێنین.

دواجار من و میشکا و ڤوڤکا ڕۆیشتین بۆ بژارکردنی باخەکە. بەدەم ئیشکردنەوە میشکا دەیوت:

– بژارکردن هیچ نیە، قورسییەکی ئەوتۆی تێدا نیە و زۆر ئاسانترە لە لێنانی سمۆلینا!.

---

⋆ **سمۆلینا:**خواردنێکە چەشنی نیشاستە و مەکەرۆنە لە گەنم دروست دەکرێ پاش لابردنی توێکەکەی.

**نیکۆلای نۆسۆڤ:** یەکێکە لە کەڵە نووسەرەکانی ڕووس لە بواری چیرۆکی منداڵاندا ساڵی 1908 لە کێیف لە دایکبووە. لە کتێبە بەناوبانگەکانی "سەرەڕۆییەکانی دۆنۆ و هاوەڵەکانی" و "ڤیتیا مالییێف لە قوتابخانە و لە ماڵدا" یە کە خەڵاتی دەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەتی جارانی لەسەر وەرگرتوون. تێکڕا 375 بەرهەمی چاپکراوی نیکۆلای نۆسۆڤ بڵاوکراوەتەوە و ئەمانەش وەرگێڕاونەتە سەر 68 زمان.

⋆⋆⋆⋆⋆⋆⋆⋆⋆⋆⋆⋆⋆⋆⋆